# هەژموونی هیلالی شیعی
# لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا

ئەنوەر حسێن (بازگر)

2015

# هەژموونی هیلالی شیعی
# لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا

ئەنوەر حسێن (بازگر)

2015

ناوی کتێب: هەژموونی هیلالی شیعی
لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا
نووسەر: ئەنوەر حسێن (بازگر)
بابەت: سیاسی
تایپ: لانە کاشان، نیاز کەمال
هەڵەچن و پێداچونەوە: ئارام مەحمود
دیزاین: ئاکام شەمسەدینی
تیراژ: 1000 دانە
نرخ: 3000 دینار
ساڵی چاپ: 2015

لە بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (1601) ی ساڵی 2015 ی پێدراوە

# پێشەکی

لە ماوەی چەند ساڵی ڕابوردوودا گۆڕانێکی زۆر بەسەر پێگەی ئێراندا هاتووە و بۆتە هۆی ئەوەی کە هەژموونی لەخۆرهەڵاتی ناوەراستدا روو لە زیاد بوون بکات. ئەم گۆرانـەش ئێرانی وەك وڵاتێکی زلهێز و پێشەنگی وڵاتە ئیسلامیەکان دەرخستووە. ئێران پێی وایە کە دەوڵەتێکی سەرەکییە لە ناوچەکەدا، بەو پێیەی کە خـاوەن پێگەیەکی ستراتیژی گرنگ و کەلتووریێکی دێرین و دانیشتوانێکی زۆری هەیە، سەرباری ئەوەی کە خاوەن توانایەکی ئابوری و سەربازی بەهێزە. هەوڵی ئێران بۆ هەژموون لە ناوچەکەدا تەنها پەیوەست نییە بە سەردەمی ئێستای کۆماری ئیسلامی ئێران، بەڵکو ئەو هەوڵە لە سەردەمی شاوە دەستی پێکردووە. رژێمـی ئێستای ئـێران پێی وایـە کە دروسـت کردنی ئێرانێکی بەهێز پێویستی بە دروست کردنی رژێمێکی ئیسلامی نوێیە و هەر لەو پێناوەشدا ڕژێمی ئێستای

ئێران بە پێچەوانەی سەردەمی شاوە ئیسلام بەگشتی و ئاینزای شیعە بە تایبەتی وەك ئامرازێك لەو پێناوەدا بە کار ئەهێنێت.
لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێران (1980-1988) کۆماری ئیسلامی ئێران ستراتیجیەتێکی نوێی گرتە بەر. لە دوای سەرکەوتنی شۆرشی ئیسلامییەوە، ئێران کاری لەسەر ناردنە دەرەوەی شۆرش و هاندانی وڵاتانی دیکە بۆ شۆرشی هاوشێوە دەکرد. ئەوەی کە گۆڕانی لەم ستراتیجیەتەدا دروست کرد کۆمەڵێك هۆکار بوون لەوانە، روونەدانی ئەو شۆڕشانە، زیانی گیانی و ئابوری بە هۆی جەنگ، راگرتنی پلانەکانی پەرەپێدان و کەڵەکە بونی ئەزمونی پیاوانی ئایینی لە دەسەڵات و حوکم رانیدا. کۆی ئەم هۆکارانە پاڵی ئێرانەوە نا تا ستراتیجێکی دیکە بگرێتە بەر.
ژمارەی دانیشتوانی ئێران دەگاتە زیاتر لە حەفتا و چوار ملیۆن و پێگەی چوارەمی لەبەرهەم هێنانی نەوت لە سەر ئاستی جیهان دوای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و سعودیە و روسیا هەیە. ئێران خاوەن پێگەیەکی جیۆپۆلەتیکی و بایەخێکی زۆرە و دوای کۆتایی هاتنی شەری هەشت ساڵە توانی سوپایەکی بەهێز دروست بکات و پیشەسازی ئەتۆمی پەرە پێ بدات و ئەمەش کاریگەری لەسەر دیاری کردنی

چارەنووسی ئەفغانستان و عێراق و وڵاتانی دیکەی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەراست زیاتر کرد.
لە ئەفغانستان هاوکاری پێشکەشی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە ئامانجی خستنی رژێمەکەی تالیبان کرد، بۆ ئەوەی رۆڵی لەناو ئەو رژێمـەی دوای تالیبان لە ئەفغانستان دەسەڵات دەگرێتە دەست، هەبێت.
پەیوەندی لەگەڵ رێکخراوی حەماس دروست کرد و پشتیوانی دارایـی و مرۆیی و سەربازی حزب الله ی لوبنانی کرد و رۆڵێکی بەهێز و یەکلا کەرەوەی لە بەهێز کردنی بەرەی بەرگری لە دژی ئیسرائیل هەبوو.
لـە عـێراق بـە شێوەیەکی نـاراستـەوخـۆ هـاوکـاری خستنی رژێمی بەعسی کرد بەو ئومێدەی کە رۆڵی لە ئاراستەکردنی عێراق دوای پاشەکشێی هێزەکانی ئەمەریکا هەبێت.
لە لوبنان رۆڵی ئێران لە رێگەی هاوپەیمانێتی یەکەی لەگەڵ حزب الله دا دەردەکەوێت ، ئەلبەتە رونیشە کە حزب الله چەند رۆڵی هەیە لەناو لوبناندا. حزب الله لە لوبنان بە بێ پشتیوانی کردنی ئێران نەیدەتوانی دامـەزراوە کۆمەڵایەتی و تەندروست و فێرکاری و خێرخوازیەکانی دروست بکات و چەکدارەکانی بە چەکی پێشکەوتوو چەکدار بکات. ئەنجامدانی ئەو کارانەش بوو کە پێگەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی

بەخشی بە حزب اللە.
بـوون و دەسـت وەردانــە بـەردەوامـەکـانـی ئـێران لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەراست کارێکی کرد کە ئیدی ئەستەم بێت بە بێ لە بەرچاوگرتنی رۆڵی ئێران قسە لەسەر چارەنوسی وڵاتانی ناوچەکە بکرێت.
ئێران پێی وایە کە زیاد لە چەند پاساوێکی هەیە بۆ ئەوەی رۆڵی رێبەر ببینێت لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەراستدا. پاساوگەلێکی وەك مێژوویی، جوگرافی، مرۆیی، بیروباوەر و دواجار سیاسی. ئەم پاساوانەش دوای هەست کردنی ئێران بە هێزی خۆیی، پێگەی جیۆپۆلەتێکی و رۆڵی روو لە هەڵکشانی لە ناوچەی خۆرهەڵاتی نـاوەراسـت دا دێـت. رۆڵی دیـاری ئێران لە دوای سـاڵی 2003 ەوە دەر کـەوت، دوای ئەوەی عێراق لە هاوکێشەی سیاسی خۆرهەڵاتی ناوەراست کرایە درەوە، شایانی باسە عـێراق تا بەر لەو ساڵە بە بەهێزترین رکابەری ئێران لە ناوچەکەدا دادەنرا، بـەڵام لە دوای پرۆسەی ئازادییەوە عـێراق پێگە و توانای سەربازی خۆی لە دەست دا. لە ئێستادا دوو وڵات رکابەری سەرەکی ئێرانن لە ململانێی هەژمون لـە نـاوچـەی خـۆرهـەڵاتـی نـاوەراسـتـدا، یەکەمیان عەرەبستانی سعودی و ئەویتریان تورکیایە، ئێران سعودیەی لە زۆنگاوی یەمەندا زەمینگیر کـردووە و بۆ تورکیاش سوریای قوت کردۆتەوە. ئەوەش کە

هێز و پاڵپشتێکی گەورەیە بۆ ئـێران لە ململانێی هـەژمـوون لـە خـۆرهـەڵاتـی نـاوەڕاسـت دا، گـۆڕانـی هەڵوێستی ئەمەریکایە بەرامبەر ئـێران و گۆڕانی دیدێتی بەرامبەر ئێران لە وڵاتێك لە بەرەی خراپە بۆ وڵاتێکی هاوپەیمان لە ڕوبەڕوبونەوەی تیرۆر و بیری بنەماخوزای ڕێکخراوگەلێکی وەك قاعیدە و ئیخوان موسلمین و دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە داعش.
وەك کورد ئێمە زۆر پێویستمان بە دوبـارە پێناسە کـردنـەوەی ئـەو ڕۆڵـە هەیە کە ئـێران لە هەرێمی کوردستان دا دەیگێڕێت. ڕاستە ئێران -بە تایبەت لە ئێستادا - خاوەن پێگە و قورساییەکی تایبەتە لەسەر ئاستی جیهان و لە زۆر بۆنەشدا هاوکار و هاودەمی بـاشـوری کـوردسـتـان بـووە، بـەڵام لـەگـەڵ ئـەوەشـدا نابێت ئەوە لە یاد بکەین کە کورد بۆ ئێران بریتیە لە پردی پەڕینەوە بۆ ناو تورکیا و سوریا و عێراق و پرسەکەشی جێگەی نابێتەوە لەناو چوارچێوەی ئاسایشی نەتەوەیی ئێراندا. ڕەنگە بەلای زۆر کەسەوە گران بێت بەڵام ئێستا و زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە ئێران ئامادەیی دانوستانی هەیە و کورد دەتوانێت لێی بچێتە پێشەوە و بۆ جارێکیش بێت ئێران بکاتە پرد و بەکاری بهێنێت بۆ نزیك خستنەوەی لە هێنانە دی خەونی دێرینەی خۆی کە دروست کردنی دەوڵەتی کوردییە.

لە کۆتاییدا دەست خۆشی لە هاوڕێی خۆشەویستم کاك ئەنوەر حسێن دەکەم بۆ ئەم هەوڵە و بە هیوای ئـەوەی کـە ببێتە سـەرەتـایـەك بـۆ باشتر ناسینی ئـێران و گونجاندنی بەرژەوەندییەکانمان لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەو کۆمارە ئیسلامییەدا، ئەو وڵاتـەی کە لە ئایندەیەکی نزیکدا دەبێتە یەکەم زلهێزی ناوچەکە.

بەختیار ئەحمەد سالح

# "عێراقی ئینگلیزەکان سوننە بوو، بەڵام عێراقی ئەمەریکا شیعە دەبێت"

## کتێبی عێراقی ئەمەریکای حەسەن عەلەوی

چەمکی هیلالی شیعی، چەمکێکی سیاسییەو بەکارهێنانی بۆ یەکەمجار لەلایەن شای ئەردەن مەلیك عەبدوڵڵای دووەمەوە لە دیسەمبەری 2004 لە رۆژنامەی واشنتۆن پۆست لەمیانەی سەردانێکی بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەکارهاتووە.[1]
بەپێی هەندێك سەرچاوە، ئەم هیلالە لە ئەردەنەوە لە شێوەی هیلالێکدا درێژ دەبێتەوە تا کوێت، یان بە واتایەکی تر وڵاتانی ئێران، سوریا، بەحرەین، عێراق، یەمەن و لوبنان دەگرێتەوە.[2]
بەڵام بەپێی چەند سەرچاوەیەکی تر، شای ئەردەن لە چەمکی هیلالی شیعی زیاتر مەبەستی(ئێران، عێراق، سوریاو لوبنان) بووەو هۆشداری داوەتە وڵاتانی عەرەبی لە رۆڵ و هەژموون و هەیمەنەی ئێران لە

1– معروف یحیی، ویژگی های جغرافیایی قلمروهای شیعەنشین (هیلال شیعی) مطالعات انقلاب اسلامی،1392
http://fa.jaournals.sid.ir
2– http: ///bintjbeil.org

خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا.[1]
پـرۆژەی هیلالی شیعی، راستییەکەی، ئامانجەکانی ئێرانی ئاشکرا کرد لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا.[2]
ئەم مەترسییانە لێرەوە سەرچاوەی گرت، کە ئێران پەرەی بە سیاسەتەکانیدا، کەوتە پشتیوانی لە هێزە سیاسییە شیعەکانی ناوچەکە، لەبابەتی حزبوڵڵای شیعەی رادیکاڵ لە لوبنان بۆ پشتیوانی لە ئاریشەی فەڵەستین و دژایەتی ئیسرائیل، شیعەکانی عێراق کـە خـۆیـان لـە رەوتـــی ســـەدر، حـەشـدی شەعبی، بەدر، ئەنجومەنی باڵا، حزبوڵڵا... گروپەکانی تردا دەبینییەوە، هێزە شیعەکانی بەحرەین، راپەرینیان دژی بوونی بیانی لە بەحرەین، حوسیەکانی یەمەن، گروپەکانی سوریا.
ئێستا ئەو پرسیارانە سەرهەڵدەدەن:
- کاریگەری دیـاردەی سەرهەڵدانی شیعەگەرایی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بەکوێ دەگات؟
- چـارەنـووسـی هـێـزە شیعەکان لـەبـواری مرۆیی، ئایدۆلۆژی، سیاسی، بزوتنەوەیی، حکومیدا چییە؟
- رۆڵی ئێران، لە پەرەگرتنی هێزە شیعە گەراکان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا چییە؟

1 – غالب حسن الشابندر، الشیعة في الشرق الاوسط الی این؟
http://ejabat.google.com
2– سایتی البینه
http://www.albainah.net

- ململانێکانی نێوان دوو بلۆکی شیعی و سونی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بەکوێ دەگات؟
- هەژمون و هەیمەنەی هیلالی شیعی، مەترسییە لەسەر ناوچەکە؟
- ئێران خۆی بە مەرجەع و سەنتڕاڵی هێزە شیعەکانی جیهان دەزانێت و کار بۆ ئەمە دەکات؟
- ڕەوتی شیعە گەرایی لە ناوچەکە، چەندە مەترسییە، بەتایبەت بۆ سەر وڵاتانی سوننیگەرای عەرەبی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا؟
- جیۆپۆلەتیک و جیۆستراتیژی شیعە لەکوێوە بۆ کوێیە؟
- ڕۆڵی کۆماری ئیسلامی ئێران بەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لەدوای ساڵی 1979چی یە؟
- ڕووداوەکانی دەیەی ڕابوردوو، قەیرانە تازەکانی (عێراق، سوریا، یەمەن و عێراق) کاریگەریان چییە؟
- دوای پەرەسەندنی ڕووداوەکانی یەمەن لەلایەن حوسیەکان و گەردەلولی زەبر(خۆراگری) دەوڵەتانی عەرەبی و پاکستان، چی بەدوای خۆیدا دەهێنێت؟
- ڕێکەوتنی(ئێران، لەگەڵ گروپی 5+1) لەدوای 2015/4/2لە لۆزان، کاریگەری چی دەبێت لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان و هەژمونی هیلالی شیعی؟
ئێران، ئەو وڵاتەی ساڵی 1979 تاقە شۆڕشی ئایینی لە جیهانی نوێدا بەخۆوە بینی، ئەوە بوو ئایەتوڵڵا

خومەینی ململانێی ناسیۆنالیست و کۆمۆنیستەکانی تێپەڕاند و دەسەڵاتی گرتە دەست، ئەوە لەکاتێکدا کە سەرجەم داهاتی ناوخۆیی ئێران لە حەفتاکاندا، هێندەی سەرجەم داهاتی ئیسپانیا بوو، ئێران خۆی، بە ئەڵمانیای دەوڵەتی جیهانی یەکەم دەزانی.[1]
بێگومان لەرووی ئابووری، خۆشگوزەرانی، هەندێك لە ئازادییە کۆمەڵایەتییەکان و فەردییەکان، سەردەمی شای یەکەم و دووەم، ئێران دەورانێکی باشی تێپەڕاند، هەرچەندە ململانێی سیاسی توندی دەرەکی، ناوچەیی و ناوخۆییش بەرۆکی گرتبوو، بەڵام دیسان هەروەکو ئێستای ئێران، شتێك نەبوو بەناوی ئازادی سیاسی، راگەیاندن، حزب و میدیا.
بەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران ساڵی 1979 هێندەی نەبرد، ئێران تووشی شەڕێکی سەخت لەگەڵ رژێمی ئەوسای عێراق (1980 – 1988) بوو، کە زەرەرو زیانێکی گەورەی لە ئێران و ئابوورییەکەی دا، مەزەندە دەکرێت (300000) کەس لە سوپاکەی کوژرا بن، بەپێی هەندێك ئاماریش رێژەی کوژرانی هەردوولا گەیشتووەتە یەك ملیۆن سەرباز، ئەمە تەواو ئێرانی ئیسلامی تووشی پاشەکشە کردو تائێستاش

1– پاراگ خانا، جیهانی دووەم، دەسەڵات و دەسترۆیشتن لە سیستمی نوێی جیهاندا، وەرگێڕانی بۆ عەرەبی هەڵکەوت عەبدوڵڵا، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، 2014، ل331 و 332.

لەژێر کاریگەری ئەو شەڕەو ئاکامەکانیدا دەناڵێنێت. سەرچاوە عەرەبییەکان باس لەوە دەکەن، لەپێش سەرهەڵدان و دەرکەوتنی تیۆری پێکدادانی شارستانیەتەکانی ساموئیل هانتنگتۆن لە ساڵی 1993 دا، لەژێر کاریگەری شکستی یەکێتی سۆڤیەت لە ساڵی 1991 و بوونی ئەمەریکا بە هێزی یەکەم لەجیهاندا، دەرکەوتنی ئیسلامی سیاسی سوننی وەکو یەکێك لە ئەڵتەرناتیڤەکانی یان ئەڵتەرناتیڤی شیعەی ئێرانیزم، کە بە دوژمنی جیهانی عەرەبی و سەرمایەداری ئەمەریکا ناسرا بوو، ئالەوکاتەدا رابەری گشتی شۆرشی ئیسلامی ئێران، خومەینی، لە 14ی شوباتی 1989 فەتوای کوشتنی نووسەری بەریتانی بە رەگەز هیندی سەلمان روشدی راگەیاند، لە بەرامبەر رۆمانی ئایاتی شەیتانی، گوایە سوکایەتی بە قورئانی پیرۆز و محەمەدی پێغەمبەر کردووە. سەرەنجام ئەم رووداوە بووە هۆی دەنگدانەوەیەکی گەورە لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامی. لەمبارەیەوە بەشێك لە جیهانی عەرەبی، بروایان وایە کە سەرەرای راستی و هەڵەی فەتواکەی خومەینی، بەڵام رەهەندی سیاسی و ئایدۆلۆژی لەپشت دەرچونییەوە هەیە، پێشیانوایە خومەینی بێهێز بووە لەبواری سیاسی و سەربازی، چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوە، بۆیە بەم بریارەی دەیویست هەست و سۆزی موسوڵمانان بۆ خۆی رابکێشێت، پاش ئەو شکستە گەورەیەی توشی

هاتبوو له شەر لەگەڵ عێراقدا.
ئەم بۆچوونە دەڵێت: "فەتواکە هەر بەوەوە نەوەستا، بەڵکو بووە هۆی سەرهەڵدانی توندرەوی، بە سوتاندنی دەیان چاپخانە و دەرکردنی فەتوای سونی و شیعە دژی یەکتر".[1]
جگە لەوەی لە ناوخۆی سنوورەکانی و بەرفراوانتریش لەئاستی نێودەوڵەتی، وەکو رژێمی شا، کێشەکانی زۆرتر بوون و کەمتر نەبوون، بەڵام ئێران هەوڵدەدات قەیرانەکانی ناوخۆی بنێرێتە دەرەوە و لەمبارەیەوە کاری زۆری کردووە.
ئێران سەرەرای تازە هاتنە سەر کاری لە 1979 و شەری هەشت ساڵەی لەگەڵ عێراق و ململانێی لەگەڵ کوردەکان، ئازەریەکان، بەلوچەکان و عەرەبەکان، کێشە ئابووری و ئازادییەکان. بەڵام هەرگیز دەستبەرداری پێشەوایەتی ئیسلام یان لانی کەم پێشەوایەتی شیعە نەبوو، ئەگەر چی باس لەوە دەکرێت، کە خومەینی ئەوکات باوەری وابوو- ئەگەر چی خومەینی 1964 دوورخرایەوە-[2]، کە پێویستە نوێنەرایەتی هەموو

1- احمد دیاب، فتوي الخميني بمصدر دم مؤلف (ايات شيطانية) فبصرت الصراع بين الاسلام و الغرب (دعاة الارهاب و حرية الاستفزاز) المجلة، العدد 1604، فبراير (شوبات)، 2015، ل35-34-33

2- تريتا پاريس، ايا دوره نفرت ميان ايالات متحده و ايران سپرى شده ؟

http//:ir.mondediplo.com

جیهانی ئیسلامی بكات.
بەڵام دواتر بەهۆی تێگەیشتنی بەرفراوانی ئەم ئەركەو گرفتەكانی، روویكردە نوێنەرایەتیكردنی شیعەكانی هەموو جیهان، تا ئەم ساتەش كۆماری ئیسلامی ئێران، لەسەر ئەم فۆرم و میتۆدە دەروات و بەهۆگرییەوە شانی داوەتە بەر ئەم بەرپرسیارێتییە، ئەم بۆچوونەی خومەینی، تا رادەیەكی زۆریش سەركەوتوو بوو و سوپای پاسداران لە ناوچەكەدا هەر دژایەتی ویستی لیبرالیزمی خۆرئاوایی دەكات، بە هێشتنەوەی دەسەڵاتی ئایینی لە ژیانی گشتیداو لەرێگەی پشتگیریكردن و یارمەتیدانی ئیسلامی فەندەمێنتالیزمەوە لە فەلەستینەوە تاوەكو پاكستان.[1]
ئێران، وردە وردە رۆڵ و كاریگەرییەكانی لە خۆرهەڵاتی ناوەراست تا دێت زۆرتر و زیاتر دەردەكەوێت هاوشێوەی چین، پەلوپۆی زیاتر دەهاوێت، بەڵام ئەمەی ئێران رووی سیاسی و مەزهەبی هەیە، هەرچی ئەوەی چین زۆرتر دیو و رەهەندی ئابوری لەخۆدەگرێت.
رووداوەكانی بەهاری عەرەبی، یان دەرهاویشتە و قڵپبوونەوەی ئامانجەكانی، دەركەوتنی دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق و شام (داعش) دوو رووداو بوون، تا دێت رۆڵی ئێران و دەخالەت و پەلوپۆ هاویشتنی

1- پاراگ خانا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل334 .

زیاتر نیشاندەدات.
ئەگەرچی پێشتر وا چاوەڕواندەکرا کە خۆسوتاندنی محەمەد بوعەزیزی لە تونس و شکستی دەوڵەتە تۆتالیتارەکانی خۆرئاوای عەرەبی و میسر کۆتاییەکەی ئێران دەبێت، بەڵام ئەم سیناریۆیە لە سوریای دۆستی ئێران راوەستاو نەگەیشتە تاران، ئێران زۆربەی سیناریۆ چنراوە خۆڕسك و دەستکردەکانی بە قازانجی خۆی بردە پێش.
لاریجانی سەرۆکی شورای کۆماری ئیسلامی ئێران لە رۆژی سوپادا رێك ئەمە دەڵێت: «ئێران ئیمپراتۆریەتی بەدەستەوە نییە، بەڵام ئیتر بوەتە زلهێزێك و تەنانەت خۆرئاواش ناچارە دانیپێدابنێت و مامەڵەی لەگەڵدا بکات» حکومەتی ئیسرائیلیش، وەکو یەکێك لە بەرپرسەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش دەڵێت: «ئێستا خاوەنی پێنج پایتەختین»، کە دیارە مەبەستی پایتەختەکانی (تاران، بەغدا، دیمەشق، بەیروت، سەنعا)یە. [1]
بۆچوونەکانی لاریجانی لەچییەوە سەرچاوە دەگرێت؟
یەکەم: ئەمەریکا، پاش رووداوەکانی (1979)، بەردەوام پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران، شۆرشی خەڵکی ئێران و خومەینی خراپ بووە، بەڵام هیچ جارێك ئەم پەیوەندییانە بەنهێنی وەکو دەرکەوتنی

1– کەناڵی تەلەفزیۆنی BBC

دەوڵـەتـی ئیسلامی (داعــش) پـەیـوەنـدی ئـێران و ئەمەریکا بـاش نـەبـووە. بەتایبەت کە بـاس لەوە دەکرێت «ئەمەریکاو ئێران دەسەڵاتیان دابەشبکەن، پێدەچێت واشنتۆن بۆچوونی وابێت کە نەیاری ئەمەریکا سونی توندرەون نەك ئێران»[1] ، هەندێك رێکەوتنی نێوان ئـێران و گروپی 5+1 بەسەرەتای قۆناغێکی نوێ دەزانن لەنێوان ئێران و خۆرئاوا.

جیا لەوانە، سەرچاوە عەرەبییەکان باس لەوە دەکەن کە لە سەروبەندی هێرشەکانی سەر شارلی هیبدۆ لە فەرەنسا، ئێران لە یەکەمینی ئەو دەوڵەتانە بوو کە هێرشەکەی پرۆتستۆ کرد، لەسەر ناوی (مەرزیە ئەفغەم) وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران، دواتریش رایگەیاند «کە ئەمەریکاو ئـێران روبــەرووی یەك دوژمنی هاوبەش بوونەتەوە کە(قاعیدەو تالیبان و داعشە)».[2]

پـاش 2003، یەکەمجار بـوو فرۆکەکانی سوپای پاسداران بەشداری شەری داعش بکەن لە ئاسمانی عیراقدا، قاسم سولەیمانی لێپرسراوی سوپای قودس بەئاشکرا دەرکەوێت و لەگەل پێشمەرگەو شیعەکان وێنە بگرێت، هێزەکانی قودس و پاسداران، هێزی

1– سەردار عەزیز، ئێران و ئەمەریکا، رۆژنامەی ئاوێنە، ژمارە 460، سێشەممە 2015/1/6.

2– احمد دیاب، المجله، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

زەمینی شارەزاش بنێرن بۆ پشتیوانی لە پێشمەرگەو شیعەکان، محەمەد عەلی جەعفەری فەرماندەی گشتی سوپای پاسدارانی ئێران لە بەردەم ئەنجومەنی شارەزایانی رێبەری ئێران رایگەیاند: «فەرماندەکانی سوپای پاسداران لە عێراق و سوریا، وەکو راوێژکار رۆڵـی کارایان هەیە»[1]، تەنانەت مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ زەریفی وەزیری دەرەوەی ئێران لە سەردانەکەی بۆ هەولێر لە ئەیلولی 2014 دا کە هاوکات بوو لەگەڵ تێپەرینی (100) رۆژ بەسەر کابینەکەی عەبادی و سەردانی بۆ لای مام جەلال لە سلێمانی ئەوەی راگەیاند کە «ئێران یەکەم وڵات بووە چەکی داوەتە حکومەتی هەرێم و هاوکاری هێزی پێشمەرگەی کردووە».[2]

ئەگەرچی میدیاکان باسیان لەوە کـردووە کە ئێران لە سەرەتای رووداوەکانی شەنگال هێزی ناردووەتە مـەخمـورو ناوچەکانی هـەولـێر بۆ هـاوکـاری هێزی پێشمەرگە.

عەلی یونسی، راوێژکاری حەسەن رۆحانی سەرۆکی ئێران، سەبارەت بە عێراق رایگەیاندووە «ئێران ئەمرۆ ئیمپراتۆریەتە، هەر وەکو پێشوو، بە درێژایی مێژوو

1- سایتی میللـەت www.milletpress.com

2- قناه العربیه، کۆنگرەی رۆژنامەوانی بارزانی و زەریفی.

و پایتەختەکەشی ئێستا بەغدایە».[1]
ئـەم قسانەی یونسی والـێـکـدرایـەوە، ئـامـاژەیـە بۆ گەرانەوەی ئیمپراتۆریەتی ساسانی فارسی، کە لەپێش ئیسڵامدا عێراقیان داگیرکرد بوو.
بەڵام عەرەبستانی سعودیە، نیگەرانی لە قسەکانی یونسی دەربـری، کە لە مونتەدایەکدا لەژێر ناوی (ناسنامەی ئێراڵن) لە تاران، بەپێی هەواڵەکانی (ئیسنا) رایگەیاندبوو.
لە سیمیناریکدا کە کۆلێژی ئابوری و لێکۆڵینەوەی سیاسی، سەر بە زانکۆی لەندەن سازیکردبوو، (ریچارد شۆڤیلد) پسپۆری جوگرافی و سیاسی لە رۆژهەڵاتی ناوەراست بەوردی باسی لە سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی ناوچەکە کردووە، کە سەد ساڵ لەمەوبەر بەگوێرەی رێککەوتننامەی (سایکس بیکۆ) دابەشکرا.
لەبارەی عێراقەوە شۆفیلد وتی: «عـیراق پێگەیەکی جوگرافی سیاسی گرنگی هەیە، هەر لەبەر ئەوەشە ئەمەریکا (2003) هاتە عێراقەوە، بەڵام ئەمرۆ ئێران بەوپەری هێزەوە هاتوەتە عێراقەوەو نەخشەکە لە بەرژەوەندی ئێران گۆراوە».
لەلایەکی ترەوە بەپێی ئەو نەخشە تازەیەی رۆژنامەی (نیویۆرك تایمز) لەبارەی رۆژهەڵاتی ناوەراستەوە بڵاویکردۆتەوە هاتووە، «عێراق بۆ سێ هەرێمی(کورد،

---

1- سایتی ئەلعەرەبیە نێت

سوننەوشیعە) و سـوریـاش بـۆ (عـەلـەوی، كـوردو سوننە) دابەشدەكرێت، ئەمەش مانای وایە ئەمجارە عێراق لەسەر بنەمای ئیتنیكی، ئایینی و مەزهەبی دابەشدەكرێت».

ئێران لەدوای هاتنی داعش، زۆربەی قسەوبیروبۆچوونەكانی خۆی بەئاشكرادەربری، ئاژانسی ئیرنای ئێرانی لەسەرزاری سەید حەسەن فەیرۆز ئابادی سەرۆكی ئەركانی هێزی چەكدارەكانی ئێران ڕایگەیاند: «ئێمە لە عێراقدا بەدوای هیچدا ناگەڕێین، بەڵكو سەروەری عێراق بە سەروەری خۆمان دەزانین».

لەلایەكی ترەوە ڕۆژی 2015-3-17 دەزگای هەواڵگری ئەمەریكا، ئێران وحزبوڵڵای لە لیستی تیرۆر دەركرد [1]، هەروەهارۆژنامەی (thetimeofisrael) ی ئیسرائیلی لەسەرزاری جەیمس كەلابربەڕێوەبەری دەزگاكەڕایگەیاند، "ئەمەریكا، ئێرانی لە لیستی تیرۆر دەركردوە، چونكە شەڕی دژی داعش ئەنجامدا".

ئەم پەیوەندییە نهێنییانەی ئەمەریكا، ئەگەرچی تازە نییەو دووبارەیە، چ لە ڕووداوەكانی ئەفغانستان و ڕزگاركردنی لەدەست تالیبان بەهاوكاری ئێران، پاكستان لە (1997-1998)، چ لە ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی (2003)، كە ئەوكات ئەمەریكییەكان داوای گرەنتیان لە تاران كردبوو، كە هاوكار دەبێت،

1– سایتی نیوز عربیه

نەك دژ، بۆ ئەو پرۆسەیەو پاش چەندین دانیشتنی یەكێك لە سەركردە كوردەكانی عیراق لەگەڵ كاربەدەستانی تاران، رازی بوون كە دژ نەبن، هاوكار بن و دواجار هەرواشیان كرد.

كاتێك سەركردە كوردەكە ئەو گومانە لای ئێرانییەكان دەرەوێنێتەوە كە "ئەمەریكا مەترسی نییە لەسەر ئێران، رووخانی رژێمی بەعسی عیراقیش لە قازانجی ئێران و دۆستە كوردو شیعەكانیەتی"، سەركردە كوردەكە ئەوە بە ئێرانییەكان دەڵێت كە "ئایا ئێوە لە ئەفغانستان زەرەرتان كرد كە دۆستە شیعەكانتان بەشدار بوون لە روخانی تالیبان؟" ئێرانییەكان دەڵێن "بێگومان قازانجمان كردووە"، سەركردە كوردەكە دەڵێت "كەواتە لە عیراق دوو جار قازانج دەكەن، كە دۆستە شیعەكانتان و كوردەكانیش دەبنە بەشێك لەو دەسەڵاتە تازەیەی عیراق و ئەمەش بۆ ئێران باشە". دواجار ئێرانییەكان بۆچوونەكانی سەركردە كوردەكەو ئەمەریكییەكان قبوڵدەكەن، كە ئەوكات سەركردە كوردەكە میانگیری نهێنی دەكرد لەنێوان تاران و واشنتۆن. لە كتێبی خەڵاتی بێگانەی (فوئاد عەجەمی) راوێژكاری ئەمەریكییەكان ساڵی (2003) دەربارەی عێراق دەڵێت: "ئەمەریكا عێراقی لەدەست سەدام حسێن رزگاركردو وەكو خەڵات پێشكەشی

**شیعەکانی کرد".[1]**

**دووەم: ئێران لە سەرەتای رووداوەکانی بەهاری عەرەبی توشی ترس و رارایی بوو، لە کۆتاییەکانی 2010 و لە سەرەتای 2011 کە بە خۆسوتاندنی محەمەد بوعەزیزی لە تونس و راکردنی زەین ئەلعابدین دەستیپێکرد. [2]**

**چونکە ئێران پێیوابوو، سیناریۆیەکی ئەمەریکی و خۆرئاواییە، بۆ رووخانی وڵاتە دیکتاتۆرو میلیتاریستەکانی ناوچەکەو خۆرهەڵاتی ناوەراست، کە پێیوابوو، ئێرانیش یەکێك دەبێت لەو وڵاتانە بۆیە رووداوەکان تارانی توشی شڵەژان کرد، بەتایبەتی کە ئەنکەرەی رەقیبی تاران زۆر خۆشحاڵ بوو بە رووداوەکانی بەهاری عەرەبی و ئەردۆگانی سەرۆك وەزیرانی ئەوکاتەی تورکیا، یەکەم کەس بوو چوە لیبیاو پشتیوانی خۆی لە ئیخوانەکانی تونس و میسر راگەیاند[3]، وردە وردە سەرهەڵدانی دەسەڵاتی ئیخوانەکانی میسرو تونس بەهاوکاری سعودیەو تورکیا تا دەهات ترس و نیگەرانی لای ئێرانییەکان زیاتر دەکرد.**

1– جەنگیز چاندار، شەمەندۆفێری میزۆپۆتامیا، وەرگێرانی لە تورکییەوە، زریان رۆژهەڵاتی، لە بڵاوکراوەکانی کوردستانی نوێ، 2015، ل 181

2– ئەنوەر حسێن، پرۆسترویکای بەهاری عەرەبی، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە، 2014

3– ئەنوەر حسێن، هەمان سەرچاوەی پێشوو

بەڵام هەر ئەوكات ئێران بڕیاریدا لەجیاتی ئەوەی وەكو قوربانی سەیری سیناریۆكان بكات، دەكرێت ببێتە كارەكتەرو بەشێك لە سیناریۆكان قڵپبكاتەوە.
ئێران وردە وردە هاتەوە سەر خۆی، لە فۆبیای رووخانی دەوڵەتەكەی دووركەوتەوە، هەوڵیدا رێگری لە دەخالەت و پاوانخوازی سعودیە، توركیاو وڵاتانی سونی بگرێت، هەربۆیە ئێران دەستیكرد بە جوڵاندن و خۆپیشاندانی شیعەكانی بەحرەین كە (65%) دانیشتوانی ئەو وڵاتە پێكدەهێنین، كە ژمارەیان نزیكەی 35 هەزار كەسە[1]، شیعەكانی بەحرەین، ئێران بە پشتیوانی خۆیان دەزانن، ئێرانیش هەمیشە بەحرەین وەكو پارێزگایەكی ئێرانی دەزانێت.
ئەو جوڵاندنەی شیعەكان، دواجار وڵاتانی ئەنجومەنی كەنداوی ناچار كرد، هێزە سەربازییەكانیان بجوڵێنن بۆ هاوكاری حكومەتی بەحرەین و چوونە ناو ئەو وڵاتەوەو سەركوتی خۆپیشاندارەكانیان كرد. لەمبارەیەوە «حكومەتی بەحرەین، سیاسەتەكانی ئێرانی بە سیاسەتێكی دوژمنكارانە وەسفكرد».[2]
تا دواجار ئەنجومەنی هاریكاری كەنداو، هەرجۆرە

1 فرانسوا توال، ژئوپولوتیك شیعه، ترجمه دكتر علیرضا قاسم اغا التهران، نشر امن (باهمكاری مركز مگالعات و تیحقیقات اندیشه سازان نور)، 1379.

2– البحرين تصف تدخلات ايران في شؤونها الداخلية بانة و امر غير مقبول، جريدة الحياة، http://alhayat.com/articles/6s839s0

دەستێوەردانێکی ئێرانی لە کاروباری بەحرەین رەتکردەوە، وەزارەتی دەرەوەی بەحرەین لە راگەیەندراوێکیدا دەستێوەردانی دوبارەی ئێرانی لە کاروباری ناوخۆی بەحرەین پرۆتستۆکردو رایگەیاند «قابیلی قبوڵکردن نییەو کارێکی نابەرپرسانەیە، لە چوارچێوەی پەیوەندی ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا».[1]
وڵاتانی کەنداو ئەوەیان نەشاردەوە کە جوڵاندنی شیعەکانی بەحرەین، ئێرانی لەپشتەوەیە، هەربۆیە دواجار ئەم ململانێیە بەحرەینەوە نەوەستا، سوریا بووە سەنترالی ئەو ململانێیەی ئێران و سعودیە، یان شیعەو سوننە، تا ئەم ساتەش بەردەوامی هەیە.
سێیەم: رۆڵی ئێران لە جوڵاندنی حوسیەکانی یەمەن، کە شیعەی زەیدین، هاوسۆزن لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێراندا، بەدوای شۆڕشی ئێران لە 1979 پەرەیگرت، ساڵی 2014 سیناریۆی جیاواز جیاواز لە ناوچەکەو بەتایبەتی لە یەمەن سەریانهەڵدا، وەکو شۆڕشی حوسیەکان، سەرلەنوێ ئێرانی ناوچەیی نێوان سعودیەو ئێران، ئەگەری شەری ناوخۆ و سەرهەڵدانی جیابوونەوەی باشوری یەمەن بۆ جارێکی تر، لەوانەش گرنگتر، کاتێك حوسیەکان دەستیان گرت بەسەر سەنعای پایتەختدا، هەستی بە مەترسی نزیك

1– حمزة المجيدي، اليمن فى 2015 صراعات اقليمية و مصير مجهول.
http: //noonpost/net/content

و راستەوخۆ کرد لەسەر ئەمنی قەومی، لە بەرامبەردا هاوکاری هێزە نەیارەکانی حوسیەکانی کرد کە عەبد رەبە مەنسوری سەرۆك کۆمار سەرۆکایەتی دەکرد، ئەمەش وەکو لوبنان دەکرێت سەیربکرێت.

بەڵام راکردنی مەنسور هادی لە سەنعاوە بۆ عەدەن، بەتەواوی رەوشەکەی ئاڵۆزتر کرد تا دواتریش حوسیەکان هەوڵی کودەتایەکیان لەدژی مەنسور دا لە عەدەن و سەرکەوتوو نەبوون.[1]

نیگەرانی سعودیە ئەوکات زیادی کرد، کە لەگەڵ کەوتنی سەنعا و دەستبەسەرداگرتنی گەروی بابولمەندەب کە دەتوانێت رۆژانە(3.5)ملیۆن بەرمیل نەوتی لێ بگوازێتەوە. لەپاڵ ئەوەشدا مەترسی ئەوە دەکرا کە ئێران دەست بەسەر گەروی هورمز و بابولمەندەب بەتەواوی بگرێت،کە بازاڕی گەرمی رۆژانەی وزە و ئابوری جیهانییە.[2]

جەمال بن عومەر، نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان رەشبینی خۆی لە بارەی یەمەن راگەیاند، چ لەبواری سیاسی، چ لەبواری ئابوری و گوزەرانی خەڵك.[3]

کە چەندینجار دەسەڵاتدارانی ئێران بە پشتیوانی حوسیەکان تاوانبار کرد لەبواری سەربازی و ماددی، تا

---

1–تلفزیون الحدث

2– حمزە المجیدی، هەمان سەرچاوە

3– تلفزیون BBC

دواجار ئێران چەندین ژێردەریایی و کەشتی سەربازی لە کەنارەکانی یەمەن لە کەنداوی عەدەن و دەریای سور جێگیر کرد، حوسیەکانی یەمەن کە تەنها باوەریان بە پێنج ئیمامی یەکەمە، لە ناوچە شاخاوییەکانی یەمەندا نیشتەجێن، مێژوویەکی پر لەپێکدا هەڵپژان و ململانێیان هەیە لەگەڵ سوننیەکانی یەمەن، لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا ناوچەی (دعسیر) دەوڵەمەند بە نەوت کەوتە ژێر دەسەڵاتی سعودیەو لەوکاتەوە شیعەکانی یەمەن لەگەڵ سعودیە کەوتنە شەرەوەو بوونی بەشێك لە شیعەکانی زەیدی لە باشوری رۆژئاوای سعودیە، هەر لەوکاتەوە سەرچاوە دەگرێت، تا ئەم ساتەش کە ململانێی توندو بەردەوام لەنێوان هەردوولا هەیە، شیعەکانی یەمەنیش لەپاش رووخانی حکومەتەکەی عەلی عەبدوڵڵا سالح، تا دێت دەسەڵاتی زۆرترو زیاتر دەگرنە دەست و خەریکە تەواوی دەسەڵاتەکانی لەلایەن حوسیەکانی دۆستی ئێرانەوە کۆنترۆڵ دەکرێت، کە مایەی نیگەرانی تەواوی سعودیەیە. خالد بن بەندەر سەرۆکی دەزگای هەواڵگری سعودیە رایگەیاند: «بێدەنگ نابین لە دەستێوەردانی ئێران لە کاروباری یەمەن».[1]

لەمبارەیەوە دکتۆر وەحید هەمزە هاشم، مامۆستای

1– دول الخليج: لن نقف مكتوفي الايراني امام التدخلات باليمن – وكالة الانباء ال سعودية. http:/21arabi.com/stary

زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی جەمیل سعود بۆچوونی وایە کە ململانێکانی ئێران، ستراتیژین لەگەڵ هەڵگیرساندنی شۆرشەکانی بەهاری عەرەبی و روونە کە تاران دەیەوێت هەژمونی فارسی بگێرێتەوە سەر وڵاتانی عەرەبی.[1]

بەتایبەت پێشرەوییەکانی ساڵی 2014 حوسیەکان بووە مایەی نیگەرانی سعودیەو درێژەی شەری سوریاو ململانێکان بلۆکی شیعی و سوننی بوون، تا کار گەیشتە ئەوەی لە ژانویەی 2015 دەستیان گرت بەسەر کۆشکی کۆماری لە سەنعای پایتەخت.

کە پێشتر عەبد رەبە مەنسور هادی لە سەردانەکەی 2014 بۆ ئەمەریکا رایگەیاندبوو: «ئێران پاڵپشتی لە حوسییەکانی یەمەن دەکات و چەندین تۆری ئێرانیان لە سەنعا دەستگیرکردووە»[2]. ئەگەرچی پاش دەرکەوتنی هادی لە سەنعاو دەستبەسەرداگرتنی ماڵەکەی، بەڵام دواجار لە 26ی شوباتی 2015 ئەنجومەنی ئاسایش، هادی بە سەرۆکی شەرعی یەمەن لەقەڵەمدا، بەڵام حوسیەکان پابەند نەبوون.[3]

بە واتایەکی تر، ئێرانییەکان لەکوێ فشاریان بخرێتە

---

1– محمود البدويا، همزة هاشم: مخططات ايران تستجلي في اليمن لاستعادة هيمنة الفرس http://www..elwatannews.com

2– العلاقات اليمنية – الايرانية – ويكيبيديا، الموسوعة الحرة http://ar.wikipedia.org/wiki/

3– انقلاب اليمن http:/ar.wikipedia.org

سەر لەلایەن سعودیە، تورکیاو وڵاتانی کەنداوی فارسی سوننیەوە، لە جێگەی تر کارتی فشاری خۆی دژی ئەو وڵاتانە بەکاردەهێنێت.
بۆ نموونە لەگەڵ ئیمارات، کارتی دوورگەکانی ئەبو موسا، تونبی گەورەو بچوك، لەگەڵ سعودیە، شیعە نشینەکانی سعودیەی سنوری یەمەن و جوڵانی حوسیەکان، لەگەڵ بەحرەین زۆرینەی شیعە نشینن، لەگەڵ تورکیاش هێزە کوردییە چالاکەکانی وەکو پارتی کرێکارانی کوردستان، لە ململانێی نێوان ئەو جەمسەرگەریانەشدا پشتیوانی هەموو نەیارەکانی ئەو وڵاتانەو بگرە خۆرئاواش دەکات، لە بابەتی هێزە کوردییەکانی سەر بە یەکێتی دیموکرات (پەیەدە) و (یەپەگە) یان حزبوڵڵاو هێزە شیعە عەلەویەکانی سوریای سەر بە ئەسەد، تا دەگاتە چین، روسیاو کۆریای نەیاری خۆرئاواش.[1]
واتا جوڵانی حوسیەکان لە رابوردوودا، گەورەبوونی کێشەکەیان لە دوا دوای حوکمی عەلی عەبدوڵڵا ساڵح و پاش رووخانیشی، رۆڵی ئەوان بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو گەشەیکرد، کە جگە لە دەستبەسەردا گرتنی سەنعای پایتەخت و شوێنە ستراتیژییەکان مەترسی گەورەی لەسەر عەرەبستانی سعودیە دروستکرد، تا دەهات رەوشی یەمەن سیناریۆی

1– العلاقات الیمنیه الایرانیه، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

جیاواز جیاوازی بەخۆیەوە دەبینی، کە لە سەرەتای 2014 یەمەن بووە مەیدانی ناوخۆ و دەرکەوتنی سعودیەو ئێران، دەرکەوتنی شەری ناوخۆو دەرکەوتنی خواستی سەرلەنوێ باشورییەکان بۆ سەربەخۆیی، ئەم ململانێیانە دوای دەستبەسەرداگرتنی سەنعا دەرکـەوت، کە سعودیە رایگەیاند: «ئەمە مەترسی راستەوخۆی لەسەر ئەمنی قەومی سعودیە هەیە» تەنانەت وا خوێندرایەوە، کە دووبـارەبـوونـەوەی سیناریۆکانی رابوردووی لوبنانە».

ئـەوەی کە زیاتر سعودیەی نیگەران کرد، ئەوکاتە بوو کە ئـێران لەسەر زاری عەلی ئەکبەر ویلایەتی راوێژکاری خامنەئی سەرکەوتنیان لە یەمەن دوای دەستبەسەرداگرتنی سەنعا راگـەیـانـد، دواتـریـش حوسیەکان دوانزە پارێزگایان خستە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان و نزیکبوونەوە لە گەروی بابولمەندەب، ئەمەش نیگەرانی لای سعودیە دروستکرد، کە ئێران دەستبگرێت بەسەر هەردوو گەرووی هورمز و بابولمەندەب.[1]

هیچ دوور نییە کە لە داهاتوودا حوسیەکان ببنە خاوەنی دەوڵەتی یەمەن و وەك لێکۆڵەرە خۆرئاواییەکانیش دەڵێن «رەنگە ئێران گەرووی (بابولمەندەب) لە یەمەن بخاتە ژێـر چنگی خۆیەوە». ئەگەرچی ئەنجومەنی ئاسایش لە فێبرایەری 2015 داوایکرد لە حوسییەکان،

---

1–حمزە المجیدی، هەمان سەرچاوەی پێشوو

کە هەموو هێزەکانیان لە دامـەزراوە دەوڵەتییەکان بکێشنەوە.
سـەرەڕای ئەوانە ئێران لەکاتێکدا لە کەناراوەکانی دەریای ناوەڕاستەوە، لەڕێگەی لوبنان و سوریاوە وەکو زلهێزێکی گەورەی دەریای ناوەراست دەبینرێت، بەمشێوەیە ئەو دوو پێگە جوگرافی و جیۆستراتیژیە رۆڵی ئێران لە ناوچەکە یەکجار گەورە دەکەن، کە مەترسی زۆری بۆ سەر عەرەبستانی سعودیە دەبێت، وەکو لێکۆڵەرە خۆرئاواییەکان دەڵێن «ئەگەر ئێران لەسەر ئـەم سیاسەتانەی بــەردەوام بێت، رەنگە ئیتر هــەردوو تەنگەی (هورمز و بابولمەندەب)[1] بخاتە ژێـر دەسـەڵات و چاودێری خۆیەوە». جگە لەوەی ئەمرۆ ئێران ناوچەیەکی جوگرافی ستراتیژی لەبەردەستدایە، کە زاڵە بەسەر دەریای قەزوین و کەنداوی فارسدا.
بەواتایەکی تر، ململانێکانی ئـیران لە ناوچەکە بەتایبەتی لە کەنداوی فارس، بەپلەی یەکەم لەگەڵ عەرەبستانی سعودیە-دایە، چ وەکو زلهێزی ئابوری - نەوت، چ وەکو وڵاتێکی خاوەن پێگەی جیۆپۆلۆتیکی و جیۆستراتیژی لە ناوچەکە، کە بە نزیکترین دۆستی

1– مجلس الامن، يصوت اليوم علي قرار بسحب الحوثيين قواتهم، جريدة الشرق الاوسط، الاحد 15/ فيراير/2015

http//a.awsat.com/ home/article .

ئەمەریکاو خۆرئاوای نەیاری تاران دادەنرێت.
بۆیە جوڵەی بەهێزو خێرای حوسیەکان لە یەمەن، بەپلەی یەکەم پەیوەستە بە گەمارۆدانی سعودیە لەلای باشورەوەو لەلای باکوریشەوە بە جموجوڵی شیعەکانی بەحرەین گەمارۆی داوە، هەر بۆیە سعودیە و هاوپەیمانەکانی لە کۆتایی مارسی 2014، گەردەلولی زەبری راگەیاند و هێرشە ئاسمانیەکانی بۆسەر عەدەن و پێگە سەربازییەکانی حوسیەکان و لایەنگرانی عەلی عەبدوڵڵا ساڵحیانکرد.
ئەگەر سەیرێکی رێژەی شیعە زەیدییەکانی یەمەن بکەین لەکۆی (13) ملیۆن و (500) هەزار دانیشتووی یەمەن (5) ملیۆن شیعەن.
بەدوای رووداوەکانی بەهاری عەرەبیش رۆڵی حوسیەکان جارێکی تر بەشێوەیەك سەریهەڵدایەوە کە لە مێژووی چەندین دەیەی رابوردوودا بێ وێنە بووە. لە پرێس کۆنفرانسێکدا شازادە سعود فەیسەڵ وەزیری دەرەوەی عەرەبستانی سعودیە، کاتێك لەبارەی بارودۆخی یەمەن لێیان پرسی مەترسییەکانی نەشاردەوە.
لە سەردانەکەی عەبد رهەبە مەنسور هادی، سەرۆکی یەمەن بۆ ئەمەریکا لە سێپتەمبەری 2012، ناوبراو ئەوەی نەشاردەوە کە ئێران دەستوەردەداتە کاروباری ناوخۆیی یەمەن و تۆری شاراوەی هەیە لە سەنعا،

تەنانەت حکومەتی یەمەن باس لەوە دەکات کە دەستیان گرتووە بەسەر کەشتییەکی ئێرانی کە هەڵگری موشەك و دژە تانك بوو بۆ حوسیەکان، تەنانەت حکومەتی یەمەن داواکاری رەسمی پێشکەشی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کردبوو.

چوارەم: فاکتەرێکی تری گرنگ، کە رۆڵی تاران لە ناوچەکەدا بەرەو کێرڤی هەڵکشاو دەبات مەسەلەی دەستڕاگەیشتنیەتی بە چەکی ناوەکی، کە وەکو چاودێران دەڵێن دوور نییە ئێران دەرئەنجام ببێتە خاوەنی چەکی ناوەکی، ئەوکات دەبێت هەموو لایەك تارمایی ئێرانی خاوەن چەکی ناوەکی قبوڵبکەن، وەکو چۆن ناچارن مل بۆ زۆر لە داواو گێچەڵەکانی کۆریای باکور بدەن، بەتایبەت لە نۆڤمبەری 2013 کە پاش دەیان دانیشتنی ئێران لەگەڵ گروپی (5+1) لە مۆسکۆو ئەنکەرەو بەغدا، کە داوا دەکرێت ئێران رێژەی یۆرانیۆم بۆ (20%) کەمبکاتەوە، (5%) زیاتر یۆرانیۆم نەپیتێنێت و واز لە کارکردن لە بنکەی ناتانز بهێنێت، سەرەرای ئەوەی کە دواجار لەمبارەیەوە ئێران ملیدا بۆ ئیمزاکردنی رێکەوتننامەکە و لۆزان بووە سەرەتایەك بۆ لێسەندنەوەی مافی دەستکەوتنی وزەی ناوکی لەتاران.

سەرەنجام دانیشتنەکان بێ ئاکام بوو، وڵاتانی ئەمەریکاو خۆرئاوا بڕیاری سەپاندنی گەمارۆی

ئابوری و نەوتی و سەربازیان دا بەسەر ئێراندا، ئاماژەکان باس لەوە دەکەن، کە دابەزینی نرخی نەوت بۆ (35) دۆلار لە سەرەتای 2015 دا هێندەی ماناو مەغزای سیاسی هەبوو، بۆ دروستکردنی فشار لەسەر ئێران و روسیا، هێندە قەیرانێکی لە بنەڕەتدا ئابوری نەبوو.
لەمبارەیەوەیەکێك لەشیکارەئێرانیەکان،سورەلەسەرئەوەی کە«داواکاری دەستبەرداربوونی بەرنامەئەتۆمییەکەمان سوکایەتیپێکردنە،وەك ئەوەوایەنەتوانین لەخواردنگەیەك داوای خواردنێك بکەین کە هەمووان دەیخۆن».[1]
هەرچەندە دۆسیەی ئەتۆمی ئـێران، دۆسیەیەکی گرنگی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە، بە پلەی یەکەم ئیسرائیل و زۆر لە وڵاتانی تر وەك سعودیەو پاکستان بەمکارە نیگەرانن، بەڵام ئێران تا ئەم ساتەش سورە لەسەر بەرهەمهێنانی چەکی ناوەکی و بیانووشی هەیە کە وڵاتەکەی لەمەترسیدایەو روبەڕووی پلانی ناوچەیی و نێودەوڵەتی بووەتەوە.
چاودێران پێیانوایە، ئێران سەرەڕای ئەوانە، هەست بە نائارامی نزیکی ئەمەریکا دەکات لە عـێراق و ئەفغانستان، لەلایەکی تریشەوە لە تورکمانستان و پاکستان، سـەرەڕای بوونی کەشتیگەلی زۆری لە ئاوەکانی کەنداوی فارس لە قەتەرو بوونی هاوکاری

1–پاراگ خانا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل336.

و هەماهەنگی گەورەی نێوان ئەمەریکا، سعودیە، ئەمەریکاو تورکیا لەلایەکی ترەوە.
هەندێك سەرچاوە ژمارەی شیعەکانی جیهان بە (300) ملیۆن کەس دەزانن و لەوبارەیەوە دەڵێن: «لە ئێستادا (7,5) ملیار دانیشتووی زەوی نزیکەی (1.3) ملیار موسوڵمانن، کە لەو ژمارەیە (1) ملیاریان سوننەن (حەنەفی، شافعی، حەنبەلی، مالکی) و (300) ملیۆن شیعەن (شیعەی دوانزە ئیمام، عەلی اللهی - عەلەویەکان، زەیدی، ئیسماعیلیەن).[1]
پێنجەم: بەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی خەڵکی ئێران لە ساڵی 1979، ئێران وەکو سیمبول، مەرجەع و سەنترالی سەرەکی شیعەکانی دونیا سەیر دەکرێت، لە زەمینەی واقیعیشدا ڕۆڵی ئێران وەکو مەرجەع دەبینرێت و پراکتیزە دەکرێت.
بوونی (300) ملیۆن شیعە لە جیهاندا [2]، بە جیاوازی ئاراستە جیاجیاکانیەوە، وایکردووە ئێران کاریگەری لەسەر هەموویان دابنێت، تاران بێتە سەنترالی ئەو ئاراستە جیاجیایانەو کۆکردنەوەیان لەژێر چەتری شیعەگەرایی و مەترسی مەزهەبی و سیاسی

---

1–نوسینی چەند نوسەرێك، جارێکی تر دەربارەی سەلەفیزم، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: ئارام مەحمود، ، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای میللەت، 2014، ل21.
2– فرانسوا توال، هەمان سەرچاوەی پێشوو

وڵاتەکانیان، ڕەنگە زۆریش سادە بێت، کە ئێستا هەموو جیهان دەزانێت ئێران شیعەکانی لوبنان و حزبوڵڵا ئاراستە دەکات، حەسەن نەسروڵڵا خۆی دەڵێت «من سوژدە بۆ دوو کەس دەبەم، خوداو خامنەئی».

ئـێران حـوسـیـەکـان لـە یـەمـەن ئـاراسـتـە دەکـات، عەبدولمەلیك ئەلحوسی وەکو شیعەیەکی نوێنەری تاران مامەڵە دەکات، ئێران عەلەویەکان لە سوریاو تـورکـیـا دەجـوڵـێـنـێـت، ئـێـرانـە شیعەکانی عـێراق ڕابەرایەتی دەکات و نەجەف وەکو قوم سەیر دەکات.

ئەگەر لەڕووی جوگرافی و سیاسییەوە ئێران زلهێزێکی نـاوچـەیـی و تـارمـایـیـەکی سامناکی خـۆرهـەڵاتـی ناوەڕاست بێت، ئەوا لەڕووی مەزهەب و دینیەوە دوو پانتایی گەورەی لەناو جیۆپۆلیتیکی عەرەبی، تورکی، بگرە هیندی و ئەفریقایش هەیە، بەهۆی بڵاوی و جیۆپۆلۆتیکی شیعە لە ناوچەکەدا. فەرماندەی سوپای پاسداران لەوبارەیەوە ڕایگەیاند» شۆڕشی ئیسلامی بەخێرایی لەپێشکەوتندایە، نەك لە فەڵەستین، بەڵکو لە عـێراق، سوریا، یەمەن و خەڵکی ئـەو وڵاتانەن سوپاسگوزاری میللـەتی ئێرانن».[1]

«ڕۆژانــە چاودێرانی سیاسی ڕۆژهـەڵاتـی ناوەڕاست و نزیك، کە وڵاتگەلی وەك لوبنان تا پاکستان، لە تاجیکستانەوە تا ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی

1– سایتی میللەت.
www.milletpress.com

دەگرێتەوە، بینەری شتگەلێکن کە شیعەکان رۆڵی سەرەکیان هەیە لەو جەنگانەدا».

قەیرانی ئەفغانستان، نائارامییەکانی باشوری پاکستان، چارەنووسی سوریاو جێگری سعودیە، کێشمەکێشی تورکیا، لە تێکرای ئەم نموونانەدا وشەی شیعە دەبینین لە ستونە رۆژنامەنووسییەکاندا.[1]

بێگومان ئێران هێندەی تواناو قودرەت لە مەسەلەی شیعەگەرایی، دیوە مەزهەبییەکە وەردەگرێت، هێندە نەیتوانیوە سوود لە جوگرافی سیاسی و سەربازییەکەی وەربگرێت، ئەگەرچی هەردووکیان بەپاڵ یەکەوە، دوو هێزی گەورەیان بە ئێران بەخشیوە.

بۆ ئێران ئاسان نییە هەرکات ویستی سوپا بنێرێتە عیراقی دراوسێی، ئەگەرچی هیچ مەترسییەك لەسەر دوو سنور روبەرووی نابێتەوە، بەڵام لەوە گرنگتر ئەوەیە کە ئێران لەمێژە سوپایەکی لە عیراق بونیاد ناوە، کە ئایدۆلۆژیاکەی وابەستەگی هەیە بە تارانەوە، بێ سێ و دوو ئێرانی وەکو رابەری جیهانی شیعە قبولە. قسەکەش ئەوە نییە کە ئێران لەم چەند ساڵەی ئەخیردا ئەم جەماوەرە شیعەی سازمان دابێت، یان لەپاش رووخانی بەعس ئەوانی گرتبێتە خۆی...

---

1– محەمەد شەهدی، سعود فەیسەڵ: ئێران وا خەریکە عێراق داگیردەکات، رۆژنامەی هەولێر، ژمارە 2096، 2015/3/10

http://middle-east-online.com .

نەخێر، بەڵکو لەگەڵ هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی ئێران لەساڵی 1979 ئەم ستراتیژەی گرتووەتە بەرو لە تاران داڵدەی داون، پەناگەی بۆ دروستکردوون. حزب و هێزی سیاسی چەکداری بۆ پێکهێناون.

تەنانەت ئێران لە دەیەی هەشتاکان هێزگەلی شیعەی گرتە خۆی، کە پێکهاتبوون لە دەیان هێز لە هەڵبژاردنەکانی 2004 بوونە یەك لیست بەدر، (حزبی دەعوەی ئیسلامی، ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی، بەدر، حزبی دەعوەی ئیسلامی – ڕێکخستنی عێراق، حزبی فەزیلە، ڕەوتی سەدر، چەندین حزب و کەسایەتی و لایەنی شیعەی کوردی فەیلی)، لەسەرو هەموو ئەوانەشەوە مەرجەعی گەورەی شیعی (عەلی سیستانی) لە عێراق کردە مەرجەع و کاریگەری گەورەی لە عێراق دانا.[1]

بەپێی سەرچاوەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق بۆ ساڵی (2006) هاوپەیمانی عێراقی یەکگرتوو، کە لە هێزە شیعەکانی پێکهاتبوو، توانی (128) کورسی بە ڕێژەی (46.55%) بەدەستبهێنێت[2]، پاشان کوردەکان و دواتر سوننەکان.

---

1– دلاور عثمان مجيد، دستور جمهورية العراق لسنة 2005، من منشورات اكاديمية التوعية و تاهيل الكوادر، 2012، ل166.

2– المفوضية العليا المستقلة للانتخابات، اللجنة الانتخابية المستقلة – العراق، 10 شباط 2006.

ئەمە ئاماژەیەکی گرنگ بوو کە ئێران ڕۆڵی کاریگەری لەسەر شیعەکانی عێراق هەیەو سەرکەوتنی شیعەکانیش ئەوەی سەلماند کە عێراق لەدەست سوننە دەرچووە، کاتی ئەوەیە شیعەکان تۆڵەی رابوردوو بکەنەوە. لەوکاتەوە شەڕ تا دەگاتە ئێستا، شیعەکان ئەکسەریەتی زۆر بوون و سوننەکانیش بوونەتە کەمینە، دژی دوژمن و حکومەتی بەغداو حکومەتی ئێرانی، یان سەفەوی ناوی دەبەن.

ئەوە لەکاتێکدایە، بەپێی دەستووری ساڵی (2005) هاتووە کە «عێراق وڵاتێکی فرە نەتەوەو مەزهەب و بەشێکە لە جیهانی ئیسلامی و ئەندامی دامەزرێنەری کارای وڵاتانی عەرەبییە[1]، بەڵام هەرگیز دوای رووخانی بەعس حکومەتی عێراقی پابەند نەبووە بە جیهانی ئیسلامی و خۆیشی نەبەستەوە بە جیهانی عەرەبی و بگرە مەرجەع و سەرچاوەی بڕیارەکانی تاران بوو نەك وڵاتانی ئیسلامی و جیهانی عەرەبی.

ئێران بۆ هێزە شیعەکانی عێراق راهێنانی سەربازی پێکردوون. لەرووی ئایدۆلۆژییەوە ئەو قەناعەتەی لا دروستکردوون، کە ئێران بە مەرجەع و سەنتراڵی خۆیان بزانن. هەر واشیانکردووە، هەربۆیە چاودێرانی خۆرئاواش دانیان بەوەدا ناوە، کە ئەوە ئێرانی شیعەیە عیراق بەڕێوە دەبات و دەتوانێت قەیران دروستبکات و

1– دستور جمهورية العراق لسنة 2005.

عیراق وەکو کارتی فشار بەکاربهێنێت.[1]
هاوکاری ئێران بۆ هێزە شیعە عێراقییەکان لە شەڕی داعش لەدوای پەلاماردانی موسڵ، بەگرنگییەوە باسدەکرێت، ماڵپەری مەشرق نیوز، کە لە سوپای پاسدارانەوە نزیکە دەنوسێت «گروپەکانی بەدر، حزبوڵڵای عێراق، سەرایا خوراسانی، عصائب اهل هەق، کەتیبەی ئیمام عەلی.. سەر بە ئێرانن، لەلایەن سوپای پاسدارانەوە یارمەتی دەدرێن».
باس لەوەش دەکرێت کە ژانویەی 2015، حەمید تەقوی، کە «ئەندازیاری دامەزرێنەری گروپە چەکدارە شیعەکانی عێراق بووە، لە شاری سامەرا لەلایەن گروپی تیرۆریستی داعشەوە کوژراوە».[2]
لە دوایین دیداری جۆن کیری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا و شازادە سعود فەیسەڵ وەزیری دەرەوەی عەرەبستانی سعودیەو فەیسەڵ لەبارەی عێراقەوە کە پرسیاری لێکرا سەبارەت بە شەڕی سوپای عێراق و حەشدی شەعبی و گرتنەوەی شاری تکریت لەدەست داعش و هەوالی بەشداریکردنی قاسم سولەیمانی فەرماندەی هێزی قودس پرسیاری لێکرا، سعود فەیسەڵ وتی: «بارودۆخەکەی تکریت نموونەیەکی باشە بۆ ئەوەی

1– فرانسوا توال، جیۆپۆلیتیکی شیعە، کە تایون باسر، وەرگێڕانی لە فارسییەوە، بەختیار ئەحمەد ساڵح، سلێمانی 2014، ل 13
2–کوژرانی‌حەمیدتەقوی..گۆڤاری‌سقیل،ژمارە262شەممە17–1–2015.

لێمان تێبگەن کە بۆچی ترسی ئێرانمانە هەیە، ئێران خەریکی داگیرکردنی عێراقە، ئەمەش ئەو ترسەیە کە (2003) سعودیە هەیبوو لە رووخانی عێراق، هەربۆیە توێژەرێکی سعودیە بە نازناوی (قاسم سوپەرمەن) دەڵێت «خۆتێوەگلانەکەی ئێران یان شیعەکان لە یەمەن، بەحرەین، سوریا، لوبنان و عێراق هۆکاری ئەوەن سعودیەکان ترسیان لە پەیوەندی ئەمەریکا و ئێران هەبێت». سعود فەیسەڵ دەڵێت: «خەمی تێوەگلانی نابەجێی ئێرانمان هەیە لە ناوچەکەدا و دەبێت بەر بەو چالاکییانەی ئێران بگیرێت».[1]

لەلایەکی ترەوە، بۆ ئێران ئاسان نییە، بەئاسانی دەستی بەهاوکاری حوسیە شیعە زەیدیەکانی یەمەن بگات. بەڵام ئێران لەمێژە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی، دینی و مەزهەبی لە یەمەن بۆ خۆی دروستکردووە، لەرێگەی حوسیەکانی یەمەنەوە، تا ئەوکاتەی حزبی (ئەنسارولڵا ) یان بۆ دروستدەکات، (حسێن ئەلحوسی) دەکاتە رابەریان تا ساڵی 2004 لە روبەرووبونەوەکاندا لەگەڵ هێزەکانی ئەوکاتی یەمەن دەکوژرێت و دواتر عەبدولمەلیکی کوری شوێنی دەگرێتەوە، ئەم گەنجە شیعە یەمەنییە، کە گۆشکراوی تارانە، لە وەڵامی وڵاتانی کەنداو کە دەڵێن ئێران لە رێگەی حوسیەکانەوە

1– العامري يشيد بفضل ايران و سليماني في انقاذ حكومة العبادي – ميدل ايست اونلاين.

دەست بەسەر یەمەندا گرتووە.
عەبدولمەلیك ئەلحوس لە وتارێكدا لە كەناڵی مەسیرەی سەر بە گروپی ئەنسارولڵای باڵی سیاسی حوسیەكان رایگەیاند «كە وڵاتانی كەنداو هەوڵی پرچەككردن و هاوكاریكردنی ماددی چەكدارەكانی قاعیدە لە دەرەوە و ناوەوەی وڵات دەدەن، بۆ ئەوەی یەمەن داگیربكەن».
وڵاتانی كەنداو بەئاشكرا رایدەگەیەنن، كە ئێران مەشق بە چەكدارانی حوسی دەكات لە سوریا، لەمبارەیەوە ئاژانسی (ئاكی) ئیتاڵیا بڵاویكردەوە كە چەكدارە حوسیەكانی لە سوریا مەشق و راهێنانیان پێدەكرێت بەر لەوەی بگەڕێنەوە بۆ وڵاتەكانیان، سوپای پاسدارانی ئێرأن بە هاوكاری چەكدارە حوسیەكانی یەمەن دێتە سوریاو هەر كاروانێك (100) كەس دەبن.
ئەوەی بەر لە 35 ساڵ خومەینی كردبوویە مانیفێستی شۆرشی «مـردن بۆ ئیسرائیل، مـردن بۆ ئەمەریكا» ئێستا حوسیەكان لە سەعدە لە باشوری یەمەن ئەم دروشمانە بە ئیمانەوە دەڵێنەوە.
واتا ئێران، كار لەسەر سنورە جوگرافیەكان ناكات، لە بابەتی وڵاتانی دراوسێ تا ببێتە هێزێكی ناوچەیی، ئـێران كار لەسەر لایەنی ئابووری ناكات تا ببێتە هێزێكی ناوچەیی، بەڵكو ئەگەرچی ئەمانە پەراوێز ناخات، ئەگەرچی ئـێران پەیوەندییەكانی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ لەگەڵ زۆرینەیان خراپە، ئێران رێك

کار لەسەر پێگەی کۆمەڵایەتی، شیعەکانی جیهان دەکـات، زۆر باشیش سـوودی لەمجۆرە پەیوەندییە مەزهەبییە، سیاسییە وەرگرتووە.
«بۆ نموونە، ئێران سنورەکانی ناگاتەوە وڵاتی یەمەن، بەڵام لە وڵاتی سۆماڵ راهێنان بە چەکدارە حوسیەکان دەکات».
واتـا راهـێـنـان بـە هێزێك دەکـات، کـە پێگەیەکی جەماوەری گەورەیان هەیە لە یەمەن، بەڵام لەرێگەی مەزهەبەوە، کەواتا ئێران رۆڵ و قودرەتی خۆی لە یەمەن پیادە دەکات.
یان بۆ نموونە، ئێران زۆر بۆی گرنگە کە کار لەسەر شیعەکانی کەنداوی فارس بکات و سەرنجیان رابکێشێت، کە تارانماڵی هەموویانە. داکۆکیان لێدەکات و لە مەترسی دەوڵەتە سوننیەکان دەیانپارێزێت.
ئێران ئەمە دەڵێت، بەڵام راستیەکەشی ئەوەیە ئەو جیۆپۆلەتیکەی کە شیعە تێیدا قەراری گرتووە لەو ناوچەیەدا، «نزیکەی 70% ی کەنداوی فارس شیعەن، ئـەوە لەکاتێکدایە کە سێ لەسەر چـواری یەدەگی نەوتی جیهان لەو ناوچانەن».
سـەرەرای ئەوانەش ئـێران ئەگەرچی هەوڵدەدرێت لەلایەن ئەمەریکاوە فەراموٚش بکرێت یان گۆشەگیر بـکـرێـت، بـەڵام ئـێران وەکـو وڵاتـانـی بـەرازیـل، کازاخستان و سعودیە لـەڕووی دیبلۆماسییەوە

وڵاتێکی پێشکەوتووەو دەتوانێت سوود لە چەند هێز وەربگرێت. بۆ نموونە لەگەڵ چین چەندین ڕێککەوتنی گەورەی واژۆ کردووە، لە بوارەکانی وزە، ژێرخان و چەکدا. وەك گرێبەستێك بە بڕی 70 ملیار دۆلار بۆ گواستنەوەی گازی سروشتی لە کێڵگەی پارس – باشووری ئێران لە گەورەترین کێڵگەی ئێران لە پەرەپێدانی کێڵگەی زەبەلاحی نەوت لە هەرێمی کوردستانی ئێران و بونیادنانی چەندین وێستگەی لاوەکی نەوت لە دەریای قەزوین لە بونیادنانی هێڵی میترۆ لە تاران.[1]

کەواتە ئێران دەتوانێت بە بەدەستهێنانی پشتگیری شیعەکان، سودی ئابوریش چنگ بخات و کارتی فشاریش بن بۆ نەیارانی ئێران.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، لە قەیرانەکانی ناوچەکە و ۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، شیعەکان ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن. ناکرێت چیدی پەراوێز بخرێن. ئەمەش واتای ئەوەی ئێران ناکرێت پەراوێز بخرێت. کە نوێنەرایەتی زۆرینەی شیعەکانی جیهان دەکات.

بەتایبەت کە ئەو زوڵمە زۆرەی بەرامبەر شیعە دەکرێت، بەدوای شۆڕشی خەڵکی ئێران، وردە وردە، هەست بە سوك بوون دەکرێت لەسەریان. دەستیان بە جموجۆڵی سەربازی کردووە، لەهەرکام لەو وڵاتانەدا

---

1– باراگ خانا، هەمان سەرچاوەی پێشوو ل236

حزبیان دروستکرد، کەوتنە جوڵە، کە زۆربەیان لە چاوەڕوانی مەهدیدا دەجەنگن.
سەرەڕای ئەوەی هەموو شیعەکانی جیهان لەسەر ئەوە کۆکن کە ئیمامی عەلی ساڵی (661)ی زایینی کوژرا و دواتریش حەسەن و حسێن ژەهرخوارد کران و کوژران، تائێستاش ئەمانە وەکو سیمبول و پیرۆزییەکانی خۆیان سەیر دەکەن.
بەڵام ئەم پیرۆزییەی شیعەکان، زۆر کەم قاڵبی سیاسی لەخۆ گرت. لە سایەی دەوڵەتێکی سیستماتیزکراوی جێگیردا، بەڵام دوای شۆڕشی 1979، خومەینی ئەم هیوایەی شیعەکانی ژیاندەوە، هەربۆیە لەناو جوگرافیا و جیۆپۆلەتیکی شیعەدا. ئێران، تاکە وڵاتی ئایینزای شیعەکانە، توانی وەك لایەنی سیاسی دەسەڵات بگرێتە دەست و خومەینی ئەوکاتیش ویستی نوێنەرایەتی موسوڵمانانی جیهان بکات، بەڵام دواتر کۆڵی دا لەو فکرەیە و خۆی ساغکردەوە، کە تەنها نوێنەرایەتی شیعەکانی جیهان دەکات، وردە وردە خۆی وەکو سەرکردەی رۆحی و پیرۆزی شیعەکان نیشاندا و داوای کرد کار بۆ سەرخستنی ئیسلام بکەن.
واتا شۆڕشەکەی خومەینی یەکێك بوو لە رووداوە هەرە گرنگەکانی نیوەی دووەمی سەدەی بیست لەجیهاندا، کە بۆ یەکەمجار بوو شیعەکان دەوڵەتی شیعی مۆدێرن بەدەستەوە بگرن، نەوتێکی زۆر

بخەنە ژێر دەسەڵاتیانەوە، کە بە درێژایی مێژوو لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و لە ئێراندا لە سادەترین مافە دینی و مەزهەبییەکانیان مەحروم کرا بوون، تەنانەت شا، بە زۆر خومەینی لە ئێران و دواتریش لە نەجەف دەرپەڕاند بۆ پاریس. لە ئێستاشدا سەید موحەمەد عەلی ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی ئیسلامی عەرەبی لە لوبنان رایگەیاندوە «کە باری تەندروستی ئایەتوڵڵا عەلی خامنەئی رابەری باڵای کۆماری ئیسلامی ئێران زۆر خراپ بووە» رایگەیاند: «ناوبراو تەندروستی بەرەو دۆخێکی مەترسیدار دەڕوات و توانای پیادەکردنی کارەکانی نەماوە»، ناوبراو بە مۆنتی کارلۆی راگەیاندووە: «نەخۆشییەکەی خامنەئی دەرهاویشتەی سیاسی و دیینی بۆ ئێران و ئەو دەوڵەتانە هەیە کە نفوزی تێدا هەیە وەکو عێراق، لوبنان و یەمەن». سەید محەمەد ئەوەشی راگەیاندووە «کە سیستمی ویلایەتی فەقیهـ کەوتووەتە ژێر قورساییەکی زۆرەوە بەهۆی سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕش و دەستێوەردانی راستەوخۆ لە یەمەن، عێراق، سوریاو لوبنان، بۆیە دەیەوێت پەلە بکات لە ئیمزاکردنی رێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئەمەریکا» ناوبراو پێشبینی ئەوەشی کردووە کە لە شوێنی خامنەئی رەنگە مەحمود ئەلهاشمی ئەلشهررودی کە نزیکە لە قاسم سولەیمانی

شوێنی بگرێتەوە.[1]
ئێستا وەکو (ئۆلیڤەر روا) دەڵێت «ئێران بەنیازە زیاتر یاری بە فراوانخوازی شیعەگەری بکات تا فراوانخوازی ئێرانی».[2]
مەبەستی ئەوەیە ئێران پشت بەو گروپە شیعانە دەبەستێت کە ئێرانین لەرووی نەتەوەوە، وەك (هەزارەکانی ئەفغانستان، شیعەکانی باشوری لوبنان، ئازەرییەکان، تا ئەو نەتەوە ئێرانییانەی کە ئێرانی رەسەنن وەك کوردەکانی رۆژهەڵات و تاجیکەکان).
واتا ئێران هێندەی سۆزو عەتفی، لای شیعە عەلەویەکانی سوریاو تورکیا، دروزەکانی لوبنان، زەیدیەکانی یەمەن، شیعەکانی بەحرەین و پاکستان، دواتر ئیمامەکانی نەجەف و کەربەلا هەیە، هێندە سۆزو خۆشەویستی ناچێتە سەر نەتەوە نزیك و ژێر دەستەکانی خۆی لە بابەتی کوردەکانی رۆژهەڵات، بلوچەکان و عەرەبەکانی ئەهواز.
تاکە فاکتەریش ئەوەیە کە ئەمان سوننین، لە چوارچێوەی جیۆپۆلەتیکی شیعە جێگەیان نابێتەوە.
هەربۆیە ئێران ئامادەیە ئەم مەشقە بە حزبوڵڵای لوبنان بکات و حەسەن نەسروڵڵا وەك نوێنەری خۆی دەستنیشان بکات، ئامادەیە عەبدولمەلیك حوسی بە

1- سایتی میللەت.
2- فرانسوا توال، سەرچاوەی پێشوو، ل55.

چەك و پارە لە یەمەن تەیار بكات، كەچی هەموو هەوڵەكانی خۆی لەگەڵ هەواڵگری پاكستان بخاتەگەڕ بۆ دەستگیركردنی عەبدولمەلیك ریگی سەركردەی سوننی و دواتر لەسێدارەی بدات.
واتا ئێران چەندە داكۆكی لە شیعەكانی دەوری خۆی بكات بۆ پەرە ئەستاندنی دیوە سیاسییەكەی و سیاسەتەكانی ئێران هێندەش نیگەران و سەرسەختە دژی سوننەكانی ناوخۆو وڵاتانی ناوچەكە، لەڕووی مەزهەبیەوە بە دوژمنی سەرسەختی شیعەیان دەزانێت و بانگەشەی ئەوەش دەكات كە دژایەتی وڵاتانی سوننی و بەتایبەتی عەرەبستانی سعودی بۆ ئێران، دژایەتی سیاسی و ئابوری نییەو تەنهاو تەنها پەیوەستە بە دژایەتی بۆ شیعەو شیعەگەرایی، ئەمەش وایكردووە كە هێزە شیعیەكانی جوگرافیای پەرش و بڵاوی جیهان، هەمیشە داكۆكی لە ئێرانی مەرجەعیان بكەن، تاران وەكو قیبلەی شیعەكان، خومەینی وەك سیمبول لەپاڵ عەلی، حەسەن و حسێن سەیربكەن.
تاران ئەم كارتەی لەگەڵ هەر وڵاتێك كە شیعەكانی تێدان، بەشێوەیەك بەكارهێناوە سوودی لێ وەرگرتووە. كاتی خۆی خومەینی لەگەڵ هاتنە سەر كاری، كەوتە شەڕ لەگەڵ ڕژێمی سەدام حسێن و بەعسی سوننی، خومەینی رایگەیاند: «ڕێگای رزگاركردنی قودس بە نەجەف و كەربەلادا تێپەڕدەبێت»، هەر ئەم دروشمە

یۆتۆپیاش بــوو، وایــکــرد تــاران نــەك هــەر شــەڕی گەورەترین وڵاتی سوننی بکات. کە خۆرئاواو وڵاتانی کەنداوی فارس پشتیوانیان لێدەکرد، بەڵکو بە سەدان گەنجی شیعەی کردە قوربانی، ئەو یۆتۆپیایەی کە نە قودس رزگارکرا، نە نەجەفیش بەو شەڕە وەرگیرایەوە. بــەڵام بــەردەوام ئــێران لەسەر سیاسەتەکانی پاش کۆتایی هاتنی شەڕ لەگەڵ عیراقی سـەدام، هەرگیز دەستبەرداری شیعەکانی عیراق نەبوو، تا سەرەنجام بــەدوای رووخــانــی بەعس لە 2003 دا بە رێگەی وشکانی گەیشتە نەجەف و کەربەلاو باسێکیش لە رزگارکردنی قودس لەدەست ئیسرائیل نەما.

خومەینی و ئێران، یەکەم باوەشی میهرەبانی بوو بۆ نەوەکانی، عەلی، حەسەن و حسێن لە عیراق. ئەوەی لە دەیەی هەشتاکان کردی لە دەیەی نەوەدەکان و دووهەزارەکاندا رەنجەکەی چنییەوەو بۆ یەکەمجار بوو لەدوای دروستبوونی عیراقەوە لە 1921 عیراق لە حوکمی سوننەوە بۆ هەمیشە گۆڕا بۆ حوکمی شیعەکانی دۆستی ئێران، یان بەدیهێنانی خەونەکەی خومەینی و ئـێران، کە شیعەکان نەك هەر شوێنە پیرۆزەکانیان گرتە دەست، بەڵکو نەوتی زۆریان خستە ژێر دەست و لە ئاوەکانی کەنداوەوە بوونەتە لەمپەڕ لە بەردەم سوننەو رەقیبەکانی تاراندا، کە هەشتا ساڵ بوو شیعەیان دەچەوساندەوە.

ڕەنگە شیعەکانی عیراق کە (50%)ی دانیشتوانی ئەو وڵاتە پێکدەهێنن [1]، سەرەڕای ئەوەی خاوەنی شوێنە پیرۆزەکانی شیعەکانن لەسەر ئاستی هەموو دونیاو هاوکات ئەمانە شیعەی دوانزە ئیمانن.
عێراق هەر لە ساڵی 1921 کە دروستبوو، بێ گوێدانە مەسەلەی ئیتنی و مەزهەبی بە دەوڵەتێکی عەرەبی (سونی) و ئیسلامی (سونی) ناوزەدکرا، بێ گوێدانە پێکهاتەی دانیشتوانی عێراق کە مۆزایکێکی تایبەت و فۆرمێکی ناهۆمۆجینی هەیە.
هەر لە مێژووی دروستبوونی عێراقەوە کەمینەی سوننە حوکمی عێراقی کرد، لە بەرامبەر کورد دا وەکو ناسیۆنالیزمی عەرەبی خۆی دەرخستووە و لە بەرامبەر شیعەشدا وەکو ئەنتی شیعە و نوێنەری ئیسلامی عەرەبی فاشی خۆی دەرخستووە و هەمیشە کەمینەی سوننە (20%) حوکمی هەموو عێراقی کردووە.
لەکاتێکدا عێراق لەرووی ئیتنییەوە، پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی هەیە لە (عەرەب، کورد، ئاشوری، تورکمان، سریان، ئەرمەنی و ئێرانی). لەرووی مەزهەبیشەوە لە (ئیسلام، سوننە) کە پێکدێت لە چوار پەیرەو (شافعی،

---

1– ئەنوەر حسێن، کورد لە ئاڵوگۆڕانکاریەکانی عێراقدا، لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی، 2005، ل55.

حەنەفی، مالیکی و حەنبەلی) و چوار تەریقەتی (قادری، نەقشبەندی، رەفاعی، هەقە)، دواتریش شیعەی دوانزە ئیمام و پاشان مەسیحی (ئەستۆری، یاقوبی، سوریانی و ئەرسەدۆکس) پاشان (کلدانی، ئێزیدی، ئەهلی هەق، کاکەیی، شەبەك، سارەیی و گۆران).[1]

لە چەند سەرچاوەیەکیشدا باسی لە (فەلە و جولەکە) وەك (بابایی، بەهائی، یارسانیزم) کراوە، بەپێی ئاماری 1977 فەلە (252478) کەسن، بە رێژەی (2.14%)، ئێزیدی (10219) بە رێژەی (0.86%)، سوبی (15973) و جولەکە (381000).

بەپێی ئاماری ساڵی 1990 ئەگەرچی دەستی بەعسی تێدابوو، ژمارەی دانیشتوانی عێراق گەیشتە (18.100.000) ملیۆن کە (77% عەرەب)، لەوە (53% - 60%) شیعەن، (17%) سوننە، (19%) کوردو (1.4%) تورکمان و (0.8%) ئاشوری و (0.8%) ئێرانی بوون. واتا هەمیشە کەمینەی سوننی حاکم بووە، هەربۆیە پاش رووخانی بەعس لە (2003) خەونی ئەبەدیەتی سوننەکان ئاوا دەبێت و شیعەکان هەیمەنە دەکەن و لە ئێستاشدا عێراق بووەتە مۆدێلی حوکمڕانی ئێرانی و شیعی لە بەغدا.

---

1– ئەنوەر حسێن، کوردو قەیرانەکانی عێراق، لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، 2007، ل65.

پاش شەڕە هەشت ساڵەکەی 1981 – 1988، عیراق – ئێران و هەوڵدان بۆ پشتیوانی عیراق، سەرەنجام بەعس لەدوای پەلاماردانی کوێت لە ساڵی 1990 و دواتر پەلاماردانی شیعەکان و کوشتنی 40 هەزار کەس، بەڵام دواتر هەرگیز ڕەوتی ڕووداوەکانی بەدڵی وڵاتانی خۆرئاوا، ئیسرائیل، ڕیازە، وڵاتانی سونی کەنداوی فارسی نەبوو، بەڵکە دەرەنجام عیراقی سونی بووە رابوردوو، لەدوای 2003 بەتەواوی عیراق بووە عیراقی شیعەکان و هەیمەنەی دەوڵەتی قوم و تاران باڵی کێشا بەسەر عیراقی نوێدا، هەر زوو تاران دەستیکرد بە قەتڵوعامی کۆنە بەعسیەکان و فرۆکەوانە بەعسیەکان و دروستکردنی تۆری شیعی لە ئێرانەوە بۆ نەجەف و کەربەلاو ڕۆیشتنی بەرە و سوریاو سنورەکاني توركیا تا باشوری لوبنان و ڕۆڵی ئەم رایەڵە جاڵجاڵۆکەیەوە، ئەوکات باشتر دەرکەوت کە تاران پاڵی دا بە ئەسەدەوە و نەیهێشت بەدەردی قەزافی، موبارەك و عەلی عەبدوڵڵا سالح و سەرکردەی وڵاتانی بەهاری عەرەبی بچێت.

ئێستا ئیتر عیراق بۆ ئێران تەنها بوونی زۆرینەی شیعە نییە، بەڵکو هەوڵی بێهێزکردنی سوننیەکان دەدات و لەلایەکی ترەوە دەیەوێت خۆی بە دۆستی کوردە سوننیەکان نیشان بدات، کە ئەمەش پارادۆکسێکی زیرەکانەی ئێرانە، کە لە هیچکام لە وڵاتانی دراوسێ

نەیتوانیوە بەقەدەر کوردەکانی عێراق بەشێکی زۆر لە حزبە سیاسیەکانی بکاتە دۆستی ئێران و شیعە، واتا رەنگە باشترین دۆستی سوننی لە ناوچەکەو بگرە لە خۆرهەڵاتی ناوەراستیشدا کوردە سوننیەکانی عیراق بن و رێک بەپێچەوانەوە کە کوردەکان هێندە لە ئێران نزین زۆر کەمتر کەیفیان بە هێزە سوننی و وڵاتە سوننیەکان دێت، کە ئەمەش رێک ئەو شتەیە کە پێیدەوترێت پارادۆکسی مەزهەبی و ستراتیژی ئێرانییەکان.

سەرچاوە عەرەبییەکان پێیانوایە، وڵاتانی عەرەبی هاوکاری پرۆژەی ئێرانیان کردو بە کارئاسانیکردن و بێدەنگیان بەرامبەر دوژمنکاری ئەمەریکا لە عێراق و ئەمەش سەرەتایەکە بۆ داگیرکاری فارسی سەفەویی بە دەبابەی ئەمەریکا...

بەگوێرەی چەند سەرچاوەیەکی عەرەبی، کە دزەی کردووەتە دەرەوە، لە کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی دراوسێی ئێران لە یۆلیۆی 2014، وەزیری دەرەوەی ئێران بە هاورێ عەرەبەکانی وتووە: «بارودۆخی عێراق لەدەست ئێوە دەرچووە و ئێستا عێراق بەجێ نفوزی ئێرانی دادەنرێت، بەڵام ئێران ئامادەیە یارمەتی وڵاتانی عەرەب بدات لە قەزیە سەرەکییەکەیان کە فەڵەستینە».[1]

1- ولا الشيعة لمن؟ http://altanweer.net/article

کاتێکیش لە حوزەیرانی 2014، لەژێر ناوی جیهادگەرایەیی سوننە موسڵی داگیرکرد، ئێران باشتر کەوتەخۆ.[1]

ئەگەرچی بەشێکی ئەو قسانە راستی تێدایە، بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کە ئێران بەپێچەوانەی وڵاتانی عەرەبی، بەردەوام پشتیوانی ئۆپۆزسیۆنی کوردو شیعە بووە لە دەیەی هەشتاکان و نەوەدەکان، واتا (70%) عێراق، کە رێك پێچەوانەی ئەمە وڵاتانی عەرەبی سوننی و کەنداو و بگرە میسرو وڵاتانی تریش دژی (70%) خەڵکی عێراق بوون و هاوکاری رژێمی بەعس و سەدام حسێن-یان کرد و لەپاڵ کەمینەی سوننە بوون کە زیاتر لە هەشتا ساڵ حوکمیان کرد.

بۆیە هیچ سەیر نییە، کە عێراق لەدەست وڵاتانی عەرەبی دەربچێت و هەوڵی پەشێوی و نائارامی و تێکدانی بدەن و پشتگیری داعش بکەن. چونکە هەرگیز ناتوانن واز لەو خەونە بهێنن کە ئەو سەردەمە بەسەرچوو، جارێکی تر کەمینەی عەرەبی سوننە حاکمی موتڵەقی عێراق بن.

ئەم رۆڵەی ئێران لەرووی جیۆپۆلەتیکی، جیۆستراتیژی، مەزهەبی، مەرجەع و نوێنەری

---

1- پیتر هارلینگ(peter harling) ، حکومت های شبح درخاور نزدیك، أشوب عراق نشانه چیست؟
http://ir.mondediplo.com/article2180.html

سەنترالیزمی شیعەکانی جیهان، هەمووی خستووەتە خزمەتی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامییەوە و زۆر باشیش گەمە بە کارتە جۆراوجۆرەکانی شیعە دەکات. ئێران هێز وەردەگرێت لەم نوێنەرایەتیەی شیعەکان، خۆ بەیەکەم و دوایین دلسۆزی ئەوان نیشاندەدات. پرسیارێك سەرهەڵدەدات، ئەگەر ئێران – شیعی، ئەو بانگەشەیە بکاتە راستی کە خەریکە چەکی ناوەکی بەرهەمدەهێنێت، ئەوکات لە کەنداوی فارسی و ناوچەکە ئەو بۆچوونە راست نابێت کە دەڵێت «ئیمپراتۆریەتێکی نوستوو بەرێگاوەیە؟» تێیدا دەوڵەتی شیعی، زلهێز، فراوان نابێتە دیفاکتۆ؟ یان ئەوکات ئێران ئەو میتۆلۆژیایە نییە کە پەرجوی مەهدیە؟

رەنگە ئاسان بێت کە باس لە قەتەر دەکەین، بزانین کە دەوحە پایتەختێتی، نەوت ناسنامەیەتی، پشتیوانی ئیخوانەکان و ئیسلامییەکان دەکات. زۆرترین فرە رەهەندی قەتەر، سەرمایەکەیەتی و هیچی تر.

بەڵام کە باس لە ئێران دەکرێت، دەبێت باس لە خاڵ بەخاڵی شوێن، پێگە، نفوز و کاریگەری و رۆڵی شیعەکان بکەین لە خۆرهەڵاتی ناوەراستدا.

واتا لەهەر شوێنێك قسە لەسەر شیعە دەکرێت. واتا قسە لەسەر ئێران و پێچەوانەکەشی راستە، ئینجا ئەم پێگە کۆمەڵایەتییانە، هەموویان پێگەیەکی

جیۆپۆلەتیکی بۆ ئـێران دەخوڵقێنێت و لـەڕووی ئابوورییەوە سوود، لەڕووی سیاسییەوە کارتی زۆر و فراوانبوونی فکر و ئایدۆلۆژیای شیعە و بوون بە زلهێزی لێدەکات.

هەرکام لەو وڵاتانە، هێز لە شتێکەوە وەردەگـرن، ئەمەریکا لە ئابوری و سەربازی بەهێز، سعودیە، نوێنەرایەتی سوننەکان و نەوت، تورکیا لەسەر کەلاوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، بەڵام ئێران گەورەترین هێز لە کەمینە پەرش و بڵاوەکانی شیعە وەردەگرێت. کە هەموویان تۆڕێکی جاڵجاڵۆکەیی و فراوان و پێکەوە بەستوو لەڕووی فکری و دابڕاو لەڕووی جوگرافییەوە پێکدەهێنێت.

ئازەربایجان، یەکێك لە کۆمارە سەربەخۆکانی یەکێتی سۆڤیەت لە ساڵی 1990، (75%)ی دانیشتوانی شیعەن، بـەڵام تـورك زمـانـن، کە نزیکە لە زمانی ئازەرییەوە، بەڵام شیعەی دوانزە ئیمامین و خۆشیان بـە جـیـاوازتـر لـە تـورکـیـا دەبـیـنـن بـەهـۆی شیعە بوونیانەوە.

ئەگەرچی لەدوای پرۆسترویکای گۆرباچۆڤ لە ساڵی 1990، تـاران و ئەنکەرە کەوتنە ململانێیەکی توند لەسەر گەشە و ڕۆڵی خۆیان بەسەر وڵاتە تازە دروستبووەکانی وەك ئـازەربـایـجـان، ئەرمەنستان، تورکمانستان، کازاخستان و تاجیکستان.

بەتایبەت کە تورکیا، خەون بە پان تورکیزمەوە دەبینێت، ئێرانیش خۆی بە نوێنەری کەمینەی شیعەکانی جیهان دەزانێت، بەڵام گرفتێك لێرەدا هەیە، ئەویش ئەوەیە کە شیعەکانی ئازەربایجان (70) ساڵ بوو لەژێر دەسەڵاتی روسیای کۆمۆنیستیدا بوون، کە کۆمەڵگای بەرە و کۆمەڵگەیەکی شیعی، سکۆلار بردووە، بەڵام ئەمە هیچ لە گرنگی ئازەربایجان لای ئێران کەمناکاتەوە، کە شیعە براکانی لەو وڵاتەدان.

سەرەرای ململانێکانی ئێران و تورکیا، بەڵام دەکرێت بڵێین لەدوای سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی، سیاسەتەکانی تورکیا لە بەرامبەر رۆڵی ئێران شکستیهێنا، بەتایبەتی کە تورکیا وەکو یەکێك لە نوێنەرانی سوننیگەرا سەیردەکرێت لە خۆرهەڵاتی ناوەراستدا لەپاڵ سعودیەدا، بەڵام دەرئەنجامی شکستی سیاسەتەکانی تورکیا بوو چ لە سوریا، چ لە میسر و عێراق و لە ناوچەکەدا بەگشتی و پەنا بردنەبەر شەیتان لە پێناو قەرەبووکردنەوەی شکستەکانی.[1]

بەڵکو ئێران بە پارێزەوە سەیری ئەو بابەتە دەکات، کە رەنگە هەر هەوڵێکی نزیکبوونەوە دەردەسەری بۆ دروستبکات، کە خۆیشی خاوەنی ئازەربایجانی رۆژئاوایە و دانیشتوانی شیعەن تا نەکا مەترسی

---

1- محمد نورالدين، لماذا تدعم تركيا «داعش» السفير، 2014
www.assafir.com

لەدەستچوونی لێبکرێت و باکۆ بەهێز بکات.

بەڵام ئێران بەئاسانی دەستبەرداری (5) ملیۆن و (500) هەزار شیعە نابێت، قسەکردنیشیان بە زمانی تورکی بەئاسانی سەیر ناکات، بەڵام لەهەر حاڵدا ئازەرییەکان لەنێوان زمان و ئایدۆلۆژیادا واپێدەچێت دواتر بە قازانجی ئێران تەواوبێت، سەرەرای هەموو ئەوانەش تاران دەیەوێت وردە وردە شیعەکان لە سیستمێکی سکۆلارەوە بگۆرێت بۆ شیعەیەکی مەزهەبی. ئەمکارە ئەگەر گرانیش بێت، بەڵام ئێران ئەم کارەی لەرێگەی تاک تاک یان گروپەوە دەستپێکردووە. ئەمەش زۆر گرنگە، کە دراوسێیەکی ئـێران ببێتە بەشێك لە جیۆپۆلەتیکی شیعە و تاران.

ئەم سنورە مەزهەبیە (جاڵجاڵۆکەییە) کە هێزێکی بێکۆتا بەهێزی بۆ ئـێران دروسـتـکـردووە. کۆتایی نـایـەت، تـادێـت ئـێران گـەرمـوگـورتـریـان دەکـات و باربۆیان دەکات، وەکو کور و نەوەی نوێ ئێران لێیان دەروانێت. چونکە ئێران هێندە قوەت و ئایندە لەم کەمینە شیعانە وەردەگرێت، بۆیە لەرووی رۆحی و سنوری جیۆپۆلەتیکییەوە سودیان لێوەردەگرێت، لە بەرامبەریدا چەك، پارە، سەرمایە، گەشت و سەفەریان بۆ ساز دەکات.

یەکێکی تر لە گرنگترین ئەرکەکانی ئێران لە ناوچەکە، بوونی شیعە هەزارەکانی ئەفغانستانی دراوسێیەتی،

کە ژمارەیان (3) ملیۆن کەس دەبێت و شیعەی دوانزە ئیمامین.
ئەفغانستان لە ساڵی 1979 توشی داگیرکاری حکومەتە کۆمۆنیستییەکەی روسیا دەبێتەوە. نەجیبوڵڵا وەکو سەرۆك کۆماری ئەفغانستان دادەنێن، پشتونەکان، باڵا دەست بوون تێیدا و بەردەوام هەزارە شیعەکانیان دەچەوساندەوە، تا سەرەنجام بە جوڵاندنی ئێران هەزارەکان کەوتنە جوڵە. هەستی مەزهەبگەراییش تێیدا گەشەی کردووە، وردە وردە کۆمەڵگەی ئەفغانستان بووە دیفاکتۆ، شیعەکان لە هیچەوە بوونە کارەکتەری سەرەکی ئاڵوگۆڕەکان. ئێرانیش بووە سیناریستی قەیران و رووداوەکان. شیعەکان بوونە خاوەنی (8) حزب لەکاتێکدا (18%)ی دانیشتوانی ئەفغانستان پێکدەهێنن، پاش رووخانی حکومەتە کۆمۆنیستییەکەی کابول، ئیتر وردە وردە گروپە ئیتنی و مەزهەبیەکان پشتۆەنەکان، تاجیکەکان، ئۆزبەکەکان و هەزارەکان سەرلەنوێ لەژێر کاریگەری ئێران، پاکستان و ئۆزبەکستان کە هەرکامیان پشتیوانی لە یەکێك لەو گروپانە دەکات، رۆڵ و پێگەی ئەم هێزانەی گەورەتر کرد، تا دواجار ململانێکە لەنێوان پشتۆنەکان و هەزارەکان لە ململانێی دوو حزبی (وەحدەت) و (ئیتحاد) تێپەربوو، بۆ ململانێی شیعە و سوننی یان سعودی و ئێرانی.

تا سەرەنجام ساڵی 1994 تاڵیبان دەرکەوت. کە باس لە پشتیوانی پاکستان دەکرا بۆیان، بەمەبەستی سیاسی و کاریگەری پاکستان لە ئەفغانستاندا، بەمشێوەیە لەناو قەیرانی ئەفغانستاندا رابەری پشتۆنەکان (گوڵبەددین حیکمەتیار) کە دژایەتی هاوپەیمانی (بورهانەدین رەببانی) دۆستی ئێران و (ئەحمەد شامەسعود) تاجیکی بوو، توانی پشتیوانی جەنەراڵ (عەبدولرەشید دۆستەم)ی ئۆزبەکی بەدەستبهێنێت. کە لەلایەن ئۆزبەکستانەوە پشتگیری دەکرا، تا کار گەیشتە قوڵبونەوەی پەیوەندییەکانی ئێران و پاکستان لەلایەك، سعودیە و ئێران لەلایەکی ترەوە، بەڵام ئەوەی بۆ ئێران گرنگە، ئێستا شیعەکان یان هەزارەکانی کابول نەك کەمینەن، بەڵکو کارەکتەری سەرەکی ئەفغانستانن، بوونی ئەوان دوو پەیام دەگەیەنێت بەرامبەر سعودیە و پاکستان، کە هەردووکیان ئێران بە نەیاری مەزهەبی، سیاسی و جیۆپۆلەتیکی دەبینن. ئەگەرچی ئەو رۆڵە گرنگەی لە ئەفغانستان بینیوە، بەڵام روبەرووی گرفتێکی ئەمنی و کۆمەڵایەتی گەورە بوەتەوە بەهۆی سنورە پان و پۆرەکەی و نەتوانینی کۆنترۆڵکردنی، هەربۆیە بەدەست بازرگانی هیرۆیین و ئەفیونەوە دەناڵێنێت کە ساڵانە بەهاکەی دەگاتە (65) ملیار دۆلار، کە دەرەنجام نزیکەی یەك ملیۆن

گەنجی ئێرانی ئالودەبوون.[1]

عەلەویەکانی تورکیا کە (16) ملیۆنن، (25%)ی دانیشتوانی ئەو وڵاتەن، بەڵام هەندێك سەرچاوە ژمارەکە بە زیاتر دەزانن و دەڵێن شیعە عەلەوییەکانی تورکیا (18-20) ملیۆن کەسن و لە شارەکانی ئورمان، سیواس، ئەنکەرە، تونجەلی، ئەرزرۆم، ئەماسیا، ئەلازیق، ماراش و مالاتیا جێگیربوون.

عەلەویەکان مەبەست ئەوانەیە کە پەیوەندییەکی گەورەیان بەئیمامی عەلیەوە هەیە و بە بنەچە و ئەسڵی ئەو دەزانرێن[2]، شیعەن وەکو ئێران، لە پەیرەوانی شیعەی دوانزە ئیمامین، کە بەشێك لە کوردەکانی باکوری کوردستان یان تورکیا شیعەن، بە کوردی عەلەوی دەناسرێن، بەڵام روبەرووی دوو ستەم بوونەوە، جارێك کە عەلەوین، جارێك وەکو کورد بوون و مەسەلەی نەتەوایەتی لەناو تورکیایەکی تورکدا، تەنانەت باس لەوە دەکرێت کە بەهۆی کاریگەری ئێران لەرووی مەزهەبییەوە، نەك هەر کاریگەری لەناو حکومەت و پێکهاتەکانی شیعەی عەلەویدا هەیە، بەڵکو لەرێگەی (پەکەکە)وە

1– پاراگ خانا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل 338.

2– جمهوري تركيه، دوره جديد مباحث كشورها و سازمانهاي بين المللي/ 2/ دفتر مطالعات سياسي و بين المللي، تهران، زمستان 1388، ل35.

توانیویەتی کاریگەری زۆر لەسەر کوردەکان دابنێت و دژی تورکیا پشتیوانیان بکات، باس لەوەش دەکرێت کە لە دوایین کۆنگرەی (پەکەکە)دا کە جەمیل بایك و بەسیە هۆزات وەکو دوو هاوسەرۆکی کۆما جڤاکی کوردستان (کەجەکە) هەڵبژێردران ئێران بێ رۆڵ و کاریگەر نەبووە.

بەڵام رەنگە هۆکاری زۆر کاریگەری ئێران لەناو (پەکەکە) کە هاوشێوەی حزبوڵڵا یان حزبی وەحدەت، حزبی دەعوە نییە. پەیوەندی بەوەوە هەبێت کە (پەکەکە) هێزێکی نەتەوەیی، چەپ و مارکسیە، مەسەلەی شیعە و سوننەی زۆر بۆ گرنگ نییە، هەر پەیوەندییەکیش لەگەڵ تاران هۆکاری سیاسیە نەك مەزهەبی، واتا (پەکەکە) سود لە قەیران و ناکۆکی سیاسی ئابوری، مەزهەبی نێوان تورکیا و ئێران وەردەگرێت، نەبووەتە بەشێك لە ململانێی شیعی و سوننی، بەڵام ئێران ئەوە ناشارێتەوە کە حەز دەکات رۆڵی مەزهەبی یان کوردێکی عەلەوی گەر چەپ و رادیکاڵیش بێت بۆی گرنگە کە شیعە بێت، جیا لەوەی ئێران هەمیشە دەیەوێت فایلی شیعەبوونی عەلەویەکان دژی تورکیا سود لێوەربگرێت. پشتیوانیان بکات، هەرگیزیش دەستبەرداری ئەم خەونەی نابێت.

شیعەکانی نیمچە کیشوەری هیندستانیش کە (25) ملیۆن و پاکستان (35) ملیۆن کەسن، لەنێوان

شیعەی دوانـزە ئیمامی و ئیسماعیلیدا دابەشبوون.
ئـێران هەمیشە خـەون بـەوەوە دەبینێت کە رۆڵـی ئەوان بەهێز بکات. بەتایبەت کە لەگەڵ پاکستان لە ململانێی سنوری گەورەدایە لەگەڵ ئەم وڵاتە.
شیعەکانی ئاسیای ناوەند، یەکێکیترن لەو گروپانەی کـۆمـاری ئیسلامی ئــێران، هـەرچـی چۆنێك بێت حسابیان لەسەر دەکـات، وەکو هەر گروپێکی شیعە یان کەمینەیەکی مەزهەبی لەو وڵاتانەی کە لەدوای دەیەی نەوەدەکان لە یەکێتی سۆڤیەت جیابوونەوە، سەربەخۆیی خۆیان وەرگرت.
هەرچەندە ئـێران و روسیا، لە ئێستادا دوو دۆستی نزیکی یەکترن، روسیا زۆر پشتیوانی لە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکات. بەڵام ئێران نایەوێت رۆڵ و مامەڵەکەی بگاتە ئاستێك روسیا نیگەران بکات.
یـان ئـێران دەیـەوێـت ئـەم مەسجە ئـاوا لێبکات، کە ململانێیەکی مەزهەبی لە ناوچەکە هەیە، کە ئێران دژایەتی رەقیبەکانی خۆی و روسیاش دەکات، چ لە تورکیا کە زۆر مەیلیان، بە دەسەڵاتی روسیا نایەت، رەنگە هـەر ئـەم بۆچوونەی ئێرانیش بێت روسیا پشتیوانی لە ئێران دەکات.
شیعەکانی ئیسماعیلە، لـە نـاوچـەی بـەدەخـشـان، شیعە بەدەخشیەکانی تاجیکستان و مەسخەتەکانی ئۆزبەکستان، بـەڵام رەنگە ئـەم کەمینە شیعیانە

پەراوێزترین گروپی شیعە بن کە لە وڵاتێکی وەك تاجیکستان کە (160) هەزار کەسن، لە ناوچەکە، هێشتا نەیانتوانیوە خۆیان ڕێکبخەن، بەڵام ڕەنگە ڕۆژێك بێت سەرهەڵدانی ئەوانیش ببێتە سەردێری میدیاکان و ئەم ئەگەرەش تەنها ئەوکاتەیە کە ئەجێندایەکی نوێی ئێرانی دەکەوێتە ڕۆژەڤەوە.

بەدوای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی ئێران لەساڵی 1979 پەیوەندییەکانی ئێران و سعودیە لەلایەك، ئێران و وڵاتانی کەنداوی فارس بەگشتی رووی لە خراپی کرد، پشتیوانی وڵاتانی کەنداو بۆ عێراق لە شەڕی دژی ئێران، هێندەی تر ئێرانی گەیاندە یەقین، کە تاران بەتەنها روبەرووی وڵاتێکی عەرەبی – سونی لە کەنداو نەبووەتەوە، بەڵکو روبەرووی هەموو وڵاتانی کەنداوی فارسی سوننە وەستاوە، ئەمەش کارێکی یەکجار قورس بوو بۆ ئێران، کە دوو ساڵ بوو هاتبووە سەر کارو دەیویست خۆیی ئەجێنداکەی باشتر ڕەگ دابکوتێت، بەڵام ئەجێندایەکی خۆرئاوایی، هەرچی زوو بوو شەڕەکەی پێشخست. ئێران تەنها ئەوەندە فریا کەوت، کە بیر لە پاراستنی سنورەکانی بکاتەوە، نەك فراوانکردنی جوگرافیاکەی، بەتایبەت لەبواری فراوانکردنی جیۆپۆلەتیکی مەزهەبی، کە لە ئێستادا ئێران ڕێك پێچەوانەی ئەوکاتە کاردەکات. هەموو توانای خۆی خستووەتە گەڕ، بۆ فراوانکردنی

پێگەی ئێرانی - شیعی لە کەنداوی فارسی، بە پلەی یەکەمیش هەراسانکردنی سعودیەی رکابەری تارانە، کە واناسراون هەرکامیان نوێنەرایەتی شیعیزم و سونیزم دەکەن لە ناوچەکەدا.
ئامارەکان دەڵێن (70%) دانیشتوانی کەنداوی فارس شیعەن[1]، بەپلەی یەکەم لە سنورەکانی رۆژهەڵاتی سعودیەن، لە ناوچە دەوڵەمەندەکانی نەوتن، بەتایبەتی لە ناوچەی ئیحسا، بەپێی ئامارەکان ژمارەی شیعەکانی سعودیە (500) هەزار کەسن، لە بەحرەین (350) هەزار، لە ئیمارات (300) هەزار، لە عێراق (12) ملیۆن و (500) هەزار، لە ئێران (51) ملیۆن و لە کوێت ملیۆنێك و (500) هەزار، لە قەتەر (50) هەزارن، ئەم ژمارە زۆرەی شیعەکان لە ناوچە گرنگەکانی نەوت، ترسی لای هەرکام لە شانشینەکانی کەنداو دروستکردووە، هەمووشیان باش دەزانن. مەترسی شیعەکان یەکەم مەترسییە لەسەر پێگەی سیاسی، نەوت و دەسەڵاتەکانیان.
چاودێران پێیانوایە ئەگەر پشتیوانی و هاوکاری ئەمەریکا و خۆرئاوا نەبێت، لەگەڵ بوونی کەشتیگەل و بنکەی سەربازی و هەواڵگرییەکانی لە کەنداوی فارسدا، ئێران (6) مانگی بەسە بە هاوکاری شیعەکان، دەست بەسەر زۆرینەی کەنداوی فارسدا بگرێت. واتا

1- جیۆپۆلەتیکی شیعە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل13

دەست بەسەر جیۆپۆلەتیکێك کە چڕترین ناوچەی گۆی زەویە لـەرووی دانیشتوانی شیعە، گەرمترین بـازاری بەرهەمهێنانی نەوتە. ئێرانیش باش ئەم چیرۆکانە دەزانـێـت، بـەڵام هێشتا دەسـتـبـەرداری خەونەکەی نەبووە.
لەپاڵ سعودیە لە باکوری ناوچەی ئیحسا، دەوڵەتە بچکۆلەکەی کوەیتیش هەیە، کە بەلایەنی کەمەوە یەك لەسەر چواری دانیشتوانەکەی شیعەن، لەپاڵ سنورەکانی لەگەڵ عێراقی شیعی و سعودیەی تەنراو بە شیعە، ئێستاش شیعەکان لە بەرامبەر سوننەکان هەست بە پەراوێزخستن دەکەن. بۆیە ئێران ئەمانە بە شانەی نوستووی خۆی دەزانـێـت، بـەڵام کوەیت بەقەدەر بەحرەین و سعودیە توشی ترس و نیگەرانی نەکردووە، بەڵام کوەیت ئەمانە بە مەترسی گەورە دەزانـێـت. هەربۆیە د.نەبیل عەرەبی ئەمینداری گشتی کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی رایگەیاند: «دەخالەتی ئێران لە کاروباری بەحرەین، هەڕەشەیە لە ئاسایش و ئارامی کەنداو».[1]
هێشتا مەترسییەکە تەواو نەبووە، بەڵکو لە باشوری ئیحسا دەوڵەتی قەتەری بچکۆلە هەیە کە رێـژەی شیعەکانیان (20%) دەبێت، لەپاڵ قەتەر، بەحرەین

1- العربي: تدخلات ايران لشؤون البحرين تهديد لاستقرار الخليج
http//www.egynews.net

هەیە، کە (65%)ی دانیشتوانەکەی شیعەن. ئێران زوو زوو بـەدژی خەلیفە دەیانجوڵێنێت. شیعەکان دێنێتە سەر شەقامەکان. ئەگەر زوو هێزی کۆکراوەی کەنداوی فارسی نەبێت، بەحرەین وەکو پارێزگا یان قەزایەکی ئێران دەکەوێتە دەست شیعەکانی ئێران، کە خامنەئی وەکو رابـەری رۆحی و ئـێران وەکو وڵاتی دایك دەزانن.

بەڵام سەرچاوە عەرەبییەکان ئەم ئامارانە بەراست نازانن و ژمـارەی شیعەکان بە (120) ملیۆن کەس ناودەبەن و پێیانوایە ژمـارەی شیعە کەمینە بوون لەناو وڵاتانی عەرەبی و پێیانوایە ئەو رێژەیە لە کەنداوی عەرەبی وەکو ئەوان ناوی دەبەن (10%)ی هەموو رێژەی دانیشتوانە.

جگە لە وڵاتـی بەحرەین، ئەو رێژەیە بۆ ئـوردون (5%) و کۆی شیعەکانی جیهانیش (15%)ی کۆی دانیشتوانی موسوڵمانان دادەنـێـت و زۆریـنـەی ئەو ژمـارەیـەش لە ئـێرانـدان، بەقسەی ئەو سەرچاوانە (42) ملیۆن کەسن و دواتـر پاکستانە کە لە (33) ملیۆن کەس، رێژەی (20%) و دواتر هیندستان دێت کە (11) ملیۆن و ئازەربایجان (6) ملیۆنە.

سەبارەت بە رێـژەی شیعە لە سعودیە لە سەرچاوە عەرەبییەکان پشت بەو راپۆرتە دەبەستن بەناوی مەسەلەی شیعە لە سعودیە کە لەلایەن گروپی قەیرانە

نێودەوڵەتییەکانەوە (LCG) ساڵی (2005) لە برۆکسل دەرچووەو ژمارەکە بە ملیۆن کەس ناودەبات بە ڕێژەی (10-15 %) لەکۆی دانیشتوانی سعودیە کە بەپێی سەرژمێری ساڵی (2004)، (22.670.000) بووە و شیعەکان لە ناوچەکانی رۆژهەلاتی سعودیە بلاوبوونەتەوە، کە دەوڵەمەندە بە نەوت.

لەبارەی کوێتەوە، سەرچاوە عەرەبییەکان باس لەوە دەکەن کە رێژەکە لە (20%)ی کۆی دانیشتوانە و لە ناوچەکانی کوێت و ئوردون نیشتەجێبوون.

بەلام بەپێی راپۆرتێکی ئەمەریکا ساڵی (2006) لەژێر ناوی (ئازادی ئایینی لەجیهاندا) باس لەوە دەکات، کە ئەو رێژەیە (30%)یە و لەپاڵ ئەوەی کە (100) هەزار شیعە لە کوێت هەڵگری جنسیەی کوێتی نین.[1]

بێگومان ئەم ژمارانەش، رێژەکانیان کەمترە لەچاو ئەو ئامار و رێژانەی پێشوو، ئەوەش هۆکارەکەی چەند شتێکە:

یەکەم: ئەوەی جیاوازی هەیە لە ناوبردنی پێگەی جوگرافی دانیشتوانی شیعە، بەوەی کە جیهانی عەرەبی کەنداوی فارسی بە کەنداوی عەرەب

1– محمد يوسف، قنبلة نووية فارسية و ليست اسلامية، المشروع الشيعي في المنطقة، تحالفات و دلالات، موقع اسلام ديلي.
http//:www.islamdaily.org/ar/general.11779/article.htm

ناودەبەن. ئەمەش واتا ئێران ناگرێتەوە، کە زۆرینەی شیعەی جیهان پێکدەهێنێت، بەڵام بەو بۆچوونەی کە ئەوە کەنداوی عەرەبی نییە، بەڵکو کەنداوی فارسە و پێدەچێت ئەمەشیان راستتر بێت، شیعە لەو ناوچەیە، زۆرینەن و چەند سەرچاوەی فارسی و بیانیش رێژەکە بە (75%) کۆی دانیشتوانی کەنداوی فارسی دەزانن. جگە لەوەش رێژەی دانیشتوان. زۆر زیاترە لە زۆرینەی وڵاتانی کەنداو کە عەرەبن.

لەکاتێکدا، هەرچی ئێرانە، بەردەوام لەهەوڵی زیادکردنی نفوزی شیعە گەراییە لەو وڵاتانە و بەردەوام هەوڵدەدات پەرە بە نفوزی شیعە بدات، بەڵام وڵاتانی عەرەب نەیانتوانیوە ئەمە لەناو ئێراندا بکەن.

لەوانەش گرنگتر، تێڕوانینی ئێران بۆ مەسەلەکە، تێڕوانینی دینی یان مەزهەبییە، بە واتایەکی تر ئینتیمایەکی مەزهەبی - سیاسییە، بەڵام تێڕوانینی عەرەبەکان، تێڕوانینێکی مەزهەبی و نیشتیمانی یان نەتەوەییە، واتا ئینتیمای دینی و نیشتیمانییە.

هیلالی شیعی، کە عێراق و سوریا و لوبنان دەگرێتەوە، دەرئەنجامی شەڕی سوریا نییە، بەڵام ئەم شەڕە یاریدەدەر بوو بۆ سەرهەڵدانی دوو بەرە، وڵاتانی کەنداو هاوپەیمانانی خۆرئاوا و ئیسرائیل لەلایەک، ئێران، عێراق، سوریاو لوبنان لەلایەکی ترەوە، کە

هەرچی دووهەمیانە لەژێر ناوی هیلالی شیعی بانگەشەی نیشتمانی و یەکگرتوویی دەکەن لەگەڵ ئێراندا.[1]

ئیماراتیش یەکێکە لەو وڵاتانەی کە (16%)ی دانیشتوانەکەی شیعەن، ئێران بەردەوام دەست لە کاروباریان وەردەدات و کێشەی دوورگەکانی ئیمارات هێشتا چارەسەر نەکراوەو ئێران زۆرجار کێشەیان بۆ دروستدەکات[2]، ئەمەش دوو گریمانە هەڵدەگرێت:

یەکەم: کەنداوی فارسی لەرووی جوگرافیای ئایینیەوە، لەسەر ئاینزای شیعە، حسابە.

دووەم: نەوتی یەدەگی ناوچەکە، هێندەی مەترسی شیعەی جددیترو قوڵتر کردووەتەوە.

بۆیە تاکە رێگاو دوایین رێگا کە لەبەردەم ئەم شانشینانەدا هەبووە و هەیە، بەردەوام سەرکوتی ئەم شیعیانەیە، کە ئەمەش دیار نییە تا چەند ساڵی تر دەخایەنێت، بەڵام شیعەکانی ئەو وڵاتە سکڵی رق و سورەوە بووی ژێر خۆڵەمێشی دەیان ساڵەی پڕ لە داپڵۆسین، بێ مافی، سەرکوت و مەحرومبوونی شیعەکانە. بەدوای شۆڕشی 1979 گەلانی ئێران

1- عماد صادق العلوان، خرافات الهلال الشيعي.. المثلث السنيى و داعش وما بينهم، العراق تايمز http://aliraqtimes.com/ar

2- نفريد احمد حسن، ايران: التدخل في شؤون الدول واجبي، صحيفة الوطن، العدد 2731. http://www.alwatannews.net

و شیعەکان ئاهێکیان بە بەردا هاتەوە، تائێستاش چاوەڕوانی هەڵاتنی خۆرێکن لە تارانەوە هەڵبێت. ڕزگاریان بکات لەدەست نەهامەتی و چەوساندنەوەی عەرەبە سوننیەکان.

سوريا بەمدوايیانە لە ریزبەندی رووخــان و کۆتاییهاتندا بوو، رووداوەکانی 26ی کانونی دووەمی 2011 کە راپەرینی خەڵکی لێکەوتەوەو تائێستا (210) هەزار کەس بوونەتە قوربانی و (202) ملیار دۆلار زیانی بەرکەوتووە، بەڵام سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە ئێران یەکەم وڵات بووە تا ئەم ساتەش پشتیوانی سیاسی، ئابوری، سەربازی سوریای کردووە.

بەحوكمی بنەماڵەی ئەسەدی عەلەوی، وابریار بوو بەدوای تونس، لیبیا، یەمەن، میسر، سوریا پێنجەمین وڵاتی بەهاری عەرەبی بێت[1] ، وەكو ئەوانەی پێشوو ئێستا سیستمێكی تر لەسەر حوكم بن كە رەنگە هێزە ئیسلامیەكان، رادیكاڵ یان ئیخوان بن، بەڵام ئەوەی روودەدات، ئەوەیە، كە پاش چوار ساڵ لە پشتگیری ئەمریكاو خۆرئاواو توركیا بۆ سوپای ئازادو گروپە نەیارەكانی ئەسەد. بەڵام سەرەنجام نەك رژێمی ئەسەدیان بۆ نەرووخا، بەڵكو ئەو ئەجێندایەی ئەوان سەرەنجام گرووپی داعش و نوسرەی بەرهەم هێنا، كە رۆژئاواش بووەتە قوربانی و رووداوەكانی 2015/1/8-7 لە هێرش بۆ سەر رۆژنامەی شارلی هیبدۆ لە فەرەنسا یەكێكبوو لە دەرهاویشتەكانی شەری سوریاو بەهێزبوونی گروپە تیرۆریستییەكان، گرووپی رادیكاڵ، سەلەفی و جیهادیەكان، وەك چۆن پارادۆكسی پشتیوانی لە ئەمەریكا لە تالیبان، قاعیدەو كردەوەی تیرۆریستی 11ی سێپتەمبەر بوو، ئەمەی فەرەنساش هەمان پارادۆكسی شەری سوریایە، كە لانی كەم توركیا، سعودیەو قەتەر پاڵپشتی یەكەمی بەهێزی داعش بوون كە گرنگترین هۆكاریش شكستی ئەم هێزەی ئیخوان و سوننیانە بوو لە بەرامبەر

1– ئەنوەر حسێن، پریستۆریكای بەهاری عەرەبی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل215

ئێرانی شیعی.
بەڵام خاڵی یەکلاییکەرەوە لەم قەیرانەدا ئەوەیە، ڕۆڵی ئێران بوو بەهۆی پشتیوانی لە ڕژێمی ئەسەد بە دوو فاکتەر ڕووداوەکانی وەکو خۆی هێشتەوە:
یەکەم: لەمێژە پەیوەندی دیمەشق و تاران لەناوچەکە هەیە، بەتایبەتی لە پەیوەندی دژایەتی هەردووکیان بۆ عێراق و سەدام حسێن و بەعس خاڵی هاوشێوەیە لەپاڵ یەك، تێڕوانینی هاوبەش سەبارەت بە تورکیاو پشتیوانی پەکەکە وەکو نەیاری ئەنکەرەو لیوای ئەسکەندەریە، جگە لە مەسەلەی مەزهەبی لەنێوان هەردوو لایەنی (شیعی – سوننی) و بەتایبەتیش لەدوای قەیرانەکانی سوریا دۆستایەتی و هاوپەیمانێتی ئێران بۆ سوریا دەرکەوت.
دووەم: پەیوەندی مەزهەبی نێوان (تاران – دیمەشق) وەکو مەسەلەیەکی مەزهەبی، کە هەردوو حاکمی ئەم دوو وڵاتە شیعەن، دەورونەقشی زۆریان هەبوو لە ڕووداوەکانی عێراق، لوبنان و تورکیا.
شیعەکانی سوریا کە پێکهاتوون لە عەلەوی (13%)، دەروز (3%)، پەیرەوانی گروپی ئیسماعیلیە (1%) کە شیعەگەلێکن، یازدەیەمین ئیمام بەدوا ئیمام دەزانن، نەك ئیمامی مەهدی.
ڕووداوەکانی 2011ی سوریا ئەو بۆچوونەی لای دیمەشق دروستکرد، کە پێویستە جەمسەرگیری شیعی

دابمەزرێنن، لەوەش زیاتر ئەوەیە کە لەمەودوا سوریا پێویستە تاران تەنها وەکو پاڵپشتی سیاسی قبوڵ نەکات، بەڵکو وەکو نوێنەری رەسمی مەرجەعی شیعی قبوڵی بکات.
چونکە یەکەم فاکتەرو کاریگەر کە وای لە تاران کردووە پشتیوانی خۆی بۆ سوریا دەرببڕێت. نەهێشتنی ئەسەدو حکومەتەکەی بەدەردی قەزافی و لیبیا بچێت، ئەوا فاکتەری شیعیە، جا ئەگەر لەبەر شیعە عەلەویەکانی سوریا بێت یان لەبەر پەرینەوەی ئێران بێت لە سوریاوە بۆ لوبنان و هاوکاری حزبوڵڵاو دروزەکان، واتا ئێران لە سادەترین حاڵدا، بەدیوە مەزهەبیەکەی تا دیوە سیاسیەکەی سەیری رووداوەکان دەکات.
تەنانەت ئەوە دیمەشق بوو کە لە دەیەی هەشتاکاندا بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە دروستکردنی یەك بەرەی شیعە لە دەریای ناوەراستەوە تا پاکستان، بەڵام ئێستا دروشمەکە گۆڕاوە بۆ ئەو بەرەیە، بەڵام بە سەرکردایەتی ئێران نەك سوریا.
لەو ناوەدا دیسان فاکتەرێکی بەهێزی ئێرانی، شیعی دەردەکەوێت. کە پاڵپشتی هێزە کوردییەکان دەکەن کە لە 2011 دەستیانگرتووە بەسەر رۆژئاوای کوردستان، کە ئێستاش کانتۆنی (عەفرین، جزیرە و کۆبانێ) یان دروستکردووە و لەلایەن یەکێتی دیموکراتییەوە بەرێوەدەچن. تەنانەت باس لەوە دەکرێت، سوریاش

هاوكاريان دەكـات، بـەڵام هيچ گومان لـەوەدا نييە، كە ئێران پاڵپشتی كوردەكانی سوريا دەكات. لەرێگای پـارتـی كـرێـكارانـی كـوردسـتـانـەوە، بەتايبەتی كە سنورەكانی كـوردەكـان لـەگـەڵ توركيايەو ئێرانيش بەدوای رووداوەكانی بەهاری عەرەبی درێغی لەهيچ هاوكارييەكی نەيارانی ئەنكەرە نەكردووە، كە بێگومان ئەمە سياسەتی روسيای رێبەری بلۆكبەنديو، ناوچەيی ئێران لە سوريا – روسياشە.
دەكـرێـت بلێين ئـەو خۆراگرييەی لە كۆبانێ كرا، مايەی شكستی سياسەتەكانی توركيا بوو، لەهەمانكاتدا ئێرانيشی خۆشحاڵكرد، چونكە لەلايەك تێكشكاندنی ئەنكەرە بوو، لەلايەكيشەوە كەمكردنەوەی فشار بوو لەسەر سورياو شكاندنی هەيمەنەو فۆبيای داعش بوو، كە تا سەر ئێسقان دژی شيعە، ئـێران و هەيمەنەی ئێرانن.
بۆيە لە خراپترين حاڵدا ئەگەر سوريا دابەشبكرێت، ترسی هەرێمی جياوازی شيعی، كوردی، سوننی هێشتا هـەر ئـێران هەيمەنەی خـۆی لـەرووی مەزهەبيەوە دەپارێزێت. دەتوانێت سۆزی كوردەكانيش بۆ خۆی رابكێشێت.
ئەمەش ديسان ئەو فەلسەفەيە، كە ئێران ناوی دەنێت هەموو شتێك لەرێگەی شيعەوە، هەموو شتێك بۆ بەهێزكردنی شيعە، وا دەردەكەوێت ئێران لە سوريا

یەکەم قسەکەرەو ئەجێندای ڕووداوەکان ئەو کاری لەسەر دەکات و ئەگەر هاوکاری سەربازی، دارایی، لۆجستیکی ئێران نەبێت، بەشار ئەسەد بەرگەی شەش مانگی نەدەبرد، بەدەردی میسرو یەمەن دەچوو، بۆیە ئەسەد بۆ هەمیشە قەرزاری ئێرانی شیعیە. پێناچێت ئێرانیش هیچی لەوە زیاتر بوێت کە لە سوریا گرنگی بە سیاسەتەکانی ئێرانی شیعی بدات. هەمیشە وەکو پردی پەیوەندی شیعەکان لەنێوان لوبنان و عێراق بێت.

خاڵێکی تری گرنگ ئەوەیە کە ڕۆڵ و هەیمەنەی ئێران لە سوریا، ئەمەریکاو خۆرئاوای ناچار کرد، چاو بەو پەیوەندیانەدا بخشێنێتەوە. قسەی ئێران بەهەند وەربگرێت، هەربۆیە لە کۆتاییەکانی 2014 دا فشارەکانی خۆرئاوا لەسەر سوریا کەمبونەوەو ڕەنگە بیر لەوە بکەنەوە دەست لە ڕووخانی بەشار ئەسەد هەڵبگرن، چونکە ڕەنگە یەکێك لە مەرجەکانی ئێران بێت بۆ پاشەکشە کردن لە بەرنامە ئەتۆمییەکەی، واتا لە ئێستادا ڕۆڵی ئێران لە ناوچەکەدا بە شێوەیەکە کە تاران سەنترالی بەهێزە، عێراق، لەریزی دووەمدایە کە نوێنەرایەتی ڕەسمی دەوڵەتی شیعی لەژێر هەیمەنەی ئێراندا دەکات و خاوەنی حکومەت و دەسەڵاتی یاساییە، سێیەم یەمەنە، کە جەماوەری شیعی لە حوسیەکان، پاڵپشتی ئێران موعجیزەیان خوڵقاندووە، کە دوای ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی و ڕاکردنی عەلی

عەبدوڵڵای ساڵحی دوژمـنی سەرسەختی حوسیەکان ئێستا بوەتە پشتیوانیان و تەئیدی سیاسەتەکانی ئێران دەکات، تەنانەت زۆربـەی وڵاتی یەمەنیان خستوەتە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە، ئەمەش رۆڵی ئێران گەورەتر دەکات و ترسی گەورەش لەسەر نەیارە سەرسەختەکانی سیاسی و مەزهەبی و نەوت لە (سعودیە) دروستدەکات، چـوارەم، لوبنانە کە حزبوڵڵاو حەسەن نەسروڵڵا نوێنەری خومەینیە، تەواو هەیمەنەی کردوە لە لوبنان و هەرکات بیەوێت گەمارۆی حکومەت و پەرلەمان دەدات و بوەتە یەکەم هێزی حزبی تۆکمەو بەدیسپلین کە دەتوانێت لوبنان بەرێوەبەرێت، سـەرەرای ئەوەی کە پەرلەمانیش بەدەست شیعەکانەوەیە، ئەمەش واتا حزبوڵڵا یەکەم حزبی بەهێزی شیعی ناو جەمسەرگیری ئێرانیە لەناوچەکەدا کە پتەو و بەئیمان بێت و هەیمانەی هەبێت، پێنجەم، ئەفغانستانە کە تائێستاش شیعەکانی ئـەو وڵاتـە رۆڵـیـان هەیە لە دەسـەڵات و سیناریۆکاندا، شەشەم، شیعەکانی بەحرەینە کە راستە رێکنەخراون و خـاوەن دەسـەڵات نـین، بـەڵام ئـێران دەتوانێت لەهەر کاتێکدا بیەوێت خۆپیشاندان بکەن و فشار بخەنە سـەر دەسـەڵاتـی سوننی و بەحرەین، حەوتەم شیعەکانی تورکیایە کە جاروبار دەیانجوڵێنێت بەڵام زۆر کاریگەر نین.

واتا پێگەی شیعی، کە لە ئێستادا لە ئێران دەیانجوڵێنێت.

له حەوت شوێنی جیادا ڕۆڵدەگێڕن، کە هەرکامیان بە فۆرمێك و شێوازێکن لەبواری ڕۆڵبینینی سیاسی و مەزهەبی و مەرجەعی سەنتراڵ، بەهێزی حوکمران لە دەسەڵاتدا، هەیمەنەی حزبی، هەیمەنەی جەماوەری، واتا هەرکام لەم هێزە شیعیانەی ئەم حەوت شوێنە ڕۆڵێکیان هەیە لە قەیرانەکاندا دەجوڵێنرێن و کاریگەریان دەبێت، سیاسەتەکانی ئێران جێبەجێ دەکەن، هەمووشیان لەژێر ناوی پیرۆزی شیعەگەراییدایە، کە ئێرانیش کتومت هەر ئەمەی دەوێت، ئەونایەوێت ئەم هێزانە ڕۆڵ بگێڕن گەر خەباتی شیعەگەرایی لە خەباتی خۆیان جیابکەنەوە، چونکە ئێران بەباشی لەوە تێدەگات کە دەبێت هەموو شیعە لەیەك کاتدا هەست بە مەزلومیەت و گەورەیی، هەست بە ژێردەستەیی و سەربەرزی، هەست بە چەوساوەو خاوەن پشت بکات، هەست بە غەدرو چەوسانەوە، بەڵام هەڵسانەوە بکات، بەمەش ئێران باش دەزانێت کە شیعەکان دەبێت وەکو شیعە خۆیان بناسن، وەکو شیعە بژین، وەکو شیعە خەبات بکەن، وەکو شیعە سیاسەت و ژیان بکەن، وەکو شیعە خەون ببینن، وەکو شیعەش بمرن، ئەمە دوایین مانیفێست و خەوبینینی ئێرانە و دوایین تێڕوانینی ئێرانە بۆ جیهانی شیعە.

دروزەکـــان، کەمینەیەکی تــری شـیـعـەن، کـە بێ کاریگەری نین لەژێر دەسەڵاتی ئێراندا و بە چەندین شوێندا بڵاوبوونەتەوە، وەکو (360000) لە سوریا، (310000) لە لوبنان، (60000) لە ئیسرائیل، (10000) لە فەلەستین و (10000) لەئەرجەنتین واتـا نزیکەی (700000) کەس دەبن[1]، ئەگەرچی هەندێك لەم کەمینە شیعیانە لەگەڵ سیاسەتەکانی

1- فرانسوا توال، هەمان سەرچاوەی پێشوو ل

ئـێران یەکناگرنەوە، وەك ئەوانەی لە ئیسرائیلن، بەڵام پێناچێت ئێران ئەمانە بێ کاریگەر جێبهێڵێت و بەتایبەتی کە عەلەویەکانی سوریاو شیعەکانی لوبنانی کۆنترۆڵکردووە.

بەتایبەتی لـەدوای شۆڕشی 1979 خەڵکی ئـێران شیعەکانی باشوری لوبنان بونە ئامانج، پێگەی هێزی شۆڕشی ئێران، بەڵام لە شەرە ناوخۆییەکانی لوبناندا شیعەکان دابەشبوون بەسەر حزبوڵڵا کە پشتیوانی لە ئێران و بزوتنەوەی ئەمەل پشتیوانیان لە سوریا دەکرد. هەندێکیشیان پەیوەندیان کرد بە پارتە چەپەکانی لوبنان، لەکاتێکدا ژمارەی شیعەکان لە لوبنان بە ملیۆنێك کەس مەزەندە دەکرێت، بەڵام ئێران و لوبنان و جیۆپۆلۆتیکی شیعەکان بەتایبەت شیعەکانی باشورو حزبوڵڵای زۆر بۆ گرنگە. بە یەکەم هێزی شیعی دادەنرێت کە روبەرووی دوژمنە گەورەکەی ئێران کە (ئیسرائیل) وەستاوەو مەترسیشی دروستکردووە، بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی، بۆیە ئێران رەنگە هێندەی حزبوڵڵاو حەسەن نەسروڵڵا هاوکاری خۆشەویستی بۆ چەند گروپێکی شیعی و رابەرەکەی دەرنەبرێت و بۆی گرنگ نەبێت.

ساڵی 2011 بـەدوای شـەرو قەیرانەکانی سوریاش باشتر رۆڵی حزبوڵڵای بۆ دەرکـەوت، کە راستەوخۆ چووە شەڕەکەوەو پشتیوانی لە ئەسەد کرد.

هەر ئەوکاتەش کە حزبوڵڵا دروستبوو لە فێبرایەری 1985 رایگەیاند «کە پابەند دەبین، بەبریاری حەکیمانەو دادپەروەرانەی ویلایەتی فەقیهەو ئایەتوڵڵا خومەینی»، بەپێی سەرچاوەکان باس لەوە دەکرێت کە حەسەن نەسروڵڵا ئەمینداری حزبوڵڵا، نوێنەری ڕەسمی خومەینییە لە لوبنان، چونکە هەموو جوڵەو کارەکانی نەسروڵڵا بە قازانجی ئێرانە.[1] ئەوە جگە لەوەی حزبوڵڵا لەرێگەی خۆیەوە دەتوانێت پردێکی پەیوەندی ئێران و فەڵەستین بۆ گروپەکانی وەك حەماس و جیهادی فەلەستین دروستبکات، ئەگەرچی ئەمەش دوژمنایەتی ئێران بۆ فەڵەستین ئەم دوو گروپە هەر سۆزی زۆریان لەگەڵ ئێران و سوریا هەیە، بە چەك و کەلوپەلی سەربازی، ماددی هاوکاری دەکرێن. بەمدواییانەش محەمەد زەیف بەرپرسی گشتی کەتائیبی عزەدین قەسام لەنامەیەکدا بۆ حەسەن نەسروڵڵای ئەمینداری حزبوڵڵای دۆستی ئێران داوای هاوکاری دەکات، لەدژی ئیسرائیل. ئەمە لەکاتێکدا بوو کە ساڵی (2014) لە ئەنجامی هێرشی فرۆکە ئیسرائیلییەکان لە جولان، کورێکی عیماد مەغنیە بەناوی جیهاد کە پاسەوانی تایبەتی قاسم سولەیمانی بوو، لەگەڵ شەش کەسی حزبوڵڵا کوژران،

---

1- بهاء الدين الزهري، سوريا و المشروع الصفوي الايراني
http:/www.alukah.net/culture

لەناویاندا بەرپرسێکی باڵای سوپای پاسدارانی ئێرانی تێدابوو.[1]

کە لەڕاستیدا ئەم دوو گروپە و چەند گروپی تری وەکو کۆمەڵی ئیسلامی و بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عیراق، گروپی ئیسلامی رادیکاڵی سوننین، بەڵام ئێران چونکە دەتوانێت سودیان لێوەربگرێت، یارمەتیان دەدات و بەڵام ئەمانە بەشێك نین لە جیۆپۆلەتیکی پانوپۆری ئێرانی - شیعی، بەڵکو بەشێکن لە کاریگەری و فشارە سیاسیەکانی ئێران لە ناوچەکەدا، کەڵکیان لێوەردەگرێت و تا رادەیەکی زۆریش سەرکەوتوو بووە.

ئەمەش بە ئاماژەکردن بەوەی کە ئێران بۆی گرنگە هەمیشە قەیرانەکان بنێرێتە دەرەوەو لایەنگرانی گروپە دۆستەکانی ئەجێندا سیاسی و سەربازیەکانی بۆ جێبەجێ بکەن، کە ئەم دوو گروپە سوننیە لەو شێوازەن کە بێگومان لەزۆر شوێنی تریش سود لەو گروپە سوننیانە وەردەگرێت، وەکو باسدەکرێت شەبابی سۆماڵی یەکێکە لەوانەو لەزۆر شوێنی تریش ناراستەوخۆ ئەوکارانە دەکات، بەڵام ئامانجەکەی ئەوەیە کە هەموو ئەم کارانە لە خزمەتی فراوانکردنی

1. حماس و حزب اللة، ماتجمعها ایران لاتفرقهما سوریا، میدل ایست اونلاین، فبرایر 2014.
http://www.middle-east-online.com

جیۆپۆلەتیکی شیعە بەکاردەهێنرێت.
ئێران سەبارەت حزبوڵلا دریغی نەکردووەو بوونی بە خاوەنی (15000) موشەك و دەیان هەزار چەکدارو فرۆکەی سیخوری بێ فرۆکەوان و کاتیۆشاو چەکی دژە فرۆکەو تواناى ماڵی و سەربازی و بوونی کەناڵی المناری ئاسمانی، بەهۆی ئێرانەوەو پێدانی هاوکاری بە بری (25 – 50) ملیۆن دۆلاری ساڵانە. [1]
بەڵام واقعیەتێك هەیە کە پێش شۆرشی 1979 ئێران و شیعەکان لە هەموو ئەو شوێنانەی باسمان کرد، خرابوونە پەراوێزەوەو کرابونە پاشکۆو لەحاڵەتی گۆشەگیریدا بوون، بەڵام لەدوای شۆرشەوە، وردە وردە گەشەیان کرد لەبواری سیاسی و کۆمەڵایەتی، هەرچەندە شیعەکان لەرووی تیۆریەوە باوەری بە گەرانەوەی رزگارکەر هەیە لە گەرانەوەی ئیمامی نادیار خۆی دەخاتەروو، هەرچەندە هێشتا جوگرافیای شیعە لە کۆمەڵە دورگەیەکی جیاوازو پەرتەوازە دەچێت، بەڵام وردە وردە خەریکە پێگەو رۆڵی خۆی دەدۆزێتەوە لەسەر نەخشە سیاسی، ئیسلامی جیهانی و ناوچەییدا.
یان وەکو باسدەکرێت، ئێران خەریکە لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا وەکو ئیمپراتۆریەتێکی شیعە سەرهەڵدەدات.

---

1– ئەنوەر حسێن، کوردو قەیرانەکانی عێراق، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل61.

لەمبارەیەوە رۆژنامەی مەعاریفی ئیسرائیلی لەساڵی (2005) لەبابەتێکدا لەنووسینی زەڵمای شابیرا دەنووسێت: «دەوڵەتی ئێران مەشروعی ئیمپراتۆرییەکی شیعەی پێیە، زۆر نابات ئێران، عێراق، سوریا و لوبنان پەکدەخات و ئیسرائیل دەخاتە گروگازەوە و ئاسایشی ئیسرائیل دەخاتە مەترسییەوە».[1]
ئەم بۆچوونانە دەکرێت بڵێین زۆریان راستن، بەو دەلیلەی ئیسرائیل لە ساڵی (2006) لەگەڵ حزبوڵڵا توشی کۆمەڵێك پێکدادانی تاڵ بووە، کە حزبوڵڵا موشەکی گرتە حەیفا، لە عێراق تا دێت رۆڵی ئێران زۆرترو زیاتر دەبێت. وەکو باسدەکرێت لە بوارەکانی ئاسمانی و دەریایی و زەمینی خۆی خزاندووەتە عێراقەوەو دوای شەرەکانی داعشیش باشتر دەرکەوت. لوبنان بەتەواوی کۆنترۆڵیکردووە، خەریکە قسەکەی ئەلکسەندەر مارانش راست دەردەچێت کە دەڵێت: «ئیمپراتۆریەك بەرێوەیە، کە لە سنورەکانی هیندەوە هەتاوەکو کەنارەکانی دەریای سپی کۆنترۆڵدەکات».

1–شیعە هەناوی خۆرهەڵاتی ناوەراست کۆنترۆڵدەکات، گۆڤاری شار، ژمارە 43، 1–2–2015، ل45–46–47.

# گەردەلولی زەبر (عاصفە الحزم)

## ململانێی شیعی - سوننی

سەرئەنجام شەوی پێنج شەممە 26ی ئازاری 2015 بەشێوەیەکی لەناکاو و کتوپڕ لەژێر ناونیشانی گەردەلولی زەبر، هێرشی ئاسمانی بۆ سەر پێگە سەربازیەکان، گەنجینەکانی چەك کە لەژێر دەسەڵاتی حوسیەکان و هێزە سەربازیەکانی لایەنگرانی(عەلی عەبدوڵڵا ساڵح)بەسەرکردایەتی عەرەبستانی سعودیە و بە بەشداری وڵاتانی عەرەبی بۆ سەر یەمەن دەستپێکرد.[1]

هێرش و دەستبەسەرداگرتنەکانی شوێنەکان لەیەمەن لەلایەن حوسیەکانەوە و بەتایبەتی سەنعا و عەدەن و سنورەکانی سعودیە لەپاش شەڕ و ئاژاوەکانی یەمەن لە ئابی 2014 بەرپرسانی سعودیەی هاندا، کە چەند گەشتێك بکەن بۆ وڵاتانی کەنداو لەو مەترسیانە

1– عاصفة الحزم.... السياق و الآهداف و التداعيات . الخليج الجديد، الانصات المركزى ، 6131

ئـاگـاداريـان بكەنەوە، بەتايبەت دواى هاتنە سەر تەختى پاشايەتى مەليك سەلـمان .
پێداگيرى ولآتانى كەنداو بۆ پشتيوانى عەبد رەبە مەنسور هـادى سـەرۆك كۆمارى يەمەن، جێبەجێ كردنى بڕيارەكانى ئەنجومەنى هاريكارى كەنداو وايكرد ئەو هاوپەيمانێتيە سەربازييە بەشێوەيەكى چاوەڕوانەكراو و زوو پێكبێنێت، ولآتانى (پاكستان، سودان، ئەردەن و توركيا)بەشداربن، واتا هێرشەكان پەيامێك بوون بۆ كۆمارى ئيسلامى ئێران كە زياد لە پێويست مەترسى دروست كردبوو بۆ سەر سنورەكانى سعوديە و ولآتانى كەنداو، دەستگرتنى بەسەر شوێنە ستراتيژ و گرنگەكاندا.
گێرانەوەى هاوسەنگى هێزبوو لەنێوان ولآتانى كەنداو لەلايەك و ئێران لەلايەكى ترەوە، بەشدارى توركياش كردنەوەى ميحوەرێكى ترى عەرەبى و توركى بوو دژى هەيمەنەى ئێران لەناوچەكەدا.
بێگومان ئێران لە سوريا، عێراق، يەمەن...هتد، بەتەواوى پارسەنگى هێزى بە قازانجى خۆى گۆڕيبوو و توانيبووى بەشار بەسەر پێوە رابگرێت، عێراق كۆنترۆل بكات و يەمەنيش بكاتە مەيدانى زۆرانبازى خۆى و سعوديە.
تا ساتى تەنگ پێهەڵچنينى ئێران لەيەمەن بەرامبەر سعوديە و ولآتانى كەنداو يان(سوننەكان) سعوديە و ولآتـانـى عـەرەبـى راسـتـەوخـۆ نـەچوونـە شـەڕى

ناراستەوخۆی ئێران لەو وڵاتانە، لوبنان و بەحرەین.
ئەوان دەیانزانی کە سوپای پاسداران و حیزبوڵڵای لوبنانی پاڵیانداوەتە بەشار ئەسەد و ڕێگا نادەن بروخێت، بۆیە تەنها لایەنگرانی سوننی خۆیان و چەند هێزێکی تریان باربۆ دەکرد و پڕ چەك دەکرد، بەڵام هەوڵەکانیان بێئاکام بوو.
لەململانێی شیعە و سوننە لەعێراقدا، ئێران تا بە ئێستاشەوە هەژمونی خۆی سەپاند و بەسەر عێراقدا، تا دێت سوننەکان لاواز دەبن، کە بەدۆستی سعودیە و کەنداوییەکان و تورکیا ناسراون و هەرچیەکیان لەدەستهات بۆ شکاندنی هەیمەنەو هەژمونی ئێران لە پشتیوانی سوننەکان درێغیان نەکرد، بەڵام بێئاکام بوون لەشەری ناراستەوخۆی ئێران.
لەیەمەن، کاتێك ئێران، کارتەکانی خۆی خستەگەر، ئیتر سعودیە و شێخە نیشینەکان کە هەر خەریکی ناردنە دەرەوەی نەوت و کەڵکەکردنی دۆلار بوون، تەواو شڵەژان و ناچار بوون بریاری شەری راستەوخۆ بدەن، شەرێك کە پەیامەکەی ڕوو لە تاران بوو.
واتا گەردەلولی زەبر رقی پەنگخواردووی سعودیە و کەنداوییەکان و تورکیا بوو لە بەرامبەر ئێراندا، کە تا دەهات هەژموونی هیلالی شیعی پر کاریگەرتر دەبوو.
وڵاتانی کەنداو بەشێك لە چاودێران، ئەم شەر و کوشتارەیان خستە ئەستۆی ئێران، گوایە لە پشت

ئاریشە و قەیرانەکانی یەمەنەوەیە .[1]
شەڕەکانی یەمەن، مەترسی گەورەیان دروستکردووە و لەمبارەیەوە ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆستی ئەمەریکی نووسیویەتی «ململانێکانی یەمەن، ئاژاوەیەکی نوێ لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا» [2]
گەردەلولی زەبر، بەدیویێکدا گەر هێرشێکی سیاسی و سەربازی سعودیە و کەنداویەکان بێت لە دەرئەنجامی ململانێی(شیعە و سوننە) و ڕێگرتن بووبێت لەهەژموونی ئێران لە ناوچەکە.
دیوێکیتری ململانێکە، ئابوورییەکە واچاوەڕوان دەکرا ئێران دەست بگرێت بەسەر گەروی باب ئەلمەندەب، کە ڕۆژانە سێ ملیۆن بەرمیل نەوتی پێدا تێدەپەڕێت، لەکەنداوەوە بۆ ئەمەریکا و ئەوروپا، بازرگانی نەوت بە شادەماری ئابوری عەرەبستانی سعودیە دادەنرێت.
خاڵی سێیەم دیووی شاراوەی ململانێکانیش خواستی سعودیەیە بۆ مانەوەی وەکو ڕابەر و سەرکردایەتی وڵاتانی کەنداو و قسەکەری یەکەم و کۆتایی، کە تەنها ئێران بەمەترسی و ڕکابەری سەرەکی خۆی دەزانێت، بەڵام ئەمە واتای ئەوە نییە کە قەتەر، ئیمارات، بەحرەین، هەست بە مەترسی ئێران ناکەن، ئەوەشی

1–ردوو افعال يمنية متباينة بشأن عاصفة الحزم، الجزيرة.نيت.

2– واشنطتن بوست: كيف لنيذر الصراع اليمني بفوضى الجديد في الشرق الاوسطة، مصر العربية.

که مایەی سەرنج بوو، بێلایەنی و بەشداری نەکردنی شانیشینی عوممان بوولە گەردەلولی زەبر، کە بەیەکێك لە دۆستە نزیکەکانی ئێران لەکەنداو دادەنرێت.[1]

بەشداری میسر، بۆ پشتیوانی لەسعودیە فاکتەرێکی گرنگ بوو، گەرچی پاشەکشیەیەکی زۆر روویدابوو لەپەیوەندیەکانی سعودیە و میسر بەتایبەتی پاش رووداوەکانی بەهاری عەرەبی و گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن ئیخوانەوە.

بەڵام پشتیوانیەکەی میسر لە گەردەلولی زەبر و پەلاماردانی داعش لە لیبیا، گەرانەوەی خێرایی میسر بوو لەهاوکێشەکاندا، جیا لەوەی پەیوەندی ئێران و میسر باش نەبوو، قاهیرە نیگەرانی هەبوو لەوەی ئێران بگاتە دەریای سوور، سەرەرای جیاوازی حاکمیەتی تاران و قاهیرە، ئەوەشی پەیوەستە بە بەشداری تورکیا، پشتیوانی ئەنکەرە بوو لەهاتنە سەرکاری شا سەلمان، کە خوازیاری چاکردنی پەیوەندی نێوان هەردولا بوو.

لەپاڵ ئەوەشدا بەشداری تورکیا گەر فرۆکەی جەنگی نەبوو، بەڵام چوونە پاڵ سعودیە یەکانگیرە لەگەڵ رێگری لەهەژموونی فراوانخوازی ئێرانی و گەیشتنی بە دەریای سوور و پێگەی ئێران لە رێگەی حزبوڵڵاوە لە لوبنان و سوریا.

---

1- خارطة المصالح الدولية باليمن، نون بوست

رۆڵی ئەمەریکا لە هێرشەکانی گەردەلولی خۆراگری(زەبر)

پەیوەندی بەوەوە هەبوو، گەروی باب ئەلمەندەب وەك یەکێك لەگرنگترین دەروازەکانی تێپەرینی نەوت لەناو حەوت شوێنی ستراتیژی جیهان لای ئەمەریکا، هەربۆیە پشتیوانی لۆجستیکی- هەواڵگری پێشکەش کرد و هەماهەنگی زۆریشی کردووە لەگەڵ سعودیە.

لەلایەکی تریشەوە ئەمەریکا بەرژەوەندی تایبەتی لەگەڵ ئێران هەبوو، بەتایبەتی هەردوو فایلی عێراق و ئەفغانستان لەگەڵ گرنگی گەرووی هورمز.

بۆیە پارادۆکسێتکی زۆر لە سیاسەتی ئەمەریکا بەرامبەر ئێران لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەدی دەکرێت.

واتا لەیەمەن دژی ئێران، پشتیوانی لە سعودیەو هاوپەیمانی سوننی دەکات، بەڵام لەعێراق هاوپەیمانی ناراستەوخۆی لەگەڵ ئێران هەیە بۆ دەرپەڕاندنی داعش، کە لەلایەن سعودیە و هاوپەیمانە سوننیەکانەوە پشتیوانی دەکرێت، یان لە ئەفغانستان هەماهەنگی لەگەڵ ئێران دەکات بۆ دەرپەڕاندنی قاعیدە، بەڵام لە سوریا دژی ئێران لەبەرەی تورکیا و وڵاتانی کەنداو دایە.

هەموو ئەمانەش هیچ نییە جگەلە بەرژەوەندیەکانی ئەمەریکا لەناوچەکەدا.

هیندستان و پاکستان دوو وڵاتی خاوەن چەکی ناوەکی

و مەترسیداری نیمچە کیشوەری هیندستان، وەکو دوو زلهێزی گەورە رۆڵ دەگێڕن.
بەڵام بەشداری پاکستان لەگەردەلولی خۆڕاگری(زەبر) دژی حوسیەکان، زیاتر لە وڵاتان بەشداری شەڕەکە سەرنجی هەموو لایەکی راکێشا، ئەگەر چی هەست بەململانێ و ناکۆکی قوڵی نێوان ریاز و تاران نەدەکرد.
بەڵام ململانێی تایەفی شیعە و سوننە لەباشور و ناوەراستی ئاسیا گرنگیەکی زۆری هەبوو، بەتایبەتی پێگەی پاکستان لەبواری بازرگانی لەزەریای هیندی و دەریای سوور، بەتایبەتی پاوانخوازی ئێران لەو ناوچەیە، پاکستانی توشی دڵەراوکێ کردبوو.
سەرەرای پەیوەندی توندوتۆڵی ئێران لەگەڵ هیندستان و عومان، وایکرد پاکستان بچێتە بلۆکی سعودیەوە دژی ئێران بەشداری بکات لەشەری دژی حوسیەکان، بۆئەوەی دەستیان نەگات بە باب ئەلمەندەب، کە رێرەوێکی گرنگی بازرگانی پاکستانە لەگەڵ ئەوروپا و ئەمەریکا.
بەڵام هیندستان نەك بەشداری شەرەکەی نەکرد، بەڵکو هەوڵیدا بێلایەن بێت، داوای ئاسایشی بۆ یەمەن کرد، خوازیاری پەرەسەندنی ناکۆکیەکانی نەبوو لەگەڵ پاکستان لەسەر ناوچەی کشمیر لەوە زیاتر، روسیا و چین وەکو دوو وڵاتی زلهێز ئەگەرچی ئاسایشی گەرووی باب ئەلمەندەبیان بۆ گرنگ بوو،

بەڵام پشتیوانی حوسیەکانی دۆستی ئێرانیشیان نەکرد، بەڵام هەرچی روسیا بوو فایلی گرنگی وەکو ئۆکرانیای هەبوو.

پاش چەند ساڵ لەکێشە و ئاریشەکانی سعودیە و بەتایبەتی بەدوای رووداوەکانی بەهاری عەرەبی لەساڵی 2011دا، یەمەن بووە مەیدانی ململانێی نێوان ئێران و سعودیە.

بۆیە لەگەڵ نزیك بوونەوەی حوسیەکان لە سنورەکانی سعودیە، هاوپەیمانێتی سەربازی لەنێوان سعودیە، کوێت، ئیمارات، تورکیا، میسر، لەمایسی 2014 پێکهات، لەکاتی هێرشەکاندا وڵاتانی بەحرەین، قەتەر، پاکستان، ئەردەن پەیوەست بوون بە بریاری هێرشەکەیاندا، سەرچاوەکانی میدیا باس لەئاگاداربوونی ئەمەریکا دەکەن لەسیناریۆکان و کات و وادەی هێرشەکان، پاڵپشتی کردنیان، لەمبارەیەوە ئەنوەر قرقاش وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری دەرەوەی ئیمارات رایگەیاند: «بریاری بەشداری لە گەردەلولی خۆراگری، پەلە نەبووە، بەڵکو پێشتر دانوستانی چروپری لەسەرکراوە، سەرەرای هەوڵەکانی ئاشتەوایی و رووبەربوونەی حوسیەکان، بەڵام سەرئەنجام پلانەکەی ئێران، کە کۆکردنەوەی گەورە هێزەکانی ناوچەکە و هاوپەیمانەکانی بوو، بۆ رووبەروبونەوەی ئێران».[1]

1- السعودية و المبادرة العسكرية في اليمن، صحفية واشنطن بوست.

هێشتا قەیرانەکانی یەمەن چارەسەر نەکراون و پێناچێت بەمزوانەش بەتەواوی چارەسەر بن، بۆیە ترسی هەیە لەوەی پاش شەڕەکانی گەردەلولی خۆراگری، شەڕەکە بەجۆرێك بگۆردرێت بەشەڕی ئێران و سعودیە بەوەکالەت.

بەتایبەتی کە فایلی لایەنگری و دژایەتی ئێران و سعودیە لەعێراق، سوریا، یەمەن تێکەڵ بووە، بۆیە مەترسی گەورە هەیە لە چارەنوسی ناوچەکەو هەڵگیرساندنی شەڕێکی گەورەتر و ماڵ وێرانکەرتر، کە ڕەنگە زەرەری زۆر لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست و کەنداوی فارسی لێبکەوێتەوە.[1]

ڕووداوەکانی یەمەن و هێرشەکانی گەردەلولی زەبر، پێشهات و خوێندنەوەی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا، لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی سەرهەڵدانی بیرۆکەی هێزی عەرەبی هاوبەش، بەمەبەستی پاراستنی ئەمنی قەومی، ڕێگری لە نفوزی ئێرانی لەناوچەکەو ڕووبەڕوبونەوەی مەترسیەکان و تیرۆر، بەتایبەتی ئەو قەیرانانەی لەوڵاتانی عەرەبی سەریهەڵداوە و بەتایبەتی دوای ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی لە لیبیا، تونس، بەحرەین ڕووداوەکانی یەمەن و عێراق بەتایبەتی و سەرهەڵدانی داعش.

1- مناوف من تحول عاصفة الحزم الى حرب بالوكالة بين السعودية و ايران، صحيفة الوفد .

سەرەڕای ئەوانە ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو، مەترسیەکانی لوبنان، سومال، فەلەستینی بە گرنگ زانیووە.

بۆیە هەموو ئەو قەیران و ئاریشانە، وڵاتانی کەنداوی هێناوەتە سەر ئەو قەناعەتەی کە پێویستە بەهاوکاری رووبەروی مەترسیەکانی بنەوە، بەهێزی سەربازی. [1]

---

1- القوة العربية المشتركة، حماية للآمن القومي... ام للآنظمة، مصطفى بسيوني، الحوار المتهدن.

# سوپای وڵاتانی عەرەبی

گۆڤاری گڵۆباڵ فایەر پاوەر، کە تایبەتە بەریزبەندی هێز و سوپا، لەدوایین راپۆرتی خۆیدا، ریزبەندی بۆ(126)دەوڵەت کـرد، لـەسـەر ئـاسـتـی جیهان لەناویاندا(19)دەوڵەتی عەرەبی.
بەپێی ئـەو ریزبەندیـە بۆ وڵاتانی عەرەبی میسـر لەپلـەی (18)، جەزائـیر (27)، سـعودیە(28)، سـوریا(42)، مەغریـب(49)، ئیمـارات(50)، تونس(58)، ئەردەن(64)، عوممان(69)، کوێت(71)، قەتـەر(77)، یەمـەن(79)، بەحرەیـن(83)، لوبنان(86)، سـودان(101)، عێراق(112)، باشـوری سودان(121)، لیبیا(122)، سۆماڵ(126) .... .
جیا لەوانە راپۆرتەکە ریزبەندی ئەو وڵاتە عەرەبیانەی کردووە بەپێی ژمارەی سوپا بۆ ساڵی(2014) کە بەم شێوەیە:

1- جەزائیر لە پلەی(9)دایە، لەسەر ئاستی جیهان بە (512000) سەرباز.
2- میسر لە پلەی(11)دایە، لەسەر ئاستی جیهان بە (468500) سەرباز .
3- عێراق لە پلەی (21)دایە لەسەر ئاستی جیهان بە (271500) سەرباز.
4- سعودیە لە پلەی(24)دایە لەسەر ئاستی جیهان بە (233500)سەرباز.

5- باشوری سودان له پلەی(26)دایه لەسەر ئاستی جیهان به (210000) سەرباز.
6- مەغریب له پلەی(29)دایه لەسەر ئاستی جیهان به (195800) سەرباز.
7- سوریا له پلەی (32)دایه لەسەر ئاستی جیهان به (178000)سەرباز.
8- لوبنان لەپلەی(40)دایه لەسەر ئاستی جیهان به (131100)سەرباز.
9- ئـەردەن لەپلەی (47)دایه لەسەر ئاستی جیهان بە(110700)سەرباز.
10- سودان له پلەی (50)دایه لەسەر ئاستی جیهان بە(109500)سەرباز.
11- میرنیشینی عوممان له پلەی(58)دایه لەسەر ئاستی جیهان بە(72000)سەرباز.

12- یەمەن له پلەی(62)دایه لەسەر ئاستی جیهان بە(66700)سەرباز.
13- ئیمارات لەپلەی(64)دایه لەسەر ئاستی جیهان بە(65000)سەرباز.
14- تونس له پلەی(72)دایه لەسەر ئلستی جیهان بە(40500)سەرباز.
15- لیبیا له پلەی(78)دایه لەسەر ئاستی جیهان بە(35000)سەرباز.

16- کوێت له پلەی(95)دایە لەسەر ئاستی جیهان بە(15500)سەرباز.
17- بەحرەین له پلەی(107)دایە لەسەر ئاستی جیهان بە(13000)سەرباز.
18- سۆماڵ لەپلەی(110)دایە لەسەر ئاستی جیهان لە(12000)سەرباز.
19- قەتەر له پلەی(112)دایە لەسەر ئاستی جیهان بە(11800)سەرباز. [1]

1- الجيوش العربية: نجوم التصنيفات. صحيفة السفير اللبنانية.

# ریزبەندی هێزە سەربازیەکانی وڵاتانی عەرەبی

بەپێی بودجەی سەربازی بۆ ساڵی 2015 بە دۆلار:

1- سعودیە بە پلەی چوارەم دێت لەدوای ئەمەریکا، چین، روسیا، بەتەرخانکراوی بودجەی 56ملیار و 725 ملیۆن دۆلار.
2- ئیمارات لە ریزبەندی (17)دایە لەسەر ئاستی جیهان بە (14) ملیار و (375)ملیۆن دۆلار.
3- جەزائیر لە ریزبەندی (22)دایە لەسەر ئاستی جیهان بە (10) ملیار و (570)ملیۆن دۆلار.
4- شانیشینی عوممان لە ریزبەندی (31)دایە لەسەر ئاستی جیهان بە (6)ملیار و (715)ملیۆن دۆلار.
5- عێراق لە ریزبەندی (35)دایە لەسەر ئاستی جیهان بە(6)ملیار و (55)ملیۆن دۆلار.
6- کوێت لە ریزبەندی(38)دایە لەسەر ئاستی جیهان بە(5)ملیار و(200)ملیۆن دۆلار.
7- میسر لە ریزبەندی(45)دایە لەسەر ئاستی جیهان بە(4)ملیار و (400)ملیۆن دۆلار.
8- مەغریب لە ریزبەندی(51)دایە لەسەر ئاستی جیهان

به(3)ملیار و(400)ملیۆن دۆلار.
9- لیبیا له ریزبەندی(55)دایه لەسەر ئاستی جیهان به(3)ملیار دۆلار.
10- سودان له ریزبەندی(58)دایه لەسەر ئاستی جیهان به(2)ملیار و (470)ملیۆن دۆلار.
11- قەتەر له ریزبەندی(65)دایه لەسەر ئاستی جیهان به(1)ملیار و(930)ملیۆن دۆلار.
12- سوریا لەریزبەندی(66)دایه لەسەر ئاستی جیهان به(1)ملیار و (872)ملیۆن دۆلار.
13- لوبنان لەریزبەندی (68)دایه لەسەر ئاستی جیهان به(1)ملیار و(735)ملیۆن دۆلار.
14- ئەردەن له ریزبەندی(70)دایه لەسەر ئاستی جیهان به(1)ملیار و(500)ملیۆن دۆلار.
15- یەمەن لەریزبەندی(72)دایه لەسەر ئاستی جیهان به(1)ملیار و(440)ملیۆن دۆلار.
16- بەحرەین له ریزبەندی(78)دایه لەسەر ئاستی جیهان به(730)ملیۆن دۆلار.
17- تونس له ریزبەندی(83)دایه لەسەر ئاستی جیهان به(550)ملیۆن دۆلار.
18- باشوری سودان لەریزبەندی(84)دایه لەسەر ئاستی جیهان به (545)ملیۆن دۆلار.
19- سۆماڵ له ریزبەندی (122)دایه لەسەر ئاستی جیهان به(58)ملیۆن و(960)هەزار دۆلار. [1]

1– الجيوش العربي: نجوم التصنيفات، صحيفة السفير اللبنانية.

بەو شێوەیە دەردەکەوێت وڵاتانی عەرەبی بەو هەموو بودجە زەبەلاحەوە کە بۆ هێزی سەربازی خەرج دەکرێت فاکتەرێکی سەرەکیان مەترسییە لە هێزو پێگەی کۆماری ئیسلامی ئێران و هێرشەکانی گەردەلولی زەبریش مەسج و پەیامێك بووە کە بەگەلەکۆمەکێکی گەورە دەتوانن پاشەکشە بە ئێران بکەن.

بەڵام سەرەرای هێرشی بەردەوامی وڵاتانی کەنداو هێشتا

ئێران دواین قسەی نەکردووە و خەریکی بەکارهێنانی ئەم کارتەیە بۆ راکێشانی سەرنجی وڵاتانی ئەمەریکاو خۆرئاوا واتە ئێران مەبەستی بوو دەخالەتی خۆی لە یەمەن، سوریا، عێراق بکاتە کارتی فشار بۆسەر خۆرئاوا بە مەبەستی هەڵگرتنی گەمارۆکان لەسەری و مامەڵەکردن لەگەڵیدا بەشێوەیەکی رەسمی یان نا رەسمی، هەر بۆیە رەنگە شەرەکانی یەمەن هەلێکی باشی رەخساندبێ بۆ ئێران، بۆ نزیکبونەوە لە خۆرئاواو رێکەوتنی گروپی (5+1) و دەرچوون لە قەیرانە ناوخۆییەکان، چونکە فشارێکی زۆری لەسەربوو ئەگەر چی هەیمەنەو هەژموونی زۆری کردووە لەناوچەکانی هیلالی شیعی ئێران سەرەرای رێکەوتنی لۆزانی لەگەڵ گروپی(5+1) ئیمزا کردو واشی نیشاندا کە لەقازانجی خۆی تەواو بووە، ئەگەر چی وانەبوو، بەلاَم پەلهاویشتن بۆ هاوکارە حوسیەکان لە یەمەن، پەلهاویشتنی حزبوللاّ بۆ سوریا، هاتووچونی قاسم سلێمانی لە عێراق ملدانەکان و تەنازولاتەکانی کردە سەرکەوتن و دیبلۆماسیەت.

ئەوە روونە کە ئێران هێندەی تامەزرۆی رێکەوتن بوو لەگەڵ گروپی (5+1) لەلۆزان، هێندە نیگەرانی هێرشەکانی سعودیەو هاوپەیمانەکانی نەبوو لە یەمەن، چونکە ئێران ئامانجەکەی هەر ئەوە بوو کە بتوانێت نیشانی خۆرئاوای بدات، گەر لەگەڵی رێك نەکەون دەتوانێت کێشەی گەورەتر لەسنورەکانی سعودیەو

گەرووی باب ئەلمەندەب دروستبکات و یارمەتی داعش بکات و قەتڵ و عامی گــەورەی سوننەکان بکات و بەئیمکانیاتی زۆرتر پشتیوانی حزبوڵڵاو بەشار ئەسەد بکات.

چونکە روونە لە هەموو ئەو شەرو بەرانەی کە ئێران کردویەتی و کردونیتەوە لەدژی وڵاتانی کەنداو تورکیا سەرکەوتوبووە.[1]

رەنگە ئێران ئەوە بڵێت کە سعودیە و وڵاتانی عەرەبی ئەزمونێکی شکستخواردووی وەهایان هەیە لە رابوردوودا لەدژی ئیسرائیل، کە نەك ئیسرائیلیان پێ لەناو نەچوو، بەڵکو ناچار بوون هێز، هەژموون، هەیمەنەی ئیسرائیل قبوڵبکەن.

واتا ئێران مەبەستیەتی بڵێ، دوبارە کردنەوەی مێژوو بۆ وڵاتانی عەرەبی تراژیدیە و ئێران لەبەرامبەر ئەوان گەر ئیسرائیل نەبێ، کەمتر نییە.

1- عاصفة الحزم: وولادة نظام اقليمى جديد. مصطفى فحصب، صحيفة الشرق الآوسط اللندنية 2015/3/31

# ژمارە و وڵاتانی بەشدار لە گەردەلولی زەبر

1- عەرەبستانی سعودیە، بە (100)فرۆکەی شەڕکەر، (150)هەزار سەرباز و یەکەی دەریایی بەشداریکرد بوو .
2- ئیمارات، بە (30)فرۆکەی شەڕکەر بەشداریکرد بوو.
3- کوێت، بە (15) فرۆکەی شەرکەر بەشداریکرد بوو.
4- بەحرەین، بە(15) فرۆکەی شەڕکەر بەشداریکرد بوو.
5- قەتەر، بە(10) فرۆکەی شەرکەر بەشداریکرد بوو.
6- ئەردەن، بە(6) فرۆکەی شەڕکەر بەشداریکرد بوو.
7- مەغریب، بە (6) فرۆکەی شەڕکەر بەشداریکرد بوو.
8- سودان، بە (3) فرۆکەی شەرکەر بەشداریکرد بوو.
9- میسر ، رایگەیاند بوو ئامادەگی هەیە بۆ بەشداریکردن بەهێزی ئاسمانی، دەریایی، وشکانی گەر بریاردەر و پێویست بێت.
10-پاکستان،ئامادەگی‌نیشاندابەبەشداری‌هێزی‌وشکانی.
11- ئەمەریکا، رایگەیاند بوو ئامادەگی هەیە

لەبواری لۆجستیکی- هەوڵگری، لەکاتی جوڵەی هێزە سەربازییەکانی کەنداو، بەسرە، یەمەن. [1]

1- عاصفة الحزم و افاق الصراع الإقليمي، الانصات المركزي. العدد 6133

# ئەمەریکا باس لە هەژموونی ئێران دەکات

ڕووداوەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، مایەی سەرنج و تێڕامانن، بەتایبەتی بۆ ئەمەریکا کە بەرژەوەندی زۆر و زەوەندی هەیە، هەر بۆیە هەژموونی ئێران و ڕۆڵی گرنگی ئەو، سەرەڕای پارادۆکس لەبوونی سیاسەتی ئەمەریکا بەرامبەر ئێران، بەڵام بە گشتی هەژموون و هەیمەنەی مەترسییە لەبەردەم بەرژوەندیەکانی ئەمەریکادا.
وڵاتانی خۆرئاوا بەردەوام چاودێری جموجوڵی چەند بازرگانێکی هاوکاری ئێرانیاندەکرد، کە یەکێك لەوانە باهاری سەید ئەبوتاهیر بوە، کە بەئەسڵ سریلانکی بووە و کۆمپانیای هەبووە لەدوبەی، پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ پاکستان هەبووە و لەگەڵ زانای ئەتۆمی پاکستان عبدولقادر خانی ناسیوە و لەساڵانی 1994-1995میانگیری کردوە بۆ پەرینەوەی شەحنەیەکی کەلوپەلی پێشکەوتوی لەبابەتی ئامێری تەرد لەجۆری P1، گەیاندویەتە دەست عبدولقادرخان

لەپاکستان و پاشان بۆ ئێران.[1]

بەپێی راپۆرتێکی دەزگـای هەواڵگری نیشتیمانی ئەمەریکا لەبەرامبەر کۆنگرێس، کە بەشێوەیەکی سالآنـە لـەژێـر ناوی(هەڵسەنگاندنی هـەرەشـەکان دەربـارەی جیهان) کە هـەرەشـەن لەسەر ئاسایشی ئەمەریکا، دەقی ئەو راپۆرتە کە لەشوباتی 2014 بڵاوکراوەتەوە، باسی لەرۆڵی ئێرانی ناوچەیی و رۆڵی هاوکارەکانی باسکراوە.

لـەخـۆرهـەلاتـی نـاوەراسـت، ئـێران و دراوسـێکانـی ئالوگۆری ستراتیژی تێدا روویـداوە، نفوزی ئێران زیادیکردووە، لەبابەتی شکستی بزوتنەوەی تالیبان و سەرۆکی پێشووی عـێراق سـەدام حسێن، داهاتی نەوت، سەرکەوتنەکانی حەماس لەهەڵبژاردنەکانی فەلەستین، سەرکەوتنی حزبوڵلا لەشەر دژی ئیسرائیل، ئەوانە هەمووی فاکتەر بوون بۆ فراوانبوونی نفوزی ئێران لەناوچەکەدا.

ئـەم بـەشـەی راپـۆرتـەکـە، ئـەو فـاکـتـەرگـەلانـە باسدەکات، کە هەموویان بەقازانجی ئێران تـەواو بوون، یان بەواتایەکی تر ئێران رۆڵی گەورەی هەیە لەسەرکەوتنیان.

واتـا ئـێران بەپێی ئەو پێوەرانە بێت، تا ئێستاش

1 سکوت ریتر؛ استهداف إيران ترجمة امين الأيوبي. الدار العربية للعلوم – ناشرون، الطبعة الاولى، 2007، ل

لـە خـۆرهـەڵاتـی نـاوەڕاسـت مـەتـرسـیـیـە لـەسـەر بەرژوەندیەکانی ئەمەریکاو وڵاتانی عـەرەب، ئەوە لە کاتێکدایە ئێران دەستی گرتووە بە شۆڕشەکەیەوە و فراوانکردنی نفوزی خۆیی و هـەوڵی ڕۆڵگێرانی لەناوچەکە و جیهانی ئیسلامی.

سـەرەڕای ئەوانە ئێران پەیوەندیەکانی خۆی لەگەڵ ئەفغانستان، عێراق، سوریا باشی بردۆتە پێش.

هاوکاری ئەو هێزانە دەکات کە لەناوچەکەدا دژی بەرژەوەندیەکانی ئەمەریکان.

توانیویەتی بەهاری عەرەبی و دەرئەنجامەکانی، سودیان لێ وەربگیرێت بەقازانجی خۆی.

سەرەڕای ئەوانە بەدوای ساڵانی(2014- 2015)ئێران بەتایبەتی وەکو پارێزەرانی شیعەی مەزڵوم خۆی نیشاندا و توانی سنورێك بۆ شەری تائیفی دابنێت.

بـەبـەردەوامـی ئـێران لـە خـۆرهـەڵاتـی نـاوەڕاسـت بەشێوەیەکی فـراوان، بـەنـاردنـی چـەك و کـەل و پەلی سەربازی، هاوکاری گروپەکانی فەلەستین و چەکدارانی حوسی لەیەمەن، جەنگاوەرە شیعیەکان لە بەحرەین و جێگیرکردنی حکومەتێکی شیعی لایەنگری خۆی لە بەغداد.

بەمشێوەیە ئێران پارێزگاری لە دەوڵەتە دۆستەکانی دەکات لەعێراق، سوریا، پارێزگاری لە بەرژوەندیەکانی شیعە و تێکشکاندنی توندڕەوانی سوننە و پەراوێز

خستنی نفوزی ئەمەریکا دەکات.

لەپاڵپشتی حزبوڵڵای لوبنان درێغی نەکردووە، ئەگەر چی وەکو گروپێکی تیرۆریستی هاوپەیمانی ئێرانی باس دەکرێت.[1]

1– تقيم التهيدات حول العالم، معهد واشنطن لسياسات الشرق الادنى.

## ژمارەی دانیشتوان و ڕێژەی شیعە لەو وڵاتانەدا:

| وڵات | ژمارەی دانیشتون | ڕێژەی شیعە | ژمارەی شیعە |
|---|---|---|---|
| ئێران | 79,853,900 | % 91.9 | 73,385,734 |
| هندستان | 1,220,800,359 | % 3.8 | 46,390,414 |
| پاکستان | 193,238,868 | % 22.5 | 43,478,745 |
| تورکیا | 80,694,485 | % 36.8 | 29,695,570 |
| عێراق | 31,858,481 | % 66.8 | 21,281,465 |
| بەنگلادیش | 163,654,860 | % 8.5 | 13,910,663 |
| ئازربایجان | 9,590,159 | 75.0% | 7,192,619 |
| ئەفغانستان | 31,108,077 | 19.0% | 5,910,535 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 5,165,187 | 23.0% | 22,457,336 | سوريا |
| 4,714,427 | 17.5% | 26,939,583 | سعوديه |
| 4,013,673 | 2.3% | 174,507,539 | نەيجيريا |
| 3,239,006 | 0.2% | 1,349,585,838 | چين |
| 2,260,441 | 0.9% | 251,160,124 | ئەندەونسيا |
| 2,137,507 | 1.5% | 142,500,482 | روسيا |
| 2,032,663 | 8.0% | 25,408,288 | يەمەن |
| 1,904,391 | % 5.0 | 38,087,812 | جەزائير |
| 1,800,000 | % 0.6 | 316,668,567 | ئەمەريكا |
| 1,693,949 | % 41.0 | 4,131,583 | لوبنان |
| 1,576,606 | 3.7% | 42,610,981 | ئەرجەنتين |
| 1,447,858 | % 3.0 | 48,261,942 | تەنزانيا |
| 1,360,779 | % 5.4 | 25,199,609 | غانا |
| 1,175,398 | 11.9% | 9,877,292 | بەنين |
| 960,999 | 75.0% | 1,281,332 | بەحرەين |
| 944,745 | % 0.5 | 201,009,622 | بەرازيل |
| 875,836 | % 16.0 | 5,473,972 | ئيمارات |
| 808,595 | % 30.0 | 2,695,316 | كوێت |

| | | | |
|---|---|---|---|
| میسر | 85,294,388 | % 0.9 | 750,000 |
| سەنیگال | 13,300,410 | % 5.0 | 665,021 |
| مەغریب | 32,649,130 | % 2.0 | 646,453 |
| ئەلبانیا | 3,011,405 | % 20.0 | 602,281 |
| ئەلمانیا | 81,147,265 | % 0.7 | 600,000 |
| نەیجیر | 16,899,327 | % 3.0 | 506,980 |
| تاجیکستان | 7,910,041 | % 5.0 | 395,502 |
| سودان | 34,847,910 | % 0.9 | 313,631 |
| عوممان | 3,154,134 | % 6.6 | 208,173 |
| قەتەر | 2,042,444 | % 10.0 | 204,244 |

## ژمارە و ڕێژەی شیعە لە جیهاندا

| وڵات | ژمارەی شیعە | ڕێژەی ژمارەی دانیشتوان لە وڵاتی موسڵماندا | ڕێژەی ژمارەی شیعەکان لەسەر ئاستی جیهان |
|---|---|---|---|
| ئێران | – 40,000, 33,000,000 | 50 – 60 | 37 – 40 |
| عێراق | 19,000,000 - 20,000,000 – | 60 – 65 | 11 – 12 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| پاكستان | 28,000,000 – 1,900,000 | 10 – 15 | 10 – 15 |
| هيندستان | 24,000,000 – 16,000,000 | 10 – 15 | 9 – 14 |
| يەمەن | 8,000,000 - 10,000,000 | 35 – 40 | 5 |
| توركيا | 7,000,000 - 11,000,000 | 10 – 15 | 4 – 6 |
| ئازربايىجان | 7,000,000 – 5,000,000 | 65 – 75 | 3 – 4 |
| ئەندەنوسيا | 6,000,000 – 5,000,000 | 2.7 | 3 |
| ئەفغانستان | 6,000,000 | 19 | 2 |
| سوريا | 3,000,000 | 12 | 2 |
| نەيجيريا | 4,000,000 | 5 | 2 |
| سعوديە | 695,444 - | 1 – 2 | 1 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| لوبنان | 1,600,000 – 1,000,000 | 30 – 35 | 1 |
| تەنزانیا | 2,000,000 | 10 | 1 |
| عەممان | 900,000 – 700,000 | 5 – 10 | 1 |
| کوێت | 700,000 – 500,000 | 30 – 35 | 1 |
| مصر | 830,000 | 1 | 1 |
| ئەلمانیا | 600,000 – 400,000 | 10 – 15 | 1 |
| بەحرەین | 400,000 – 375,000 | 65 – 75 | 1 |
| تاجیکستان | 400,000 | 7 | 1 |
| ئیمارات | 400,000 – 300,000 | 10 | 1 |
| ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا | – 400, | | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| بەریتانیا | 300,000 – 100,000 | 10 – 15 | 1 |
| بولغاریا | 100,000 | 10 – 15 | 1 |
| قەتەر | 100,000 | 10 | 1 |

## - هێزی سەربازیی سعودییە:

سوپای سعودیە وەك یەكەم هێزی كەنداو و سێهەم هێزی وڵاتانی عەرەبی دەردەكەوێت و لەكۆی 128 وڵاتدا، 28 مین هێزە.

هێزی سەربازیی سعودیە پێكهاتووە لە:

1- 233هەزار و 500 سەربازی چالاك لەناو سوپاكەدان.

2- ژمارەی كارمەندی یەدەك دەگاتە 25 هەزار كەس.

3- 5472 زرێپۆش .

4- 1210 تانك.

5- 1278 تۆپ و رۆكێتهەڵدێر.

6- 391 فرۆكەی جەنگی.

7- 200 هەلیكۆپتەر.

8- 187 فرۆكەی كارگۆ.

9- 168 فرۆكەی مەشق.

10- 55 كەشتی جەنگی.

سەرچاوە:

, Global Firepowar Raporu ,2015

## هێزی سەربازیی سعودییە:

بەپێی دەزگـای گلۆباڵ فایرپاوەر گلۆباڵ: سوپای سعودیە وەك یەکەم هێزی کەنداو و سێهەم هێزی وڵاتانی عەرەبی دەردەکەوێت و لە کۆی 128وڵاتدا، 28 مین هێزە.

هێزی سەربازی سعودیە پێکهاتووە لە:

1- 233500 سەربازی چالاك.

2- هێزی وشکانی 75000.

3- هێزی ئاسمانی 2000.

4- هێزی دەریایی 13500.

5- هێزی بەرگریی ئاسمانی 16000.

6- پاسەوانی میللی 100000.

أ- 75000یان چالاکن.

ب- 25000یش هێزی هۆزەکانن.

7- هێزی تایبەت 3000.[1]

سەرچاوە:

بەڕێوەبەرایەتی ناوەندیی هێزی دەریاییەکانی ریاز.

.2015/4/1

---

1– خەبات، ژمارە 4772، 2015/4/2.


بنەماڵەی ئال سعود
شا عەبدولعەزیز 34 ژن و 30 کچ و 36 کوڕی هەیە
سعود عەبدولعەزیز 1953-1964
فەیسەڵ عەبدولعەزیز 1964-1975
خالد عەبدولعەزیز 1975 - 1982
فەهەد عەبدولعەزیز 1982 - 2005
عەبدوڵا عەبدولعەزیز (شای پێشوو) 2005 - 2015
سوڵتان عەبدولعەزیز
سوڵتان عەبدولعەزیز
نایف عەبدولعەزیز
سەلمان عەبدولعەزیز (شای ئێستا 2015)
مقرن عەبدولعەزیز (لەجێنشینی لابرا)
سعود ئەلفەیسەڵ
خالد ئەلفەیسەڵ
محەمەد فەهەد
متعب عەبدوڵا
ئەمیر تەلال
خالد سوڵتان
بەندەر سوڵتان
سعود نایف
محەمەد نایف (جێنشینی نوێ)
فەیسەڵ سەلمان
محەمەد سەلمان
سوڵتان سەلمان
نزیکەی 90 ساڵە عەرەبستانی سعودی لەلایەن باوکێك و شەش کوڕەوە بەڕێوەدەبرێت، بەپێی ئەو نەریتە کە خێزانەکانی شا عەبدولعەزیز لەسەری ڕێککەوتون براکان بەپێی تەمەنیان لەگەورەوە بۆ بچوك دەبن بە شا.
بۆیەکەم جار بەبڕیاری شا سەلمان نەوەیەکی شاعەبدولعەزیز دەبێت بە جێنشینی شا، ،مەش بەڕچەشکێنی ناودەبرێت لە هێنانە پێشەوەی گەنجاندا، چونکە کوڕەکانی شاعەبدولعەزیز چونەتە تەمەنەوە.

# ڕێککەوتن لەسەر بەرنامەی ئەتۆمی ئێران

دوای 10 ساڵ لە گفتوگۆی بەردەوامی نێوان ئێران و کۆمەڵەی 5+1 کە پێکهاتووە: (ئەمەریکا، روسیا، چین، بەریتانیا، فەرەنسا و ئەڵمانیا) گەیشتە رێککەوتن لەبارەی بەرنامە ئەتۆمییەکەی تارانەوە، ئێران چالاکییە ئەتۆمییەکانی کەم و سنوردار دەکات لەبەرامبەر هەڵگرتنی گەمارۆ ئابوری و سیاسیەکان لەسەری.

خاڵە سەرەکییەکانی رێککەوتنەکە:

- ئێران:

1- راگرتنی پیتاندنی یۆرانیۆم بۆ رێژەی 5%.

2- کەمکردنەوەی یەدەگی یۆرانیۆم 20% بۆ 5%.

3- دانەمەزراندنی هیچ دەزگایەکی دیکەی پیتاندنی یۆرانیۆم. راگرتنی چالاکییەکانی پیتاندنی یۆرانیۆم لەوێستگەی(ئاراك) دا.

4- راگرتنی چالاکییەکانی وێستگەی ئاراك و هەوڵ نەدان بۆ پیتاندنی پلۆتۆنیۆم.

5- رێگەدان بە سەردان کردنی سەرپەرشتیارانی ئاژانسی وزەی ئەتۆم بۆ هەردوو وێستگەی(نەتانز و فەردۆ)بەشێوەیەکی رۆژانە.

- زلهێزەکانی جیهان:

1- لەشەش مانگی داهاتوودا هیچ سزایەك پەیوەند بەبەرنامە ئەتۆمیەکەوە بەسەر ئێراندا ناسەپێنن.

2- لابردنی سزا ئابورییەکان بەبەهای 7 بلیۆن دۆلارە.

3- هەڵگرتنی ئابڵوقە لەسەر 4,2 بلیۆن دۆلاری بلۆك کراو.

4- هەڵگرتنی ئابڵوقە لەسەر 1,5 بلیۆن دۆلار پەیوەست بەبازرگانی ئاڵتون و کانزا بەنرخەکان.

5- هەڵگرتنی ئابڵوقە لەسەر سێکتەری پترۆکیمیاوی و ئۆمۆمبێل.

- دەمەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێران:

1- وێستگەی ئەتۆمی.

2- پیتاندنی یۆرانیۆم.

3- خەزنکردنی یۆرانیۆم. [1]

1– ئاوێنە، ژمارە 473، 2015/4/7.

# ڕێککەوتنی ئەتۆمی وڵاتانی 5 +1 لەگەڵ ئێران

دوای تێپەربونی 18 مانگ بەسەر سەرەتای دەستپێکردنی دانوستانەکان و هەشت رۆژ لە دوایین گەری دانوستانەکان لەشاری لۆزان لە سویسرا، وڵاتانی زلهێز(ئەمەریکا، روسیا، چین، بەریتانیا، فەرەنسا، ئەڵمانیا، یەکێتی ئەوروپا)لەگەڵ ئێران لەسەر رۆژەڤی ئەتۆمی ئێران گەیشتە رێککەوتنێکی بەرایی، کە بەقۆناغێکی گرنگی رێککەوتنی یەکجاری دادەنرێت، کە دەبێت تاکو 30 حوزەیرانی داهاتوو تەواو بکرێت.

خاڵە سەرەکیەکانی رێککەوتنەکە:

هەردوولا واتا وڵاتانی (1+5) لەگەڵ ئێران لەسەر هەندێك پێوەری سەرەکی رێککەوتن، ئەو پێوەرانەش لەلایەن بەرپرسانی ئەمەریکا هێشتا پێویستی بە دانوستانکردنە لەسەریان، بۆ ئەوەی بگەن بە وردەکاری جێبەجێکردنیان، چونکە هیچ شتێك قبوڵکراو نییە تاکە هەموو شتەکان قبوڵ نەکرێن، خاڵە سەرەکییەکانی رێککەوتنەکەش ئەمانەی لای خوارەوەن:

⋆ پیتاندن:

- ژمارەی ئامێرەکانی دەرچەی ناوەندی لە (10) هەزارەوەبۆ (6104)ئامێر واتا یەك لەسەر سێی کەم دەکرێتەوە، لەو ژمارەیەش تەنیا (5060)ئامێر مافی بەرهەمهێنانی یۆرانیۆمی پیتێنداروی دەبێت بۆ ماوەی دە ساڵ.

ئامێرەکانی دەرچەی ناوەندیش لەنەوەی یەکەم دەبێت

- تاران یۆرانیۆمی عەمبارکراوی ئەوەی بە سستی دەپیتێندرێت لە(10)هەزار کیلۆگرامەوە بۆ (300) کیلۆگرام کەم دەکاتەوە، واتا بەرێژەی (3,67%) بۆماوەی (15)ساڵ.

- تاران رازی بووە بە رێژەی (3,67%) بۆماوەی (15) ساڵ واز لە پیتاندنی یۆرانیۆم بهێنێت.

- تەنە زیادەکان دەخرێنە ژێر سەرپەرشتی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی و تەنیا وەکو جێگرەوە بەکار دەهێندرێت.

- تاران رازی بووە بۆ ماوەی (15)ساڵ هیچ دامودەزگایەکی تازە بۆ پیتاندنی یۆرانیۆم بنیات نەنێت.

⋆ خاڵی وەچەرخان:

خاڵی وەچەرخان لەزمانی پسپۆران کاتی پێویستە بۆ بەرهەمهێنانی بری پێویستە بۆ بەرهەمهێنانی بری پێویست لە یۆرانیۆمی پیتێندراو بۆ بەرهەمهێنانی

چەکی ئەتۆمی، ئەو ماوەیەش ئێستا دوو تاکو سێ مانگ دیاریکراوە، بەگوێرەی ڕێککەوتنی تازەش بووەتە ساڵێك بەلایەنی کەمەوە و بۆ ماوەی دە ساڵ.

⋆ فۆردۆ و نەتەنز:

- ئێران رازی بووە بۆماوەیەك کە لە 15 ساڵ کەمتر نەبێت یۆرانیۆم لە کورەی فۆردو نەپیتێنێت، کە دەکەوێتە ژێر چیا و لەناوبردنی بە کردەی سەربازیی مەحاڵە، بەمەش هیچ مادەیەکی دوولەت بوو لە فۆردو بۆماوەی 15 ساڵ نامێنێت، ئەو کورەیە بە کراوەیی دەمێنێتەوە، بەڵام پرۆسەی پیتاندنی یۆرانیۆمی لێ ئەنجام نادرێت، هەروەها نزیکەی دوو لەسەر سێی ئامێری دەرچەی ناوەندیی لە کورەکە دەکێشرێتەوە.

⋆ نەتەنز:

- دەزگای سەرەکی ئێران بۆ پیتاندن کە ئامێری دەرچەی ناوەندیی لە جۆری AR1 لە نەوەی یەکەم و AR2 خێرا لەخۆ دەگرێت، کە دەتوانێت پەنجا هەزار لەو جۆرە ئامێرە لەخۆی بگرێت، تاران رازی بووە نەتەنز ببێتە تاکە دەزگای پیتاندن و(5060)ئامێری جۆری AR1 لەنەوەی یەکەم بۆ ماوەی دە ساڵ بۆ دابین دەکرێت، هەرچی ئامێرەکانی دیکەی دەرچەی ناوەندیشە دەکێشرێتەوە و دەخرێتە ژێر سەرپەرشتی

ئاژانسی نیودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی.

★ چاودێریکردن:

- ئاژانسی نیودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی بە شێوەیەکی ڕێك و پێك چاودێری هەموو کورە ئەتۆمییەکانی ئێران دەکات.

- پشکنەرانی ئاژانسی نیودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی بۆ ماوەی 25 ساڵ دەتوانن بچنە نێو کورەکانی ئەتۆمی و ئەو شوێنانەی(کێکی زەرد)بەرهەم دەهێنن، کە جۆرێکی خەستە لە یۆرانیۆم.

★ ئەراك:

- ناوەکی ئەو کورانە وێران دەکرێت کە بەئاوی قورس کار دەکەن، یان دەگواسترێنەوە دەرەوەی خاکی ئێران، کورەکان دووبارە بنیات دەنرێتەوە و کاریان تەنیا توێژینەوە و بەرهەمهێنانی هاوێنەی تیشکداری پزیشکی دەبێت و پلوتۆنیۆمی خاوەن توانای سەربازیی بەرهەم ناهێنن، سوتەمەنی بەکارهێنراویش بە درێژایی تەمەنی کورەکان ڕەوانەی دەرەوە دەکرێت.

★ سزاکان:

- هەر کاتێك ئاژانسی نیودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی لەوە دڵنیابوو ئێران پابەندی ڕێککەوتنەکە بووە، ڕاستەوخۆ سزاکانی ئەمەریکا و ئەوروپای سەر ئێران هەڵدەگیرێن،

ئـەگـەر پابەندی ڕێککەوتنەکەش نەبێت سزاکان دەسەپێندرێتەوە.
- هەر کاتێك ئێران پابەندی هەموو خاڵەکانی ڕێککەوتنە بووە، هەموو سزا سەپێندراوەکانی ئەنجومەنی ئاسایش لەسەر ئێران هەڵدەگیرێن.
- تەنیا بـڕیـاری تــازەی نــەتــەوە یــەکگـرتـووەکـان دەمێنێتەوە، کە ڕێگە بەگواستنەوەی تەکنەلۆجیای هەستیار نادات و پشتیوانیش لەو ڕێککەوتنە دەکات.

⋆ ماوەکانی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە:
ماوەی جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتنە لە نێوان 10 بۆ 15 ساڵ دایە و بە گوێرەی چالاکییەکانە، بەڵام بۆ پرۆسەکانی پشکنین و گەڕان بۆ یۆرانیۆمی تازە تاکو 25 ساڵ بەردەوام دەبێت.
دیارترین لێدوانەکان لەبارەی ڕێککەوتنەکە:
دوای ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنەکە لێدوانی سەرکردەکانی جیهان لەنێوان گەشبینی و ڕەشبینی بوو، ئۆباما پێیوایە ڕێککەوتنێکی مێژوویەن (بان کی مون) بەهەنگاوێکی بـەرەو ئاشتی لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستی لەقەڵەمدا، (بنیامین نتنیاهۆ)لە مانەوەی ئیسرائیل دەترسێت، ئـەوەی خــوارەوەی دیارترین لێدوانەکانە لەبارەی ڕێککەوتنەکە لەسەر ئەتۆمی ئێران.
- باراك ئۆباما/ سەرۆکی ئەمەریکا:

سەرۆکی ئەمەریکا یەکەم سەرۆك بوو کۆمێنت لەسەر ڕێککەوتنەکە بدات و وتی«من متمانەم هەیە ئەگەر ئەو ڕێککەوتنە بەرەو ڕێککەوتنێکی گشتی و سەرتاسەریمان ببات، وڵاتەکەمان و هاوپەیمانەکانی و هەموو جیهان دەکەوێتە ئارامییەکی گەورەوە»، هەورەها وتی« ئێران لەهەموو وڵاتێکی تری جیهان زیاتر دەپشکێنرێت، بەڵام ئەگەر فرت و فێڵ بکات هەموو جیهان دەزانێت و خەتایی هەڵوەشانەوەی ڕێککەوتنەکەش دەکەوێتە ئەستۆی تاران، بۆیە لە پرۆسەی پشکنین سڵ ناکەینەوە.

- جۆن کێری/ وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا:

داوا کردن لەئێران ملکەچ بێت شتێکی سەرنج ڕاکێشە، بەڵام سیاسیەتی دەوڵەت نییە.

- محەمەد جەواد زەریف/ وەزیری دەرەوەی ئێران:

ڕێککەوتنەکە سنورێکی بۆ بازنەی بەتاڵ دانـا، کە لەبەرژەوەندی کەس نەبوو، بەرای خۆم دانوستاندنی ڕاستەقینە لە لـۆزان توانی کێشەکان چـارە بکات و ئاسۆیەکی تازە بکاتەوە.

- بنیامین نتنیاهۆ/ سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل:

ئەم جـۆرە ڕێککەوتنە ڕێگا لەئێران ناگرێت بۆمبی ئەتۆمی بەدەست نەهێنێت، بەڵکو ڕێگەی بۆ خۆش دەکات و مەترسی بڵاوبونەوەی ئەتۆمی و بەرپابوونی جەنگی ترسناکیش زیاتر دەکـات، ئەمەش هەڕەشەی

مانەوە لە ئیسرائیلیک دەکات.
- لۆران فابیۆس/ وەزیری دەرەوەی فەرەنسا:
ئەو ڕێککەوتنە قۆناغێکە و بەپێشکەوتنێکی ئەرێنی دادەنرێت، کە ناکرێن نکۆڵی لێبکرێت، بەڵام هێشتا کاری زۆر ماوە دەبێت ئەنجام بدرێت.
- فیلیپ هامۆند/ وەزیری دەرەوەی بەریتانیا:
ئەو ڕێککەوتنە لەوە ڕەت دەدات کە 18 مانگ پێش ئێستا زۆر کەس چاوەڕێی هاتنە دیان نەدەکرد، پێموایە چوارچێوەیەکی گشتی سازشمان لەبەردەستە، بەڵام هێشتا شتی بنەڕەتی ماوە کە دەبێت کاری لەسەر بکەین.
- وەزارەتی دەرەوەی روسیا:
ئەو ڕێککەوتنە وەکو پرەنسیپ گوزارشت لەو بۆچوونە دەکات کە سەرۆك(پۆتین)دەریبڕیووە، بەوەی ئێران مافی خۆیەتی بەرنامەی ئەتۆمی مەدەنی هەبێت، هیچ گومان لەوەدا نییە، ئەو ڕێککەوتنە کاریگەری ئەرێنی بەسەر ڕەوشتی ئاسایش لەخۆرهەڵاتی ناوەراست دەبێت، چونکە ئێران دەتوانێت بەشێوەیەکی کارا تر بەشداری لەچارە کردنی کێشە و ململانێکانی ناوچەکەدا بکات.
- ئەنجێلا مێرکل/ ڕاوێژکاری ئەڵمانیا:
هەرگیز جیهان ڕۆژێك لەرۆژان لە ڕێککەوتنێك نزیك نەبوو، کە ڕێگە لەئێران بگرێت چەکی ئەتۆمی هەبێت.
- بان کی مون/ سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان:
هیچ گومان لەوەدا نییە ڕێککەوتن لەسەر ئەتۆمی ئێران

کاریگەری ئەرێنی بەسەر باری ئاسایش لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەبێت، چونکە ئێران یاریانێکی گرنگی ناوچەکەیە.

ئێرانییەکان خۆشحاڵن:

دوا بەدوای راگەیاندنی رێککەوتنامەی نێوان 5+1 و کۆماری ئیسلامی ئێران لەسەر دۆسیەی ئەتۆمی ئێران، ئاهەنگ گێران و خۆشحاڵی بەو بۆنەیەوە زۆرێك لەشارەکانی ئێرانی گرتەوە، ئێرانییەکان رژانە سەر شەقامەکان و خۆشحاڵی خۆیان بەو رێککەوتنە دەربری و خۆیان بە براوە دانا.

- پەیوەندی نێوان ئەمەریکا و چی بەسەر دێت؟

محەمەد جەواد زەریفی وەزیری دەرەوەی ئێران دوای راگەیاندنی رێککەوتن لەبارەی بەرنامەی ئەتۆمی وڵاتەکەی لەگەڵ وڵاتانی 5+1 لەبارەی کاریگەری ئەو رێککەوتنە بەسەر ئاسایی بوونەوەی پەیوەندی نێوان تاران و واشنتن و تێگەیشتن بەرێککەوتن لەسەر بەرنامەی ئەتۆمی ئێران مانای ئاسایی بوونەوەی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ ئەمەریکا ناگەیەنێت، چونکە پەیوەندی نێوان ئەمەریکا و ئێران هیچ پەیوەندی بەو رێککەوتنەوە نییە، ئەو دانوستانە درێژە هەواڵێك بوو بۆ چارەکردنی کێشەی ئەتۆمی نەوەکو ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکەمان لەگەڵ ئەمەریکا، ئێمە ناکۆکی گەورەمان لەگەڵ ئەمەریکا هەیە»، هەروەها

وتی«لەرابوردوو متمانە لە نێوانماندا نەمابوو، بەڵام هیوادارم لەکاتی جێبەجێ کردنی بویڕانەی ئەو ڕێککەوتنە هەندێك متمانە بەدەست بهێنینەوە، بەڵام چاوەڕێ دەکەین با بزانین لەداهاتوو چی ڕوودەدات».

## ڕۆژنامەکانی جیهان چی دەڵێن؟

دوای ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنەکە ڕۆژنامە گەورەکانی جیهان هەریەکە و بەجۆرێك لەبارەی ڕێککەوتنە بڵاویان کردووە.

- واشنتن پۆست/ گرەوی ئۆباما:

دانوستان لەگەڵ ئێران لەبارەی بەرنامە ئەتۆمیەکەی بژاردەی ئۆباما بوو و هەوڵی سەرکەوتنی دەدا، ئەو بژاردەیە لەلای سەرۆك ئۆباما زۆر گرنگ بوو و ئاواتی زۆری بەدانوستانەکان هەبوو، ئەو ڕێککەوتنە بەرجەستەی دیدی سەرۆکایەتی ئەمەریکایە، کە پێیوایە سیاسەتی موکربوون و ڕووبەڕووبوونەوەی ڕکابەر دەتوانێت جیهان بگۆڕێت، ئەو ڕێککەوتنە بەدەرفەتێکی مێژوویی دادەنرێت، بەڵام لەهەمان کاتیشدا مەترسیدارترین سەرکێشییەکانی سەرۆکایەتی ئەمەریکایە.

- ئەلمۆندۆ/ ئامانج هێوەرکردنەوەیە:

لەبەرچی سەرۆك ئۆباما پێیوایە دەرچوون لە پشێوی و کوشتار لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست، دەکرێت لەڕێگەی پەیوەندی سروشتی لەنێوان ئەمەریکا و ئێران بێت؟.

**لەوانەیە لەبەرئەوە بێت ئێران لەهیچ وڵاتێکی دیکە ناچێت، کە ڕێگە بە هەندێك ئـازادی سیاسی دەدات، ئۆباما لەرێگەی ئەو رێککەوتنەوە هێوری بڵاوبکاتەوە و دڵنەوایی بەوڵاتانی عەرەبی بدات و رووبەروبوونەوەی توندی نێوان سوننە - شیعە کەم بکاتەوە و بەرەنگاری تەوژمە جیهادییەکانیش ببێتەوە.**

**- دێر شپیگل/ خۆرهەڵاتێکی ناوەراستی تازە:**

**سەرۆك ئۆباما لەبارەی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەی هـەوڵ بـۆ ئـەوە دەدات، بەشێوەیەکی جیـاوازتـر لە سەرۆکی پێشی خۆی هەڵسوکەوت بکات، ئەو دەیەوێت رۆڵی ئەمەریکا وەکو پۆلیسی جیهان کۆتایی پێبێنێت و بەشێوەیەکی جیاوازتر شتەکان بەرێوە ببات، دیدی سیاسی لەسەر بەرێوەبردنی ئەمەریکا بۆ سیاسەتە نێودەوڵەتیەکان بەرپا بکات و بەدوای هاوپەیمانی تازە بگەرێت، لەچوارچێوەی ئەو دیدەش ئاشبوونەوە لەگەڵ ئێران بووە پێش نۆرەی کارەکان سەبارەت بەسەرۆك ئۆباما.** [1]

1- خەبات، ژمارە 4775 ، 2015/4/7.

## ساڵی 2014 .....

# جیهان و گەندەڵی

## وڵاتانی عەرەبی زۆرترین ڕێژەی گەندەڵیان بەردەکەوێت

گەندەڵی ئابوری و بوونی ناسەقامگیریی لە سیستمە سیاسیەکاندا بـەزۆری بەیەکەوە بەدی دەکرێن، لە زۆربـەی وڵاتانی جیهانیشدا گەندەڵی رۆڵی سەرەکی دەبینێت لە زیادکردنی ئاستەکانی هەژاریی و زیاتر دارمانی ئابوری ئەو وڵاتانە، لەو بارەوە رێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی ساڵانە لیستێك ئامادە دەکات و تیایدا ئـەو وڵاتـانـە کۆ دەکـرێـنـەوە کە خاوەنی بەرزترین رێژەی گەندەڵین، لە لیستەکەدا پێوەری سفر تا 100 دانـراوەو لە ژمارە سفردا وڵاتە هەرە گەندەڵەکان بەرچاو دەکەون و لەژمارە 100 ئەوانە دێن کە خاوەنی نزمترین رێژەی گەندەڵین، ئەمەی خوارەوە لیستی رێکخراوی ناوبراوە کە لەساڵی 2014 ئامادەکراوە.

8- ئۆزبەکستان:

- پلەی گەندەڵی:17/100.
- ریزبەندی لە لیستەکەدا: 177/ 170.
- ئیسلام کەریمۆڤ بە دەستێکی ئاسنینەوە حوکمی

**میللەتەکەی دەکات.**

**- بواری بۆ حکومەتەکەی رەخساندووە، بۆئەوەی دزی لە خەزێنەی گشتی دەوڵەت بکرێت.**

**- گولنار کەریموڤی کچی سەرۆك، باڵیۆزی ئۆزبەکستان بوو لە نەتەوە یەکگرتوەکان، دواتر دەرکەوت کە لەگەڵ چەند کەسێکی نزیك لە خۆی کاری گەندەڵی و سپیکردنەوەی پارەی ئەنجام داوە، بۆیە لە کار و پایەکەی دوور خرایەوە.**

**- لەو وڵاتەدا رێگە بە ئازادیی رادەربرین و خۆپشاندان نادرێت و لە هەڵبژاردنەکانیشدا ساختەی زۆر ئەنجام دەدرێت.**

**- گەورەترین کۆمپانیای مۆبایل و ژمارەیەك یانەی شەوانە و کارگەی بەرهەمهێنانی چیمەنتۆ موڵکی سەرۆك و خانەوادە و دارو دەستەن.**

**- دەزگای پۆلیسی ئەو وڵاتە بە یەکێك لەگەندەڵترین دەزگاکانی پۆلیس لەجیهان دادەنرێت.**

**7- عێراق:**

**- پلەی گەندەڵی:** 16/100.

**- ریزبەندی لە لیستەکەدا:** 177/ 171.

**- زۆر کەس پێیان وایە کە بەغداد پایتەختی یەکەمی گەندەڵیە لە جیهان.**

**- بارودۆخی ناهەمواری ساڵانی ڕابوردووی ئەو وڵاتە بۆتە هاندەرێك بۆئەوەی گەندەڵی زیاتر رەگی خۆی**

لەعێراق دابکوتێت.
- لەسەرەتای ئازادکردنییەوە لە ساڵی 2003دا داهاتی نزیکەی (300) هەزار بەرمیل نەوت کە رۆژانە رەوانەی بازارەکان کراوە و بەهاکەی نزیکەی(2,6) ملیار دۆلارە، دیار نەماوە.
- رۆژ بەرۆژ لەو وڵاتەدا هۆکارەکانی پەرتەوازەیی و هەڵوەشانەوە زیاتر دەبن و ئاستەکانی توندوتیژیی و تەقینەوە و کردەوە تیرۆرستیەکان لەبەرزبونەوە دایە.
- قازانجی نائاسایی و دانی بەرتیل بۆ دەرچوون لە بەندیخانەکان یان بۆ دامەزراندن لەفەرمانگە حکومیەکان، یاخود جێبەجێکردنی یەکێك لەخزمەتگوزاریە سەربازییەکان بەئاشکرا بوونیان هەیە.
- حکومەت و بەرپرسان دەستیان بەسەر خەرجیە حکومیەکاندا گرتووە و لەسەر بۆریە نەوتەکانیش خانوو دروست دەکەن، دواتر بۆریەکان دەشکێنن و نەوت دەدزن.
6- لیبیا:
- پلەی گەندەڵی: 15/100.
- ریزبەندی لە لیستەکەدا: 177/ 172.
- دارمانی رژێمی قەزافی لەساڵی 2011 و نەبوونی سەقامگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی بوونەتە هۆکارێك

بۆ بەرزبوونەوەی ئاستەکانی گەندەڵی.
- نەبوونی هێمنی و سەقامگیریی وایکردووە کە کۆڵینەوە لە گەندەڵی شتێکی ئاستەم بێت.
- زۆربەی تۆمارە داراییەکانی سەردەمی قەزافی دیار نەماون، بۆیە زۆربەی بەرپرسان بەئاشکرا داهاتەکانی وڵات گل دەدەنەوە بۆخۆیان.
- بوونی بۆشایی ئەمنی دەرفەتێکی گەورەی بۆ بازرگانانی چەك و سەرکردە گەندەڵەکان رەخساندووە لەوەی قازانجی خەیاڵی وەدەست بێنن و خەڵکیش لە دژی یەك هان بدەن.

5- باشووری سودان:
- پلەی گەندەڵی: 14/100.
- ریزبەندی لە لیستەکەدا: 177/ 173.
- یەکێکە لەتازەترین و بچووکترین وڵاتانی جیهان لەساڵی 2011 بەفەرمی لەسودان جیابووەوە.
- ئەم وڵاتە خاوەنی پێکهاتەی حکومی تەقلیدی نییە.
- بەهۆی بڵاوبوونەوەی گەندەڵی، زیاتر لەنیوەی دانیشتوانی لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژین.
- ئەگەرچی ساڵانە و لەرێگەی فرۆشتنی نەوتەوە نزیکەی (10,6)ملیار دۆلار بەو وڵاتە دەبڕێت، بەڵام بەشی زۆریی ئەو داهاتە دەچێتە گیرفانی بەرپرسانەوە.

- کۆمپانیا نەوتیە جیهانییەکان کە لەو وڵاتـەدا کار دەکەن، سوودیان لەو بارودۆخە وەرگرتووە و قازانجێکی بێ شومار لەماڤی حکومەت بۆ خۆیان گل دەدەنەوە.

4- سودان:
- پلەی گەندەڵی: 11/100.
- ریزبەندی لە لیستەکەدا: 174/177.
- هەموو داهاتەکانی سامانی نـەوت راستەوخۆ بۆ حکومەتن.
- حکومەت بەئاشکرا داوای بەرتیل لـەخـەڵك و کۆمپانیاکان دەکات.
- قازانجی نایاسایی لە سەرتاسەری وڵات بوونی هەیە.
- سـەرەرای بەرزبوونەوەی داهاتی ناوخۆیی بەهۆی داهاتەکانی نەوتەوە، بەڵام (46%)ی دانیشتوانەکەی لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژین.
3- ئەفغانستان:
- پلەی گەندەڵی: 8/100.
- ریزبەندی لە لیستەکەدا: 175/177.
- یەکێکە لە گەندەڵترین وڵاتانی جیهان بۆماوەی چەندین دەیە شەری گەورەی بەخۆیەوە دیوە.
- مـاوەی دە ساڵە کۆمەڵگای نیودەوڵەتی سەرقاڵی کەمکردنەوەی ریـژەی ئـەو گەندەڵیەیە کە بەناو سەرجەم پێکهاتەکانی دەوڵەتدا بڵاوەی کردووە.

- حکومەت کۆنترۆڵی لەدەست داوە و دەوڵەت لەلایەن ژمارەیەك سەرۆك هۆز و کەسی دەستڕۆیشتووەوە بەڕێوە دەبرێت.
- دەزگای سەرۆکایەتی بەوە تۆمەتبار دەکرێت کە بێدەنگی دەنوێنێت بەرامبەر بە سەرچاوەکانی بەرهەمهێنانی مادە سرکەرەکان.
- ئەوانەی ئەرکی نەهێشتن و قەدەغەکردنی ئەو مادانەیان پێ سپێردراوە، هەر ئەوان بەرپرسن لە بەرهەمهێنان و دابەشکردنی ئەو مادانە.

2- کۆریای باکور:
- پلەی گەندەڵی: 8/100.
- ریزبەندی لە لیستەکەدا: 176/177.
- دەوڵەتێکی شیوعی و دیکتاتۆری تەنیا یەك کەسە کە سەرۆکە.
- خاوەنی نهێنیترین و گەندەڵترین سیستمی ئابووریە لەسەرتاسەری جیهاندا.
- خەرجیە سەربازییەکان زۆر لەو خەرجیانە زیاترن کە بۆ پرۆگرامە کۆمەڵایەتیەکان تەرخان دەکرێن.
- سەرجەم ئەو خەرجیانەی کە بۆ چاکسازیی ژێرخانی وڵات تەرخان کراون، چوونەتە گیرفانی سەرۆکی وڵات و دۆست و نزیکەکانی.
- لەو وڵاتەدا گەندەڵی بە شێوەیەکی بەرفراوان رەگی

داكوتاوە، بەرادەیەك خەڵكانێكی زۆر بەهۆی برسیەتی و نەخۆشیەوە دەمرن.

1- سۆماڵ:

- پلەی گەندەڵی: 8/100.

- ریزبەندی لە لیستەكەدا: 177/177.

- لەرووی نەبوونی یاسا و سەقامگیری، لەسەر ئاستی جیهان و ئەفەریقیا بەپلەی یەكەم دێت.

- خاوەنی رێژەیەكی زۆر بەرزی گەندەڵی حكومییە.

- خاوەنی جموجۆڵێكی زۆر لاوازی پیشەسازییە.

- بەشی زۆری داهاتی ناوخۆیی پشت بە بەخششە نیودەولەتیەكان دەبەستێت و لەكۆتایشدا حكومەت بۆخۆی گلی دەداتەوە.

- پێكهاتەی ئیداریی دەسەڵات بێ سەروبەریەكی زۆری پێوە دیارە. [1]

---

1– خەبات، ژمارە 4787، 2015/4/26.

# حوسیەکان و ئەنسارولڵا

## وەکو هێزێکی شیعی و دۆستی ئێران

1- (ئەنساروڵڵا)بزوتنەوەیەکی سیاسی و چەکداریی مەزهەبی زەیدییەکانە، بنکەی سەرەکی لەشاری سەعدەی باکوری یەمەنە، ئەم بزوتنەوەیە بەناوی(حوسیەکان)یشەوە ناودەبرێت کە بنەماڵەیەکی دەستڕۆشتو بوون و توانیان زەیدییەکان یەکبخەن و فەرماندەییان بکەن لەدژی دەوڵەتی ناوەندی لەساڵی 2004ەوە.

(سەید حسێن بەدرەدین حوسی) دامەزرێنەرو سەرکردەی مەعنەوی (ئەنساروڵڵا) بوو، کە لەئەیلولی 2004دا بەدەستی هێزەکانی دەوڵەت کوژرا.

2- (حسێن بەدرەدین حوسی) لەساڵی 1956 لەسەعدە لەدایکبوە، لە سودان بروانامەی لەزانستی شەرعیدا بەدەستهێناوە و لەساڵی 1990حزبی حەقی بۆ روبەروبونەوەی سەلەفی و وەهابیەکان دامەزراند، لەنێوان ساڵانی 1993 تا 1997 بووە ئەندامی پەرلەمان، ساڵی 2004لەلایەن هێزەکانی دەوڵەتەوە کوژرا و تا ساڵی 2013 دەوڵەت تەرمەکەی رادەستی بنەماڵەکەی نەکردووە.

3- (ئەنساروڵڵا) لەژێر کاریگەری ئێراندا دروشمی(الله اکبر، مەرگ بۆ ئەمەریکا، مەرگ بۆ ئیسرائیل)ی بەرزکردەوە، ئەم بزوتنەوەیە گوزارشت لەزەیدیەکان دەکات کە یەك لەسێی دانیشتوانی یەمەن پێکدەهێنن و لەمەزهەبی شیعەوە نزیکن، مەڵبەندی سەرەکییان

ناوچە شاخاوییەکانی باکوری یەمەنە کە هاوسنورە لەگەڵ سعودی.
4- پێشەوا مەزهەبیەکانی زەیدی کە لەکۆندا بە(ئیمام) ناودەبران، تا شۆرشی 1962دەسەلاتداربوون، بەلام لەوکاتەوە بەدوا سوننەکان بونە دەسەلاتدار و زەیدیەکان دەسەلاتی خۆیان لەدەستدا، بەلام لەوکاتەوە لەم دۆخە نارازی بوون و بەدوای هەلێکدا دەگەران کە لەدژی حکومەتی ناوەندی راپەرن.
5- دەوڵەتی پێشووی یەمەن بەسەرۆکایەتی(عەلی عەبدوڵلا ساڵح) و بەهاوکاری بنەماڵەی(ئال ئەحمەر) و بەپشتگیری عەرەبستانی سعودی سەرسەختانە لەدژی حوسیەکان جەنگان و سەرکوتیان کردن.
6- لەماوەی (10)ساڵی رابوردوودا، هێرش و پەلاماری هێزەکانی دەوڵەت بۆسەر حوسیەکان لەسەعدە بەردەوام بووە، لەبەرامبەریشدا ئەوان سەرسەختانە بەرگریان لەخۆیان کردووە، بەدرێژایی ئەم ماوەیە شەش جەنگی گەورە و درێژخایەن رویانداوە، کە لەسەرەتای هەڵگیرسانی ئەم جەنگانەدا بوو لەساڵی 2004 (حسێن بەدرەدین حوسی) سەرکردەی حوسییەکان و ئەنساروڵلا کوژرا.
7- جەنگی دووەمی سەعدە لەمارسی 2005دا دەستیپێکرد و ماوەی سێ مانگی خایاند.
8- جەنگی سێهەم لەتشرینی دووەمی 2005دا روویدا

و تا سەرەتای 2006 درێژەی کێشا، هەر لەم جەنگەدا بوو کە بەفەرمی(عەبدولملیک بەدرەدین حوسی) بووە سەرکردەی حوسیەکان و ئەنساروڵڵا.

9- (عەبدولملیک حوسی)، ساڵی 1979 لەسەعدە لەدایکبووە، دوای کوشتنی (حسێن)ی برای سەرکردایەتی ئەنساروڵڵا و حوسیەکانی گرتە ئەستۆ و توانی بەهۆی نائارامییەکانی یەمەنەوە، دەسەڵاتی لەروبەرێکی فراوانی یەمەندا بەرین بکاتەوە.

10- جەنگی چوارەم ماوەی حەوت مانگی 2007ی خایاند و جەنگی پێنجەمیش چوار مانگی 2008ی خایاند.

11- توندترین جەنگ جەنگی شەشەم بوو کە لەساڵی 2009دا دەستیپێکرد و هێزی ئاسمانی و زەمینی سعودیەش یارمەتی دەوڵەتی یەمەنیدا، هێزەکانی پاکستانیش بەشداری ئەم شەڕەیان کرد.

12- شەڕ و زۆرانبازی بەردەوام حوسیەکانی کرد بەهێزێکی کارا، بەئەزمون، کردە لەگۆڕەپانی سیاسی، سەربازی ئەو وڵاتەدا کە سەرسەختانە داکۆکیان لەخۆیان کرد.

13- سەرهەڵدانی بزوتنەوەی بەهاری عەرەبی لەیەمەن کە(عەلی عەبدوڵڵا ساڵح)ی ناچار بەهەڵاتن لەوڵات کرد، پێگەی حوسیەکانی بەهێزتر کرد، کاتێك کە(عەبد رەبە مەنسور)بەسەرۆك کۆماری ئەو وڵاتە هەڵبژێردرا، پشێویی و نائارامی سەرتاسەری یەمەنی

گرتەوە، حوسیەکان روبـەری دەسەڵاتیان فراوانتر کردەوە و (ئەنسارولڵا) و هەوادارانی(عەلی عەبدولڵا ساڵح)ی سەرۆك کۆماری پێشوش چووە پاڵیان.

14- حوسیەکان دژ بە گواستنەوەی دەسەڵات لە(عەلی عەبدولڵا سـاڵح)ەوە بۆ(عەبد رەبـە هـادی) بـوون، هەربۆیە ئەگەر پێشتر خوازیاری ئەوە بووبن، خۆیان ناوچەکانی خۆیان بەرێوەبەرن، بەڵام ماوەی ساڵێکە خـەون بـەوەوە دەبینن سەرتاسەری یەمەن بخەنە بنەدەستی خۆیانەوە و حکومی هەموو وڵات بکەن لەبری سوننەکان.

15- لەسەردەمی (عەبد رەبە هـادی)دا یەمەن بوو بەبەهەشتی رێکخراوی قاعیدە، وەهابی، سەلەفیەکان، کە بەهاوکاری چەکدارانی (ئال ئەحمەر) هەمویان لەدژی حوسیەکان بوون.

16- حوسیەکان لەرێگەی تێکشکاندنی سەلەفیەکان، ئال ئەحمەر و هێزەکانی دەوڵـەتـەوە، لەسەرەتای 2014ەوە بەردەوام هێز و توانایان لەهەڵکشاندا بوو لەیەمەندا.

17- حوسیەکان لەئەیلولی 2014دا، سەنعای پایتەختی یەمەنیان کۆنترۆڵ کرد و لەسەرەتای 2015ەشەوە دەستیان گرت بەسەر کۆشکی سەرۆکایەتی و پەرلەمان و فەرماندەیی سوپادا.

18- حوسیەکان ماوەی (10)ساڵە لەدژی دەسەڵاتی

**ناوەندی دەجەنگن، ئەوان کەمینەیەکی گەمارۆدراوی شاری سەعدە بوون، بەکۆمەکی ئێران و حزبوڵای لوبنان زۆربەی وڵاتی یەمەنیان خستە بندەستی خۆیانەوە، بەڵام ئایا توانای خۆڕاگریان هەیە لەبەردەم هێرشەکانی سعودیە و هاوپەیمانانیان؟.** [1]

1- ئاوێنە، ژمارە 472، 2015/3/31.

# 22 وڵاتی عەرەبی... سامانی زۆر... کەمینەیەکی دەوڵەمەند و هەژاری زۆرینە

شاری گەشتیاری(شرم الشیخ)ـی باکوری خۆرهەڵاتی میسر، بە ئامادەبوونی سەرۆك و نوێنەرانی(22)وڵاتی عەرەبی، کۆبوونەوەی لوتکەی عەرەبی لە خۆگرت.
لەخوارەوە پوختەیەکی گشتی چەند ئامارێك لەسەر وڵاتانی عەرەبی دەخەینەروو:
یەکەم: 9,6% روبەریەتی لەجیهان، 5,2% ژمارەی دانیشتوانەکەیەتی:
رووبەری گشتی ناوچەی عەرەبی لە 13,3 ملیۆن کیلۆمەتر پێکدێت، بە واتای 9,6% لە کۆی رووبەری جیهان، ژمارەی دانیشتوانی بریتیە لە 370 ملیۆن کەس، یەکسانە بە5,2% لە کۆی دانیشتوانی گۆی زەوی، ژمارەی هێزی کار بریتیە لە 130 ملیۆن کارکەر بەپێی سندوقی نەختینەی عەرەبی بۆ ساڵی 2013.
دووەم: 2,7 ترلیۆن دۆلار کۆی بەرهەمی گشتی ناوخۆیی: ناوچەی عەرەبی بۆ ساڵی 2013 بەپێی راپۆرتەکان، 16% بۆ ولایەتە یەکگرتوەکان و 55% بۆ ژاپۆنە لە ساڵی 2013.
سێیەم: لەنێوان دەوڵەمەند و هەژار:

ژیانی ناوەند چارەنوسی تاکی عەرەبییە لە کۆی گشتی کە نزیکەی 16هەزار دۆلاری ساڵانەیە، بەڵام ئەو چارەنوسە جیاوازییەکی یەکجار زۆر لە نێوان وڵاتە عەرەبییەکان بەخۆوە دەبینێت، کە قەتەر بە 93 هەزار دۆلار بەرانبەر 1600 دۆلار بۆ جیبۆتی و جزر قەمەریش لە کۆتایی ریزبەندییەکە بە 815 دۆلار دێت.

چوارەم: 22,9 ملیۆن بەرمیل نەوت رۆژانە:

بەرهەمی وڵاتە عەرەبییەکان لە نەوتدا بەرانبەر 30,3% لە بەرهەمی جیهانییە بە پێی راپۆرتەکانی ساڵی 2012، کە 55,8% لە یەدەگی نەوتی جیهانی، کە وڵاتە عەرەبییەکان 17,2% غازی سروشتی بەرهەم دەهێنن و 27,3% یەدەگی جیهانی لە غازی سروشتی پێکدێنێت.

پێنجەم: 674 ملیار دۆلار هەناردەی نەوت.

شەشەم: 1,3 ترلیۆن هەناردەی ساڵانە لە کەلوپەل:

لەوڵاتە عەرەبییەکاندا بەرانبەر 7% لە هەناردەی جیهانییە، هاوردەی کەلوپەلی عەرەبی بریتیە لە 874 ملیار دۆلار، ئاڵوگۆڕی نێوان وڵاتانی عەرەبیش نزیکەی 8,6% ە.

حەوتەم: 203,5% ملیار دۆلار قەرزی گشتی دەرەکی، 22,3% لە کۆی بەرهەمی ناوخۆیی، نرخی خزمەتی ساڵانە(قازانج و قەرز)، نزیکەی 15,2% ملیار دۆلار ساڵانە.

هەشتەم: 120 ملیار دۆلار نرخی خەرجی سەربازی لە وڵاتە عەرەبییەکاندا لە ساڵی 2013.

# بیۆگرافیای کۆماری یەمەن [1]

| | |
|---|---|
| پایتەخت | سەنعا |
| زمانی فەرمی | عەرەبی |
| هۆزو خێڵەکان کاریگەرەکان | هەمدان، حومێر، کندە، مزحەج، بەنو تەمیم، ئەلمەعافر، خۆلان، ئەلهاشمیە، ئەلئەزد |
| سیستمی سیاسی | کۆماری |
| سەرۆك کۆمار | عەبدڕەبە مەنسور هادی |
| سەرۆك وەزیران | محەمەد سالم باسندوە |
| یەکێتی یەمەن | 22ی ئایاری 1990 |
| دەسەڵاتی یاسادانان | ئەنجومەنی نوێنەران – ئەنجومەنی شورا |
| سەربەخۆیی | 26ی کانوونی دووەمی 1962 |
| رووبەر | 527,970 کیلۆمەتر چوارگۆشە |

| | |
|---|---|
| ڕێژەی دانیشتوان | 24,771,809 ملیۆن کەس |
| چڕی دانیشتوان | 44,7 کیلۆمەتر چوارگۆشە |
| تێکرای داهاتی ناوخۆ | 63.400 ملیار دۆلار |
| داهاتی تاکەکەس | 2627 دۆلار- ساڵانە |
| ئاستی گەشەی مرۆیی | 0.462 (نزمە) |
| دراو | ریاڵی یەمەنی (YER) |
| ئاراستەی رۆیشتن | لای راست |
| کۆدی ئینتەرنێت | .Ye |
| کۆدی تەلەفۆنی نێودەوڵەتی | + 967 |

1. سابیر عەبدوڵڵا، ئایدیا دیپلۆماتیک، ژمارە (12).

## دیارترین حزبە سیاسییەکانی یەمەن

| زنجیرە | ناوی حزبی سیاسی |
|---|---|
| 1 | گردبوونەوەی یەمەن بۆ چاکسازی |
| 2 | حزبی کۆنگرەی نیشتمانی گشتی |
| 3 | حزبی سۆسیالیستی یەمەن |
| 4 | ڕێکخراوی یەکبوونی میللی ناصری |
| 5 | حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستی یەمەنی |
| 6 | حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستی نەتەوەیی |
| 7 | حزبی حەق |
| 8 | حزبی ناصری دیموکراتی |
| 9 | حزبی راستکردنەوەی میللی ناصری |
| 10 | حزبی بەرەی رزگاریخواز |
| 11 | حزبی یەکگرتووی رەشاد |
| 12 | حزبی کۆمەڵایەتی نەتەوەیی |

| | |
|---|---|
| 13 | بەرەی نیشتمانی دیموکراتی |
| 14 | حزبی ئازادیخوازی میللی یەکگرتوو |
| 15 | حزبی رەئی |
| 16 | حزبی یەکبوونی میللی یەمەنی |
| 17 | حزبی گەلی دیموکراتی (حشد) |
| 18 | رێکخراوی سێپتەمبەری دیموکراتی |
| 19 | گردبوونەوەی یەکبوونی یەمەن |
| 20 | حزبی رابیتەی یەمەنی |
| 21 | یەکێتی هێزە جەماوەرییەکانی یەمەن |
| 22 | حزبی سەوزی کۆمەڵایەتی |
| 23 | یەکێتی دیموکراتی هێزە جەماوەرییەکان |
| 24 | حزبی بونیاتنان و گەشەپێدانی یەمەن |
| 25 | یەکێتی هێزە جەماوەرییەکان |
| 26 | حزبی لیبرالی یەمەن |

# گرنگترین پارێزگاکانی یەمەن

| ژ | ناوی پارێزگا | ژمارەی دانیشتوانی |
|---|---|---|
| 1 | پارێزگای سەنعا | 1,048,310 |
| 2 | پارێزگای تەعز | 2,727,186 |
| 3 | پارێزگای ئەلحەدیدە | 2,470,703 |
| 4 | پارێزگای ئیب | 2,422,013 |
| 5 | ئەمانەتی پایتەخت | 2,022,867 |
| 6 | پارێزگای حیجە | 1,683,554 |
| 7 | پارێزگای زمار | 1,514,297 |
| 8 | پارێزگای حەزرەمەوت | 1,181,863 |
| 9 | پارێزگای عیمران | 1,002,099 |
| 10 | پارێزگای لەحج | 825,794 |
| 11 | پارێزگای سەعدە | 791,823 |
| 12 | پارێزگای عەدەن | 684,322 |
| 13 | پارێزگای ئەلمحویت | 564,067 |
| 14 | پارێزگای البیچاو | 656,811 |
| 15 | پارێزگای الچالع | 537,243 |
| 16 | پارێزگای شبوە | 536,594 |
| 17 | پارێزگای ئەبین | 497,231 |
| 18 | پارێزگای ئەلجەوف | 503,151 |
| 19 | پارێزگای ریمە | 448,550 |
| 20 | پارێزگای مەئرەب | 271,855 |
| 21 | پارێزگای ئەلمەهرە | 101,701 |

## خشتەی ڕێژەی موسوڵمانان، شیعە و سوننە لە جیهاندا [1]

| وڵات | ژ. دانیشتوان | ڕێژەی موسوڵمانان | ژمارەی شیعە | ڕێژەی شیعە | ژمارەی سوننە | ڕێژەی سوننە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەفغانستان | 33.609.937 | 100% | 6.721.987 | 19% | 26.887.950 | 80% |
| عەرەبستانی سعودی | 26.686.633 | 100% | 4.302.995 | 15% | 24.383.638 | 85% |
| سۆماڵ | 9.832.017 | 100% | 0 | 0 | 9.832.017 | 100% |
| مۆریتانیا | 3.129.486 | 100% | 0 | 0 | 3.129.486 | 100% |
| تورکیا | 76.805.524 | 99.8% | 15.330.383 | 20% | 61.321.530 | 80% |
| جەزایر | 34.178.188 | 99% | 0 | 0 | 33.836.406 | 100% |
| یەمەن | 23.822.783 | 99% | 10.848.895 | 46% | 12.735.660 | 54% |
| مەغریب | 34.859.364 | 98.7% | 0 | 0 | 34.406.192 | 100% |
| ئێران | 75.669.000 | 98% | 59.122.063 | 91% | 5.859.063 | 9% |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بیابانی رۆژئاوا | 405.210 | 99% | 9000 | 0 | 291.000 | 100% |
| مالدیڤ | 396.334 | 99% | 15000 | 5% | 285000 | 95% |
| تونس | 10.486.339 | 98% | 0 | 0 | 10.071.080 | 100% |
| عەمان | 3.418.085 | 98% | 68.362 | 2% | 3.281361 | 98% |
| عێراق | 28.945.657 | 97% | 18.091.036 | 64% | 9.926.257 | 36% |
| لیبیا | 6.310.434 | 97% | 0 | 0 | 6.121.121 | 100% |
| ئیمارات | 4.798.491 | 96% | 767.759 | 17% | 3.838.792 | 83% |
| پاکستان | 176.242.949 | 95% | 35.248.590 | 21% | 132.182.212 | 79% |
| سینیگال | 13.711597 | 94% | 549.900 | 1.5% | 10.448.100 | 98.5% |
| ئەردەن | 6.342.948 | 94% | 126.859 | 2% | 5.835.512 | 98% |
| جیبۆتی | 516.055 | 94% | 0 | 0 | 485.092 | 100% |
| ئازەربایجان | 8.795.000 | 98.4% | 1.320.000 | 85% | 2.389.215 | 15% |
| میسر | 83.082.869 | 90% | 830.829 | 1.1% | 73.943.753 | 98.9% |
| سوریا | 20.178.485 | 90% | 3.026.773 | 17% | 14.932.079 | 82% |
| تاجیکستان | 7.349.145 | 90% | 367.457 | 6% | 6.246.773 | 94% |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| گامبیا | 7.782.893 | 90% | 0 | 0 | 1.604.604 | 100% |
| تورکمانستان | 4.884.887 | 89% | 185.120 | 4% | 4.442.880 | 96% |
| ئۆزبەکستان | 27.606.007 | 88% | 1.393.920 | 6% | 21.838.080 | 94% |
| ئیندۆنیزیا | 240.271.522 | 86.1% | 1.952.720 | 1% | 193.319.280 | 99% |
| گینیا | 10.057.975 | 85% | 242.250 | 1% | 7.832.750 | 99% |
| کوەیت | 2.691.158 | 85% | 686.245 | 30% | 1.601.239 | 70% |
| بەگلادیش | 156.050.883 | 83% | 6.484.075 | 5% | 123.197.434 | 95% |
| بەحرەین | 727.785 | 81.2% | 545.839 | 92% | 45.122 | 8% |
| نەیجر | 15.306.252 | 80% | 612.250 | 5% | 12.889.476 | 95% |
| قەتەر | 833.285 | 77.5% | 133.326 | 21% | 658.295 | 79% |
| قیرقیزستان | 5.431.747 | 75% | 117.000 | 3% | 3.783.000 | 97% |
| سۆدان | 41.087.825 | 70% | 586.920 | 1% | 24.759.080 | 99% |
| ئەلبانیا | 3.639.453 | 70% | 540.000 | 30% | 1.580.000 | 70% |
| لوبنان | 4.017.095 | 59.7% | 1.446.154 | 60% | 883.761 | 40% |
| مالیزیا | 25.715.819 | 53% | 280.600 | 2% | 11.749.400 | 98% |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| فەلەستین | 10.100.000 | 39% | 21.760 | 0.54% | 3.973.240 | 99.46% |
| فەڕەنسا | 64.057.792 | 7.5% | 358.800 | 6% | 4.621.200 | 94% |
| مەغۆلستان | 3.041.142 | 4% | 8.000 | 5% | 152.000 | 95% |
| ئاڵمانیا | 82.329.758 | 3.7% | 306.000 | 20% | 2.754.000 | 80% |
| بەریتانیا | 61.113.205 | 2.7% | 400.000 | 10% | 3.600.000 | 90% |
| کەنەدا | 33.487.208 | 1.9% | 62.000 | 10% | 558.000 | 90% |
| چین | 1.338.612.968 | 1.5% | 3.128.880 | 8% | 35.982.120 | 92% |
| ئەفریکای باشوور | 49.052.489 | 1.5% | 93.800 | 10% | 844.200 | 90% |
| بەرازیل | 184.200.000 | 1% | 276.300 | 30% | 644.700 | 70% |
| ئەرجەنتین | 38.600.000 | 1% | 50.000 | 10% | 450.000 | 90% |
| ئوستralیا | 21.262.641 | 1.5% | 28.000 | 10% | 252.000 | 90% |
| ئەمەریکا | 307.121.123 | 0.6% | 368.654 | 20% | 1.474.617 | 80% |
| ئیتالیا | 58.700.000 | 0.51% | 2.500 | 5% | 47.500 | 95% |

1. ئا: ئارام مەحموود، لە گۆڤاری ئایدیا دیپلۆماتیک، ژمارە ١٨-١٩ بڵاوکراوەتەوە.

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نەیجیریا | 149.229.090 | 50% | 3.287.500 | 4.77% | 56.462.500 | 95.23% |
| تانزانیا | 36.500.000 | 50% | 1.095.000 | 6% | 17.155.000 | 94% |
| بورکینافاسۆ | 15.746.232 | 50% | 208.500 | 1% | 6.741.500 | 99% |
| ئەریتریا | 5.647.168 | 50% | 0 | 0 | 2.823.584 | 100% |
| قەزاقستان | 15.399.437 | 47% | 354.850 | 5% | 8.252.150 | 95% |
| کۆت دیڤوار | 20.617.068 | 38.6% | 436.800 | 1% | 10.483.200 | 99% |
| مەکدۆنیا | 2.066.718 | 33.3% | 6.300 | 1% | 623.700 | %99 |
| ئەسیوپیا | 85.237.338 | 32.8 | 0 | 0 | 27.957.847 | 100% |
| بنین | 8.791.832 | 24.4 | 50.400 | 1% | 1.629.600 | 99% |
| غانا | 23.832.495 | 15.9 | 1.118.000 | 12.72% | 8.712.000 | 87.28% |
| هیندستان | 1.166.079.217 | 13.4% | 23.438.192 | 15% | 132.816.423 | 85% |
| روسیا | 140.041.247 | 12.5% | 1.212.000 | 8% | 13.488.000 | 92% |
| بولغارستان | 7.700.000 | 12.2% | 89.000 | 10% | 801.000 | 90% |
| ئۆگەندا | 32.369.558 | 12.01% | 301.280 | 7% | 4.002.720 | 93% |
| کینیا | 39.002.772 | 10% | 560.000 | 7% | 7.440.000 | 93% |

## سەرچاوەکان

• کتێبە کوردیەکان:

1. ئەنوەر حسێن، پرۆستڕویکای بەهاری عەرەبی، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە، 2014.

2. ئەنوەر حسێن، کورد لە ئاڵوگۆڕانکاریەکانی عێراقدا، لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی، 2005.

3. ئەنوەر حسێن، کوردو قەیرانەکانی عێراق، لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی،2007.

4. موعتەسەم نەجمەدین، ئەمریکا سەرکەوتن و پاشەکشێ، (بەرجەستەبوونی سیستمێکی نوێی فرە جەمسەریی جیهانی)، چاپی یەکەم، 2015.

5. کۆمەڵێک نوسەر، داعش و داعشناسی، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە، چاپی یەکەم، 2015.

6. چەند نوسەرێك، و. لە فارسیەوە: ئارام مەحمود، جارێکی تر دەربارەی سەلەفیزم، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای میللەت، 2014.

7. پاراگ خانا، و. لە عەرەبیەوە: هەڵکەوت عەبدوڵڵا، جیهانی دووەم، دەسەڵات و دەستڕۆیشتن لە سیستمی نوێی جیهاندا، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، 2014.

8. فرانسوا تـوال، و. بۆ فارسی: کە تایون باسر، و. لە فارسیەوە: بەختیار ئەحمەد ساڵح، جیۆپۆلیتیکی شیعە، سلێمانی 2014.

9. جەنگیز چاندار، و. لە تورکییەوە: زریان رۆژهەڵاتی، شەمەندۆفێری میزۆپۆتامیا، ، لە بڵاوکراوەکانی کوردستانی نوێ، 2015.

10. سەجعان میلاد ئەلقزی، لە عەرەبییەوە: سابیر عەبدوڵڵا کەریم، گۆڕینی ڕژێم و شۆڕشەکان، (ئەو ڕووداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە)، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە، چاپی یەکەم، 2015.

• كتێبە عەرەبییەکان:

11. سكوت ريتر، استهداف إيـران، (حقيقة الخطط التي يعدها البيت الأبيض لتغيير النظام)، الدار العربية للعلوم - ناشرون (ش.م.ل)، الطبعة الأولى، 2007.

12. فؤاد إبراهيم، الشيعة في السعودية، الدار العربية الساقي، الطبعة الأولى، 2007.

13. فؤاد خليل، الثورة العربية، (مقالات فلسفية و سوسيولوجية)، الدار العربية الفارابي، الطبعة الأولى، 2014.

14. ميشال نوفل، عودة تركيا إلى الشرق، (الاتجاهات الجديـدة للسياسة التركية)، الـدار العربية للعلوم ناشرون(ش.م.ل)، الطبعة الأولى، 2010.

15. يورغن نيلسن، المسلمون في أوروبا، الدار العربية الساقي، الطبعة الأولى، 2005.

16. شيفا بالاغاي، ولين جامبرت، ترجمة: حنان ادوار سلمون، صور من إيران، (الفن، و المجتمع و الثورة)، الدار العربية للعلوم - ناشرون(ش.م.ل)، الطبعة الأولى، 2006.

17. دستور جمهورية العراق لسنة 2005.

18. دلاور عثمان مجيد، دستور جمهورية العراق السنة 2005، من منشورات اكاديمية التوعية و تاهيل الكوادر، 2012.

• کتێبە فارسیەکان:

19. جمهوری ترکیه، دوره جدید مباحث کشورها و سازمانهای بین المللی/ 2/ دفتر مطالعات سیاسي و بین المللي، تهران، زمستان 1388.

20. معروف یحیی، ویژگیهای جغرافیایی قلمرویهای شیعەنشین (هیلال شیعی) مگالعات انقلاب اسلامی،1392

21. فرانسوا توال، ژئوپولوتیك شیعه، ترجمه دکتر علیرضا قاسم اغا تهران، نشر امن (باهمکاری مرکز مطالعات و تحقیقات اندیشه سازان نور)، 1379.

22. امیر محمد حاجي یوسفي، احمد سلطاني نژاد، سامان سیاسی در عراق جدید، مرکز چاپ و انتشارات وزارت امور خارجه، چاپ دوم، 1387.

• گۆڤار و رۆژنامە کوردیەکان:
23. گۆڤاری ئایدیا ژمارە 12.
24. گۆڤاری ئایدیا ژمارە 18-19.
25. سەردار عەزیز، ئێران و ئەمەریکا، رۆژنامەی ئاوێنە، ژمارە 460، سێشەممە 2015/1/6.
26. محەمەد شەهدی، سعود فەیسەڵ: ئێران وا خەریکە عێراق داگیردەکات، رۆژنامەی هەولێر، ژمارە 2096، 2015/3/10
27. کوژرانی حەمید تەقەوی، گۆڤاری سڤیل، ژمارە 262 شەممە 17-1-2015.
28. شیعە هەناوی خۆرهەڵاتی ناوەراست کۆنترۆڵدەکات، گۆڤاری شار، ژمارە 43، 1-2-2015، ل45-47.
29. سۆنێر کاجیتای، لەئینگلیزییەوە: هاوار عەبدولرەزاق، تورکیا ترسی لەدروستبوونی هاوپەیمانی شیعە هەیە لەرۆژهەڵاتی ناوەراست، گۆڤاری ئایدیا دیپلۆماتیك، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە، ژمارە 11، مارسی 2014.
30. خەبات، ژمارە 4772، 2015/4/2
31. ئاوێنە، ژمارە 473، 2015/4/7
32. خەبات، ژمارە 4775 ، 2015/4/7
33. خەبات، ژمارە 4787، 2015/4/26
34. ئاوێنە، ژمارە 472، 2015/3/31
35. هەواڵ، ژمارە 611، نیسانی 2015

• گۆڤار و رۆژنامه عەرەبیەکان:
36. احمد دیاب، فتوي الخميني بمصدر دم مؤلف (ايات شيطانية) فبصرت الصراع بين الاسلام و الغرب (دعاة الارهاب و حرية الاستفزاز) المجلة، العدد 1604، فبراير (شوبات)، 2015، ل33-34-35
37. فريد احمد حسن، ايران: التدخل في شؤون الدول واجبي، صحيفة الوطن، العدد 2731.
http://www.alwatannews.net
38. عاصفة الحزم.... السياق و الآهداف و التداعيات . الخليج الجديد، الانصات المركزى 6131
39. عاصفة الحزم و افاق الصراع الإقليمي، الانصات المركزى. العدد 6133
40. عاصفة الحـزم: وولادة نظام اقليمى جديد. مصطفى فحصب، صحيفة الشرق الآوسـط اللندنية 2015/3/31
41. المفوضية العليا المستقلة للانتخابات، اللجنة الانتخابية المستقلة – العراق، 10 شباط 2006.

سایتە ئەلیکترۆنیەکان:


42. http://fa.jaournals.sid.ir

43. http://bintjbeil.org

44. غالب حسن الشابندر، الشيعة في الشرق الاوسط الى اين؟ http://ejabat.google.com

45. سایتی البينة http://www.albainah.net

46. تريتا پاريس، ايا دوره نفرت ميان ايالات متحده و ايران سپرى شده؟ http://ir.mondediplo.com

47. سایتی میللەت www.milletpress.com

48. البحرين تصف تدخلات ايران في شؤونها الداخلية بانة و امر غير مقبول، جريدة الحياة، http://alhayat.com/articles/6s839s0

49. حمزة المجيدي، اليمن فى 2015 صراعات اقليمية و مصير مجهول. http: //noonpost/net/content

50. دول الخليج: لن نقف مكتوفي الايدي امام التدخلات باليمن - وكالة الانباء السعودية http:/21arabi.com/stary

51. محمود البدويا، همزة هاشم: مخططات ايران تستجلي في اليمن لاستعادة هيمنة الفرس http://www..elwatannews.com

52. العلاقات اليمنية-الايرانية–ويكيبيديا، الموسوعة الحرة

http://ar.wikipedia.org/wiki
53. انقلاب اليمن http:/ar.wikipedia.org
54. مجلس الامـن، يصوت اليوم علي قـرار بسحب الحوثيين قواتهم، جريدة الشرق الاوسط، الاحد 15/ فبراير
http//a.awsat.com/ home/article 2015/
55. http://middle-east-online.com
56. پيتر هارلينگ(peter harling) ، حكومت هاى شبح درخاور نزديك، أشوب عراق نشانه چيست؟
http://ir.mondediplo.com/ article2180.html
57. محمد نورالدين، لماذا تدعم تركيا «داعش» السفير، 2014
www.assafir.com
58. العربي: تدخلات ايـران لشؤن البحرين تهديد لاستقرار الخليج http//www.egynews.net
59. محمد يوسف، قنبلة نووية فارسية و ليست اسلامية، المشروع الشيعي في المنطقة، تحالفات و دلالات، موقع اسلام ديلي.
http://www.islamdaily.org/ar/ general/11779.article.htm
60. عماد صادق العلوان، خرافات الهلال الشيعي.. المثلث السنيى و داعش وما بينهم، العراق تايمز
http://aliraqtimes.com/ar

61. بهاء الدين الزهري، سوريا و المشروع الصفوي الايراني
http:/www.alukah.net/culture
62. حماس و حزب اللة، ماتجمعها ايران لاتفرقهما سوريا، ميدل ايست اونلاين، فبراير 2014.
http://www.middle-east-online.com
63. قناة العربيه، كۆنگرەی رۆژنامەوانی بارزانی و زەریفی.
http://www.alarabiya.net/ar/arab-and-world/iraq/201426/08/
64. العامري يشيد بفضل ايران و سليماني في انقاذ حكومة العبادي
http://middle-east-online.com/?id=191617
65. ردوو افعال يمنية متباينة بشأن عاصفة الحزم.
http://www.aljazeera.net/news/reportsandinterviews/201529/3/
66. خارطة المصالح الدولية باليمن، نون بوست
http://www.noonpost.net/content/6008

67. السعودية و المبادرة العسكرية في اليمن، صحفية واشنطن بوست
http://www.alittihad.ae/details.php?id=31082&y=2015&article=full

68. مخاوف من تحول عاصفة الحزم الى حرب بالوكالة بين السعودية و ايران، صحيفة الوفد
http://alwafd.org/
69. الجيوش العربية: نجوم التصنيفات. صحيفة السفير اللبنانية.
http://assafir.com/Article/410647/RelatedArticle
70. تقيم التهيدات حول العالم، معهد واشنطن لسياسات الشرق الادنى.
http://www.washingtoninstitute.org/ar/policy-analysis/view/changing-iran-trends-in-the-worldwide-threat-assessment
71. ولاء الشيعة لمن؟
http://altanweer.net/article

## چاپكراوەكانی نووسەر

**1-خوێندنەوەیەك بۆ مەسەلەی گۆڕانی سیاسی لەعیراقدا**
(لێكۆڵینەوەی سیاسی) 2003

**2-تیرستان**
(گۆشەی رۆژنامەنووسی) 2003

**3-قەدەر**
(شیعر) 2003

**4-كورد لەئاڵوگۆڕانكارییەكانی عیراقدا**
(لێكۆڵینەوەی سیاسی) 2005

**5-ئاشنایی بە ئەفلاتوون**
(پێشەكی و پێداچوونەوە) 2005

**6-ئاشنایی بە ئەرستۆ**
(پێشەكی و پێداچوونەوە) 2006

**7-فایل**
(گۆشەی رۆژنامەنووسی) 2006

**8-یاداشتەكانی رۆژانی تەنیایی، گابریێل گارسیا ماركیز**
(پێشەكی و پێداچوونەوە) 2008

**9-دۆکیومێنت**

(گۆشەی رۆژنامەنووسی) 2008

**10-رۆمانێك لەگفتوگۆدا - چەند دیدار سەبارەت بەشاری مۆسیقارە سپیەکانی بەختیار عەلی**

(دیدارو چاوپێکەوتن) 2006

**11-کورد و قەیرانەکانی عیراق**

(لێکۆڵینەوەی سیاسی) 2008

**12-دیدار لەگەڵ سێ شاعیری چەپی کوردستانی ئێران**

(دیداری ئەدەبی) 2009

**13-لەئارێزەوە تا سازو زوڵفا**

(دیدار و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی) 2010

**14-چاوەکانی باران**

(شیعر) 2010

**15-عێراقی مۆزایك و ناهۆمۆجین**

(لێکۆڵینەوەی سیاسی) 2011

**16-کاتی دواین قسەیە**

(گۆشەی رۆژنامەنووسی) 2011

**17-مۆدێلی حزبایەتی لەکوردستان**

(لێکۆڵینەوەی سیاسی) 2011

**18-لۆژیك، ئەپستمۆلۆژیا، میتافیزیك لە دیدیی فەلسەفیەو**

(فەلسەفە) 2011

**19-سەردەمی چاوەڕوانی**

(شیعر) 2012

**20-پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی**

(لێکۆڵینەوەی سیاسی) 2012

**21-قەقنەسێك بەسەر ئاویەرەوە**

(دیدار لەگەڵ مەزهەری خالقی) 2012

**22-شاهێنی ئاناوازا**

(دیدار لەگەڵ عەبدوڵڵا حەسەن زادە) 2012

**23-گوڵە گەنمێکی قەرسیلی سەوز**

(دیدار لەگەڵ ناسر رەزازی) 2012

**24-ملوانکەی شین، دیوانی شیعری شەریف**

(کۆکردنەوە و پێشەکی بەهاوبەشی لەگەڵ لوقمان رەئوف)(شیعر) 2013

**25-دیوانی بۆ ئازادی،**

دیوانی شیعری مصلح شێخولئیسلامی (رێبوار) کۆکردنەوە و ئامادەکردن وپێشەکی (شیعر) 2013

**26-چۆن بۆت بدوێم**

دیوانی شیعری ئەحمەد بازگر کۆکردنەوە و ئامادەکردن و پێشەکی، (شیعر) 2013

**27-رۆڵی یەکێتی لە دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگەی کوردستان**

(لێکۆڵینەوەی سیاسی) 2013

**28-مەلا بەختیار-گوتاری ئەنکەرە، وەرچەرخانی هاوچەرخی کوردایەتی**

(وتاری سیاسی) 2013

**29-پێگەی خۆرهەڵاتی کوردستان لە کۆنگرەی نەتەوەیدا**

(دیدار و چاوپێکەوتن) 2013

**30- لە قەندیلەوە بۆ کۆبانی**

(دیدار لەگەڵ جەمیل بایك هاوسەرۆکی pkk و موراد قەرەیلان ئەندامی کۆنسەی سەرۆکایەتی pkk) (دیدار و چاوپێکەوتن) 2015

**31- هەژمونی پەکەکە دوای سەرهەڵدانی داعش**

(سیاسی) 2015